عەلی مەحمود محەمەد

# چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کۆمەڵکوژییەکان

کوردستان – کەرکووک

کۆتایی 2006




pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

## پێشکەشە بە :

* هەموو قوربانیانی ئەنفال
* خوناوی کچم
* فرێد تەیفن
* کریستا
* مارتین
* هەموو ئەو خەمخۆرانەی کاریان بۆ هەڵەبجەو ئەنفال کردووە



ناوی کتێب: چەند لاپەڕەیەکی شاراوە لە مێژووی کۆمەڵکوژییەکان

❖ ناوی نووسەر: عەلی مەحمود

❖ چاپی یەکەم – کۆتایی 2006

❖ پیتچنین: سەرکەوت عەلی

❖ نەخشەساز: ڕەوەند کەریم

❖ چاپخانە: چاپخانەی ئارابخا- کەرکوک

❖ تیراژ: (500)

## پێڕست

- پێشەکی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

- دەستپێك
- جەنگی هاوبەشی پێشمەرگە لەگەڵ ئێران
- شەڕی حاجی ئۆمەران و قڕکردنی بارزانییەکان
- ئازادکردن یان وێرانکردنی هەڵەبجە
- ڕێگە گرتن لە دەرباز بوونی خەڵکی شاری هەڵەبجە
- دیرۆکی تالانکردنی بانکەکەی هەڵەبجە
- چارەنوسی پێشمەرگەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات
- ئەو پارتانەی پاسداریان نەهێنا
- ڕێگە گرتن لە خۆڕزگارکردنی لادێنشینەکان
- کۆتایی
- سەرچاوەکان
- نامەکان

## پێشەکی

ئایا تاکو ئێستا پاش 18 ساڵ لەو کارەساتە گەورەیە, پاش نوسین و نوسینەوەی دەیان هەزار لاپەڕەی ڕۆژنامەو سەدان پەرتووک و دەیان



فلیم , کورد توانیوییەتی ئەنفال بە مێژوو بکات ؟ , ئەگەر توانراوە کوا زانیاریمان لەسەر تەواوی لق و پۆپەکانی ئەنفال ؟ , ئەگەریش نەکراوە , کەم هێنان و کەم و کوڕییەکانمان کامانەن و لە کوێوەن ؟ .

بە بڕوای من بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەنفال, پێویستمان بە ئەنتەرڤیوی هەموو ئەوانە هەیە لەو سەردەمە, لەو کات و ساتە , لەو جێگە و ولات و دەڤەرە, بەشێك بوونە لەئۆپەراسیۆنەکە, ئەکتەر بوونە لە نمایشەکە, بەجەماوەر, پێشمەرگە, جاش, سەرباز , بەعسەوە, بە هەموو مرۆڤ و ئاوەدانی و زیندەوەر و جۆرە چەکێکەوە.

تاکو ئێستا ئەوەی قسەی لەسەر کراوە , تیشك خراوەتە سەری, ئاماژەی پێدراوە, مێژوو شێوەو شێوازی ئۆپەراسیۆنەکان و دڕندەیی بەعسە لە بەرامبەر جەماوەر, یاداشتی ڕزگاربوان و چیرۆکی دڕندەیی حەجاج و سەگەکەیەتی, وەلێ ئەوەی غائیبە لەم مێژووە , ئەوەی داپۆشراوە و شاردراوەتەوە لێمان , ئەوەی بزرە لە هەمووان , ئەوەی گومە لە مێژوو , ئەنتەرڤیوی ئەو هەموو لایەنانەیە بەشێك بوونە لە کردە سەربازییەکان , کە خۆیان لەم لایەنانە دەبینێتەوە :

– هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لەو کاتەدا کەم و زۆر , پشکدار بوونە لە بزاڤی چەکداری , پێویستە جەنگاوەران و فەرماندە سەربازییەکانی ئەوکاتیان , بە تایبەت ئەوانەی لەناو جەرگەی جوگرافیای ئەنفالەکان بوونە , یاداشت و هەڵوێستەکانی ئەوکاتی خۆیان , بیلایەنانەو



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

ڕاستگۆیانە بنووسنەوە , بیخەنە بەردەم جەماوەر و مێژوونووسان , تیایدا ڕاستگۆیانە و ئازایانە دان بە کەم و کوڕی و هەڵەکانیان بنێن .

— ئەو جاش و سیخوڕانەی لەو سەروبەندە بڕیارەکانی بەعسییان بە پراتیك کردووە , ئەکتیڤترین لایەن بوون لە خولقاندنی کارەساتەکان , تاکو ئێستا ئەمانە هیچ لێدوان و یاداشتێکیان نەداوە وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بەو کارەسات و ئۆپەراسیۆنانەوە نەبێت .

بۆ ئەوەی مێژووی ئەنفال لە مەرگ ڕزگار بکەین , پێویستە تەواوی زانیارییەکانیان لیَ دادۆشین , یان خۆیان ئارەزوومەندانە ئەو زانیاریانە بدەن , بە نهێنی یاخود لە ڕێگەی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی , یاخود کەس و کاری قوربانیان ڕایانکێشنە پای دادگای سەدام , هەرچەندە باوەڕم وایە ئەو دادگا گەورەیە تەیر ڕزگار ناکات , هەمووی ڕاپێچی لێپرسینەوە دەکات , یاخود بە پاڵەپەستۆی جەماوەری , بڕیاری لێبوردنە گشتییەی بەرەی کوردستانی پوچەڵ بکرێتەوە و هەنگاو بنرێت بۆ بە دادگایی گەیاندنیان , بەبیَ زانیاری ئەم توێژە ئەکتیڤ و خولقێنەرەی ئەنفال , نووسینەوەی مێژووی ئەو کارەساتە گەورەیە مەحاڵە , ئاخر مێژووی کارەساتەکە تەنها کروزانەوەی پاشماوە و ڕزگاربووانی کارەساتەکە نییە , بەڵکە پشکی گەورەی لای تاوانبارانی کارەساتەکەیە , ئەوان قوربانیانیان گرت و ماڵ و سەروەتیانیان تاڵانکرد و بەکۆمەڵ تەسلیمی بەعسیانیان کرد , دوا کەس و گروپ بوونە ئەو قوربانیانەیان بینیووە , چیرۆکەکانی پێش مەرگ



هەمووی لای ئەوان زیندانە , ئەبێت هەموو ئەو چیرۆك و بەسەرهات و تاوان و ڕسوایی و تاڵان و بڕۆیە ئازاد بکرێن , بۆ ئەوەی بچنە ناو مێژووی ئەنفالەوە .

- لێدوان و دانپێنانەکانی فەرماندەکانی بەعس , ئەوانەی بڕیاردەر و جێبەجێکەر و پارێزەری نهێنی کارەساتەکەن , لە حزبی و سەربازی و هەواڵگری , دادگایی سەدام تاکە دەروازەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە .

هاوکات لە لایەن جەماوەریشەوە , هێشتا کەلەبەرێك گەورە لە مێژووی ئەنفال بزرە , هێشتا زەمینەی تەواویان بۆ نەڕەخساوە تەواوی زانیاری و مێژووی کارەساتەکە بگێڕنەوە , ئەو مێژوەی لە جەرگەیدا ئەنفال ڕویداو و ئەنفالکران , کە بریتییە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەو پەرچەکرداری لایەنە چەکدارکانە لە گەڵیان لە پێش و سەروبەندی ڕوداو کارەساتەکە .

ئەم هەوڵە بچووکەی من دەروازەیەکە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنەی کە لە مێژووی ئەنفال هەیە , ئەویش بەشێکی بچووك لە دانپێنانی لایەنە چەکدارەکانی ئەوکات و هەڵوێست و کاردانەوەیان بەرامبەر بە جەماوەر , بە هیوام ئامانجێکی بچووکم پێکابێت , چاوەڕوانی هەنگاوی گەورەترم بۆ بە مێژووکردن و نووسینەوەی مێژووی ئەنفال .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

# دەستپێك

ئایا پێویستی ئەوە هاتووە پاش ئەم ماوە دوورو درێژە , پاش تێپەڕبوونی تەمەنێك لە كارەساتەكان , ئێستا بێین بە دوای نهێنییە كەشف نەكراوەكانی كارەساتەكانی " بارزانی و هەڵەبجە و ئەنفال"دا بگەڕێین ؟؟؟ , پەنجە بۆ ڕاستییە تاڵەكانیان درێژ بكەین , بڵێین ڕاستی ئەمەیە .



بە ڕاشكاوییەوە دەڵێم هەرگیزاو هەرگیز نابێت ترسمان لە گێڕانەوەی ڕاستییەكان هەبێت , چونكە ئەو ڕاستییانە مێژووی ئێمەن , ئێمە پاشماوەی گەلێكین بەڕێكەوت لە مەرگ ڕزگارمان بووە , خاوەند پەیامێكی گەورەین لە گەیاندنی چیرۆكی ئەو ڕزگاربوونەمان بە نەوەكانی داهاتوو , بۆیە ئەمڕۆ ماف خۆمانە بپرسین , كام پرسیاری گران و ترسناكە نابێت لە بیر و هۆش و ویژدانماندا بێ وەڵام بیهێڵینەوە , دەبێت وەڵامەكانیان بۆ هەموان ئاشكرا بكرێن , دەبێت قوربانیان لە هۆكارەكانی مەرگیان ئاگاداركرێنەوە , دەبێت ئەو ڕاستی و پرسیارانە لە ناخی خۆماندا زیندوبكەینەوە و ڕوح بكەینەوە بە بەریانا , تاكو گەیشتن بە وەڵامەكانیان نەوەستین , 18 ساڵە , 23 ساڵە ئێمە لەگەڵ ڕوحی ئەو كارەساتانە جیا نەبوینەتەوە , چركە بە چركە لە گەڵیاندا دەژێین , لەگەڵ دەردو مەینەت و ئێش و ئازارەكانیان ژیان بەسەر دەبەین , بۆیە هەموو پرسیار و گومانەكان بە زیندویی لە زیندانی بیرەوەرییە تاڵەكانماندا ماونەتەوە , چاوەڕوانی ئازادكردن دەكەن , ئێمە نەتوانیین پرسیارەكان ناخمان ئازاد بكەین ؟ , چۆن دەتوانیین خۆمان بە ئازادی بگەین ؟ دەبێت دووفاقی لە خۆمانا بكوژین و پرسیارە گەورەكان بكەین , كۆتایی بە دوالیزم لە ناخی خۆمان بهێنین , هەرچەندە ئەو پرسیارانە كۆتایی بە دانایی بەرپرسان و شكۆمەندی مێژوی سیاسی لایەنەكانیش بهێنێت , لەوانەیە هاوسەنگی و باڵانسی هەندێك كەس و تەنانەت لایەنیش تێك بدات , بەڵام هەر دەبێت بكرێن و بكرێنەوە تا دەگەین بە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

وەلاّم ، چونكە ئێمە هاوولاّتی لە مەرگ ڕزگاربووین ، مێگەلی بیّ دەسەلاّتی زەبوون نیین ، تاكو لە پرسیارەكان بڕەوینەوە .

دانە بە دانەی پرسیارەكان لە ناخی پاشماوەی قوربانیان ، لە ناو ئێسك و پرۆسكی ڕوفاتەكانی ناو لمی گەرمی بیابانەكان ، بەردەوام زیندوو دەبنەوە و نەشونما دەكەن ، پێویستە سیاسییەكانیش سەفەری پاكبونەوەی خۆیان دەست پیّ بكەن و دان بە تەواوی ڕاستییەكاندا بنێن ، خۆ لەو كەم و كوڕیانەی ڕابردوییان پاكبكەنەوە ، هەڵەكانانیان بەهانەیەك بوو بۆ هێنانی مەرگی بە كۆمەڵ بۆ ئەم گەلە ، پاكبونەوەی ئەوانمان بۆ ئەوە ناوێت تاوانباری سەرەكی ئەو كارەساتانە كە سەدام و بەعسە لەبیر بەرینەوە ، بەڵكە بۆ ئەوەیە بەعس بە هەموو پێكهاتەكانییەوە لە كۆمەڵدا بكوژین ، بە بیر و كردار ، ڕەفتار و قوماركردن بە ژیانی هاوولاّتیانەوە ، بە ملهوڕی و دكتاتۆرییەوە ... ، بۆیە دەبێت سەدام و بەعسیزم پاككبكەینەوە بۆ ئەوەی بژێین .

لە ڕێگەی دەستنیشانكردنەكانی كەموكوڕییەكانەوە ، پەند و ئەزموون لەو هەڵەو كەم و كوڕییانە وەربگرین ، تاكو لە داهاتوودا ئەم شێوە كارەساتانە بۆ گەلەكەمان دوبارە نەبنەوە ، جارێكی دیكە بە كۆمەڵ نەچینەوە بەردەم مەرگ ، سیاسییەكانیش تا ئەبەد هەموو كارێك بۆیان ڕەواو حەلاّل نەبێت ، هەتا ماویشن ترس و دڵە ڕاوكیّ دایان نەگرێت لە خوێندنەوەی ئەو هەلاّنەی لە ڕابردوو ئەنجامیان داوە ، دەبێت ئەو ڕاستییە چاك بزانن مێژوو كۆن دەبێت بەلاّم بەردەوام



سەرلەنویّ دەخوێنرێتەوە ، لە هەموو سەردەمێكیشدا خوێندنەوەی جیای بۆ دەكرێت ، تاكە ڕێگای پاك بوونەوە لە هەڵە سیاسییەكان ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتنە ، نەك ڕەفتاری دكتاتۆریانە و گویّ نەدانە خواستی خەڵك و خۆدزینەوەی لە وەلاّم .

با لێرەوە ، لەم پنتەوە پرۆڤە لەسەر ڕەخنە لە خۆگرتن بكەین ، بۆ دەبێت لێی بترسین ، ترس لە ڕەخنە دواڕۆژی مەرگی سیاسەتە ، سیاسەت هەموو دەم بە ڕەخنە دەژێت و نویّ دەبێتەوەو نەشونما و بالاّ دەكات ، لە لەرزین و هەژان ڕزگاری دەبێت ، با دەریای خوێن بەخشیینەكانمان لە مێژوا بە فیڕۆ نەچێت و ون نەبێت ، ئەو مێژووە موڵكی هەموومانە ، هەموومان پێكەوە خاوەندین ، بۆیە هەموو بۆمان هەیە قسەی لەسەر بكەین ، و نابێت ڕێگە بدەین كەلێن لە نووسینەوەیدا هەبێت ، بۆ خۆی ترسنۆكییە بازدان بەسەر مێژوودا و پەڕاندنی بڕگەكانی ، تەنانەت چەندە بچووكیش بێت ، ئێمەش بیپەڕێنن لە دواڕۆژ دەدۆزرێتەوە ، بۆیە تاكە یەك چركەش لە مێژوو ون نابێت و باز نادرێت بە سەریدا ، چاك و خراپی ئێمە خاوەندین ، چاكەكان مافی پاداشتی هەیە و خراپەكانیش لێپرسینەوە .

ئەمڕۆ ڕوحی سەدان هەزار قوربانی ئەو كارەساتانە ، داوای دادگایی و لێكۆڵینەوەمان لیّ دەكەن ، هەر چەندە دەسەلاّتدارە زیندووەكانی ئێستای كوردستان ، نیگەرانن باس لە شكستە چارەنووسسازەكانی ڕابردویان بكەین ، ئەوان پێیان ناخۆشە ئەو ڕابردووەی كە خۆیان



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

هەمووی بە پرشنگدار و سەرکەوتن دەزانن گومانی لێبکرێت ، ئۆباڵی گەورەترین تراژیدیای مرۆڤایەتی پشکێکیان لێی بەرکەوێت چەندە بچووکیش بێت ، چونکە ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە ، هەمووی یەکپارچە بە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خودی خۆیان و پارتەکەیان دەزانن ، نەك ئاکامی بەرهەمی گەمژەیی سەدام حوسێن و قوربانی جەماوەر بێت لە ڕاپەڕین .

کارەساتی قڕکردنی ( ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان ) بەشێکن لە یاداوەری نوێی گەلەکەمان ، گوزارشتکردن لێیان ، تەنها لە شێوەی تێکستی ئەدەبی دڵگیر و کایە کردن بە وشە و داستانە شیعری پڕ جۆش و خرۆش و ڕازاندنەوەی وتاری پەخشان ئامێزی دڵدارانە و دەرخستنی دیووی دڕندەیی ڕژێم و یاداوەری پڕ تراژیدی ڕزگاربووەکانی سەرو بەندی ڕوداوەکە و چرکە ساتەکانی دوواتر ، هیچ تازەگەرییەك بەرهەم ناهێنێت و هیچ ئیزافەیەك ناخاتە سەر هەموو ئەوانەی تاکو ئێستا نووسراون و وتراون ، هیچ ئەزمونێکی بە کەڵکیشی بۆ گەلەکەمان لیَ بەجیَ نامێنێت و بەرهەم ناهێنێت ، دەسەڵاتدارییەتی کوردیش ڕەواج بەم شێوە نووسینانە دەدات ، چونکە لێرەوە دەیەوێت پرسیارە گەورەکان لە بیر خەڵك بباتەوە ، ئەوان هەردەم لە بچوکترین پرسیار زەندەقیان چوەو زارە تروك بوونە ، چونکە دەترسن پشکێك لە ڕەخنەکانیان بەرکەوێت .



بۆ ئەوەی بە ڕاستی قسە لەسەر ئەو مێژووە بکەین ، پێویستە لە ئێستا بە دواوە بە دوای ئەو سەرە داوانەدا بگەڕێین ، تاکو ئەم چرکە ساتە قسەی جدییان لەسەر نەکراوە ، پێویستە وێنای ڕوداوە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە وەك خۆی بکەین و یاداشتنامەکانی ئەو ڕۆژانە ڕاستگۆیانە وشە بە وشە بە وردی بخوێنینەوە و قسەیان لەسەر بکەین ، تۆزی سەریان بتەکێنیین ، پێشکەش بە جەماوەریان بکەین .

ئەو کارەساتانە قەت کۆن نابن ، چونکە بەشێکن لە مێژوییەك دوا ڕۆژمان بەوەوە بوونی هەیە ، ژیانمان بەوەوە بەندە ، هەموو دەم شوێنەوارەکانیان لە گەڵماندا دەژێن ، خەونی مرۆڤی کوردی ڕزگاربووی دوای کارەسات ، بۆنی مەرگی چرکە ساتەکانی ئەو سەردەمەیان لیَ دێت ، بۆیە تا ئەو برینە وەك خۆی چۆن بووە و ڕوییان داوە نەخوێنینەوە ، ناتوانین برینەکان سارێژ بکەینەوەو لە ئێستادا خەونی پەمبەیی بە ژیانەوە ببینیین و ڕزگارمان بێت لە ئەنفالێك کە لە هەموو چرکە سات و دەمێکدا لەگەڵماندا دەژێت .

چەند ساڵ بوو ترسێکی قووڵی مەزن لە سەدام دامانی گرتبوو ، خوێندنەوەی ئەو کارەساتانەمان بە سەرکەوتنی سەدام و شکستی خۆمان دەزانی ، هەموو تاوانەکەمان دەخستە ئەستۆی ئەوێکی دوور لە خۆمان ، هەر قسەکردنێك لەو ڕوداوەمان بە قازانجی ئەو دەزانی ، نەمان دەوێرا قسەی جدی لەسەر ئەو ڕوداوانە بکەین ، لە چیرۆك گێڕانەوەو فرمێسك ڕشتن دەری کەینە دەریَ ، دەست بۆ هۆکارەکانی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

ئەنجامدانی بەرین , ڕوخانی سەدام ئەم دەرگایەی بۆمان خستە سەر گازی پشت , لەگەڵ خۆیدا هەموو مەحرەمەکانی بۆمان حەڵاڵ کرد , دەبا بێترس لە دۆزەخ بینۆشین , تەنانەت سەدام لە کوردستانیش هاوکارانی خۆی لە لێپرسینەوە دەپاراست , مانەوەی ئەو زەمانەتی دەنگ نەکردن بوو لەگەڵیان , مانەوەی سەدام زامنی ژیانی سەدان ئەنفالچی بوو کە قارەمان و ڕاوچی بە کۆمەڵی ئەم گەلە بوون , ئێستاش عەقلییەتەکەی کردومانییەتی بە گەلێکی بێ زاکیرەی زەبوون , دەبێت ببین بە گەلی خاوەند زاکیرەو کەرامەتی نەتەوەیی , تاکو کۆمەڵکوژییەکان لە یاد بکەین لە کەرامەت و زاکیرەوە دەیان فرسەخ دوورین .

پێویستە ئێستا نوقمی دەریای قولی خوێندنەوەی دۆسییەکانی ئەو سەردەمەی گەلەکەمان بین , ئەو یاداشتە تاڵانەی ڕابردوو ڕاستگۆییانە بخوێنینەوە , چرکە بە چرکەیان شیتاڵ شیتاڵ بکەین , لە هەناوییەوە مێژوییەکی نوێ بۆ گەلەکەمان بە کردن بدەین .

چەندە وا بزانیت گەیشتویتەیتە کۆتایی قسەکردن و لێکۆڵینەوە لەم تاوانە مەزنانە وەهمە , لە ڕاستیدا هەر سەرەتایە و لایەنی زۆرتر هەیە لە ناخی قولایی ڕوداوەکەدا هەر بە شاراوەیی ماوەتەوە , پێویستی بە هەڵوێستەکردن و قسە لەسەرکردن دەبێت , چەندە تاوانەکە مەزنە , ئەوەندەش نهێنییەکانی قولتر و گەورەتر لە خۆی , دەبا هەموو



پێکەوە بە دوای ئەو نهێنیانەدا بگەڕێین لە قولایی ڕوداوەکاندا دەریان بهێنیین , ئەگەر لە قوڕگی مەرگ و حەزیاشدا بێت .

دوای 18 ساڵ داخران و شاردنەوە , ئەمڕۆ دۆسییەکان هاوارمان بۆ دەکەن دەڵێن : بمانکەنەوە, دەڵێن تکاتان لێ دەکەم وەك خۆم بمانخوێننەوە .

کارەساتەکانی (هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانییەکان ) غوباری درێژماوەیان لەسەر کوردستان دروستکرد , تا ئێستاش لێڵییەکانیان , تەم و غوبار و سەرابەکانیان بەردەوامە , لە گەڵ قوربانییەکانی دەژێت , تێکەڵ بە ژیان و داهاتویان بووە , ئەو غوبارە ئەمڕۆ پێویستی بە پێ ناسین و ڕوناککردنەوەیە , پێویستی بە پەردە لادانە , پێویستی بە ئاشکراکردن و پەردە لەسەر ڕوو هەڵماڵینە .

ئەم دۆسییەی ئێستا خەریکین دەیکەینەوەو و لەسەری دەنووسین , بۆنی خوێن و دوکەڵی هەڵەبجە و ئەنفالی لێ دێت , بۆنی ئاه و ناڵە و برسێتی ژن و منالی بارزانی لێ هەڵدەستێت , تەمی کڕوزەی جەستەو دوکەڵی خانەی سوتاوی لێ هەڵدەستێت , بۆنی خوێن و بڕیارەکانی سەدام و عەلی کیمیاوی و واژۆی سەر پەیماننامەی هاوبەش و پرۆتۆکۆلاتی سەرکردە سەربازییەکانی ئێران و کوردی لێ دێت .

لەم نووسینە پشت بە یاداشتی کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و سەربازی دەبەستیین , کەسانی دیاری سیاسی و سەربازی و سومبلی پاڵەوانیەتی و لێهاتووی کورد بوونە لەو سەردەمەدا , بۆ خۆیان ڕۆڵی سەرەکییان



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

له ڕوداوه تاڵەکانی ئەو کاتەدا هەبووه , ئەم یاداشتانه هەر چەنده بەشێکی نووسەرەکانی نەناسراون , بەڵام له داهاتوودا ئەگەری ئەوه زۆره , وتەکانیان ببێت به سەرچاوەی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەو کاتی ئەم گەله بێکەسه .

سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد , ئەگەر شایانی ئەم ناوه بن لێیان بنرێت , تاکو ئەو کاتانەی له ناو ئەشکەوت و ترۆپکی چیاکانەوه ڕابەرایەتی پارت و دەستەو گروپه چەکدارەکانیان دەکرد , سەرکرده و بنکردەی نەگبەت به دووری دەیان فرسەخ له یەکترەوه دوور بوون , پێکەوه له مانگی هەنگوینییدا دەژیان , سەرکردەکان قارەمانانی ناو ئەفسانەکان بوون له بورجی عاج قەراریان گرتبوو , پەیامه شۆڕشگێڕییەکانیان جەماوەری کاس کردبوو , بنکردەی قوڕ بەسەریش نەکەوتبوونه گڕوکاڵەی قسەکردن , گوێ ڕایەڵی بێ دڕودۆنگی دڵسۆز بوون بۆ پەیامی سەرکرده , له سوجدەدا بۆیان ڕاوەستابوون , بەو هەوایه دەژیان له باوەشێنی سەرکردەکانەوه بۆیان دەهات .

ڕاپەڕین هەرچەنده زۆر دەرگای له سەر سەرکردەکان خسته سەر پشت , له کۆکردنەوەی سامان و گەشتی هاندەران و چەند ژنه و دەسەڵاتی ڕەها , هاوکات ئەفسانەکانیانی تێك شکاند , هەموو نهێنییه تەلیسماوییەکانیان کرد به غوبار و جەسته ناشرینەکەیانی بۆ گەل دەرخست , ئێستا نەك مرۆڤی نموونەیی نین له لای جەماوەر , بەڵکه



خەڵك بۆ ئەو ڕەشه بایه دەکەوێته سەما له ڕەگیان دەربهێنێت و وێنەیان جارێکی دیکه نەیاتەوه ناو عەدەسەی چاویان .

هەرچەنده ئەو کارەساتانه وەك خۆیان دوباره نابنەوه , ڕوداوەسیاسییەکان کۆپی یەکتر نیین , بەڵام جار جاره بڕگەیەك له مێژوو حۆی دوباره دەکاتەوه , ئێمەش ترسی ئەو بڕگه ناخۆشانەمانه دووباره بنەوه , بۆیه پێویسته لەم کارەساتانه بکۆڵینەوه , وەك خۆیان بیخوێنینەوه , پرسیاره تاڵەکان ئاراستەی خاوەنەکانیان بکەینەوه , کێشه هەڵپەسێراوەکان بەرەو چارەسەر و وەڵامدانەوه بەرین , بۆ ئەوەی ڕوداوه تاڵەکان دوباره نەبنەوه , ئەوانیش له سەریانه بەرسڤی پرسیاره بێ وەڵامەکان بدەنەوه .

## جەنگی هاوبەشی پێشمەرگه لەگەڵ ئێران

جەنگی هاوبەش لەگەڵ ئێران , تاکتیکێکی کوێرانه و نەخشەیەکی شێتانه بوو , خیانەت بوو کرا لەگەڵ پەیامەکانی ئازادیخوازی و پێشکەوتنخوازی ئەو پارتانەی که لەو کاتەدا بانگەشەیان بۆی دەکرد , هەموو کوردستانی و پێشکەوتنخوازییەکی له لەناخیان کوشت , هاوکات قومارێکی دۆڕاو بوو , هەندێك پارتی سیاسی کوردستانی به ژیانی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

گەلەوە كردیان , شەڕێك بوو مەرگەساتەكانی گۆڕەپانی جەنگی عێراق – ئێرانی هێنایە ناو كوردستان , هەموو كوردستانی لە گەڵ خۆیدا كرد بە بەرەی جەنگێكی ماڵوێرانكەر و دۆڕاو .

جەنگێك چەمكی مەرگ و ژیان , ئاوەدانی و وێرانكردن , ئازادی و كۆنەپەرستی تێكەڵ بەیەك كرد , چركەساتێك بوو سنووری نێوان ژیان و مەرگی ئاوێتە بە یەك كرد , تەڕ و وشكی لە لافاوی خۆیدا نقومكرد , نیشتمانی لە لافاوی خۆیدا نغرۆ كرد , لە دوای خۆی لە كوردستان تەنها خانوی دارماوو چیای چۆڵ و گوندی كاولكراوو و كێڵگەی فەرامۆشكراوی لێمایەوە .

ئەو چالاكییە سەربازییە هاوبەشانە , دەسپێكی مەرگی بە كۆمەڵ و وەرزی وێرانكردنی كوردستانی لە گەڵدا لە دایك بوو , بەردێكی مەزن بوو لە ژیانی هەموو خەڵكی ئەو دەڤەرە كەوت , ئەستێرەیەك بوو بە بەر كەوتنی بە ژیاندا , مەرگەساتی بۆ سەرجەم كورد هێنا , ژیانی مرۆڤی كوردی لە دوای خۆی بۆ دۆزەخ و كوردستانی بۆ مەرگستان برد , ئەو جەنگە هاوبەشەی مەرگی بۆ هەموو زیندەوەرێكی كوردستان هێنا , بە مرۆڤ و گیاندار و ڕوەكەوە , بە گوند و شار و ئاوەدانییەوە , بە دارستان و ئاوو هەواوە , بە باڵدار و بێ پێوە , هەموو كوردستانی كرد بە پاشماوەی گوندی ڕوخاو , وڵاتی وێرانە , دیواری ڕماو , باخچەی وشكەوە بوو , كێڵگەی تەرك كراو , پێشەڵانی چڕ , هەوای ژەهراوی , منداڵی سەقەت , شاری ڕەشپۆش , وڵاتی بێوەژن و ڕەشپۆشی ... .



جەنگێك بوو ژیانی خەڵكی كوردستانی لە چركە ساتێكدا بەرەو مەرگ برد , لە چاوی پەیماننامەكەیەوە دوكەڵی مەرگ هەڵدەستا , دەتووت مەرەكەبی ئەو پەیماننامەیە , كاغەزی ئەو پرۆتۆكۆڵانە , كارگاو كارخانەی ئاگری دۆزەخ و خەردەلی مەرگە .

لەگەڵ خۆیدا مەرگی بۆ ژیان , بەهار , ڕەنگ , جوانی هێنا . نیشتمانی جوانی كوردستانی كرد بە هەرێمی تۆقاندن و مەرگ و مردن و ڕەش پۆشی , لە دوای خۆی گۆڕستانێكی گەورەو هەزاران گوندی ڕووخاو و ناوچەیەكی خاڵی لە ژیان و نەتەوەیەكی هەژاری زیندانی برسی بەجێ هێشت .

ئەنفال پرۆسەی وێرانكردنی دڵڕەقانە و كوشت و بڕی بێ بەزەییانە بوو , قینێكی فاشیانەی كۆن بوو بەرامبەر بە نەتەوەیەك ئەنجامدرا , سەدان هەزار كوردی لە هەناوی بیابانەكانی باشووری عێراقدا بە زیندویی لە دۆزەخی گەرمی خۆیدا قوت دا , بە پیر و زارۆكەوە , ژن و پیاوەوە, عاشق و دڵدارەوە , بووك و زاواوە , هەموویانی پێكەوە لووش دا , بێ جیاوازی چینایەتی و ئاینی و پارتایەتی و ڕەگەزی لم خستیانییە ژێرەوە , بە هێمنی و ئاسپایی بە یەكسانی دایانی پۆشی , كەسیانی لە مەرگ بێبەری نەكرد , ئەم كارەساتانە بیابانە گەرمەكانی باشووریان كرد بە گۆڕستانێكی بەرین بۆ كورد , نیشتمانی دووەمیان بۆی دروست كرد لە بیابانستان , سەدان ژن و منداڵی كوردیشی كرد بە كۆیلەو دیاری ,



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**ئەمڕۆ نازانین لەکام وڵات , بە چ زمانێك بە دوایان بگەڕێین و بیاندۆزینەوە .**

مافی خۆمانە ئەمڕۆ چاو بکەینەوە , گومانمان لە هەموو ئەو ڕابردووە هەبێت و بپرسین , ئەو تاکتیکە هەڵەیە بۆ کرا ؟ , پرستان بە کێ کرد ؟ , چەندە بیرتان لێکردەوە , ئەنجامی چی لێ کەوتەوە ؟ , ئایا سەدامتان وەکو خۆی دەناسی ؟ , ئەمانەو دەیان و سەدان پرسیاری دی , ڕۆژانە لەم کوچەو لەوماڵدا دەوترێنەوە , تا ئێستا لە دوای **18 ساڵ هێشتا بێ وەڵامن , کەس ناوێرێت وشەیەکی لەسەر دەرببڕێت , خەڵك بە نهێنی لە ترسان پرسیارەکان خۆیان دەکەن , هەرچەندە وەڵامی پرسیارەکانیان ئازیزەکانیان بۆ ناگەڕێنێتەوە بۆ ژیان , تاکو ئێستا کردنی ئەو پرسیارانە قەدەغە کراوە لە قوربانیان , دەربڕینیان حەرام کراوە , وتنەوەی مەرگی لەسەرە , لە دیموکراسییەتێکدا دەژیێن مردووەکان ناتوانن پرسیاری چۆنییەتی مەرگی خۆیان بکەن , ئێستا من بەشێك لەو پرسیارە دەکەم , خەڵکی دیش دوای من دەیانکات , هەموو پێکەوە لە داهاتوو دەیکەین , بۆ بە کۆمەڵ بردمانتان بۆ مەرگستان ؟؟ .**

**ئەو جەنگە هاوبەشەی (( ئێران– پێشمەرگە )) ئەنجامیان دا , کە چەندین ناوی پیرۆزی لێ نرا , چەندین ناسنامەو ئامانجیان بۆ داتاشرا , جگە لە مەرگ هیچ ئەنجامێکی دیکەی بۆ گەل نەهێنا , بوو بە هۆی بڕیاری مەرگ بۆ سەدان هەزار مرۆڤ , تەنانەت بۆ تەواوی کورد , ژیانی**



**کوردی بە خاك و گۆشتەوە , سەوزایی مرۆڤەوە لە بڕیارەکانی خۆیدا سوتاند , تەنها خانووی داڕماوی لە لادێکان هێشتەوە , ئەنجامەکەی بوو بە هۆی دەرچوونی بڕیاری ئاشکرای جینۆسایدکردنی کورد ( لە 20 یۆنی 1987 دا بە بڕیاری 4008)* .**

**لەو چرکە ساتەوەی ئەو جەنگە هاوبەشانە ئەنجام دران , ژیانی کوردی یەکپارچە کرد بە دۆزەخ , جەنگی کوەیت و ڕاپەڕینی جەماوەری ساڵی 1991 نەبوایا , دەرچوون و ڕزگاربوون لەو دۆزەخە مەحاڵ بوو , دەبوایا تاکو ئێستا لە ناو تەلبەندی بڕیارەکانی سزای ئەو جەنگەیا ژیانمان بەسەر ببردایا , دەبوایا کۆیلەی ناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان و ژێر دەستەی جەلادەکان بەغدا بوینایە .**

**ئەو جەنگە هاوبەشانە ڕوداو گەلێکی لێوە لە دایك بوو , گۆڕانکاری کوت و پڕی لە چرکە ساتێکدا لە گەڵ خۆیدا هێنا , ژیانی هەموو جەماوەری کوردستانی بە گشتی و جوتیارانی کوردی بە تایبەتی بە تەواوی لە ڕەگ و ڕیشەوە گۆڕی , لە خەڵکانی ئاکتیڤی نیشتەجێوە کردیانی بە ڕوفاتی مردوو و پاشماوەی میلەتێکی بێ وڵات و قەرەج , کردیانی بە سواڵکەری ئۆردوگاکان , کردیانی بە ئێسك و پروسکی ژێر لمی بیابانەکان , کردیانی بە کارەکەری مەلهاکان , هەزاران گوندی لە دوای خۆیەوە بە ڕوخاوی بەجێ هێشت , بە بەرچاوی جیهانەوە , مرۆڤ و گوندەکان پێکەوە دەسوتان و گڕیان تێ بەر دەدرا , لە سەردەمی ئازادیدا ژنان و منداڵان دەکران بە کۆیلە , هەموو هەر سەیر کەری بێ**



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

زمان  بوون , چونكە ئێمە نەزانانە بوبوینە هاوپەیمانی دەوڵەتێك لەم جیهانە كەس  سەركەوتنی بۆی ناخواست , هەموو , جیهان , دەوڵەتان مەرگیان بۆی دەویست  , ئێمە  وەك گەل باجی ئەو هەڵەیەی سیاسییەكانمان بە خوێن و ئێسك دا , باجی هاوپەیمانییەتییەكی نا پیرۆزی دۆڕاو .

لەو ڕۆژگارەدا , ئەو خەڵكە نایانتوانی بیر لە مەرگی خۆیان و خۆشەویستەكانیان بكەنەوە , ئەوەندە ژیانیان لە مەرگە ساتدا بوو , ڕۆژگارێك بوو لەم جیهانە پان و بەرینە كەس گوێی ناگرت لە  تكاو كڕوزانەوەو پاڕانەوەو قیژەو هاوار .

گۆڕانێكی كت و پڕی زۆر سەیر بوو , پەیماننامەیەكی سەرە خۆرەی نەگریس بوو  , لە چركە ساتێكدا كوردی تێكەڵ بە مەرگ كرد و بۆ دۆزەخی برد  , سەری هەموو لادێكانی كوردستانی خوارد , هەموو كوردی  خستە نێوان مەرگ و ژیانەوە , ئەوەی بەر كەوت مردنی بە قسمەت بوو , ئەوەی  ڕزگاری بوو بە جەستە ما بەڵام بە دەروون تێكشكاو بوو  , تارمایی مەرگ وازی لێ ناهێنا و ڕوحی لە كۆیلەییدا دەژیا , تا ئێستاش لێی جیا نابێتەوە .

ئەو كارەساتانە گەورەترین وێستگەی ژیانی كوردە  , گەورەترین گوزارشت لە دڕندەیی  ئەو كارەساتە مەزنە,  ژیانی پاشماوەی قوربانیانە لەدوای كارەساتەكە , مەرگەساتی پاشماوەی قوربانیانە لە دوای ئەو مێژووەوە , دنیای دەردو نەهامەتییەكانیانە  .



ئەمڕۆ مافی خۆمانە لە هۆكار و چۆنییەتی مردنەكانی ئەو سەردەمەی گەلەكەمان  بكۆڵینەوە , لە ئێش و ئازارەكانمان ورد ببینەوە , بە قولی تێبڕامێین , قسە لە كۆمەڵكوژییەكانمان بكەین , پێویستە بە سەرجەم یاداوەری  ڕابردودا بچینە ناخی خواریٚ و پرسیارە گەورەكان ئاراستەی كەڵە سیاسییەكانی ئەو كات و قەڵەم بەدەستانی سەر مێزی مۆركردنی پەیماننامەكان بكەینەوە  .

مێژوو ئاوێنەی كردارەكانە , پڕە لە  سەركەوتن و شكست , جوانی و ناشرینیی , پێویستە هەمووی وەك خۆی بنوسرێتەوە  ,  نەك بە ئارەزووی دەسەڵاتداران  تۆمار بكرێت , مێژووی پڕ لە كەلێن گەورەترین شەرمەزاریی و كۆمیدیایە بۆ خاوەنەكەی , مێژوو ئاوێنەی كردارەكانە نەك ویستی دەسەڵاتداران  , گەل چۆن خۆی مێژوو درووست دەكات , ئاواش لە ئێستا بە دواوە دەبێت هەر خۆی بینوسێتەوە .

مێژوو جوانی و ناشرینییەكان ژیان  هەردووكیان  پێكەوە دەنوسێتەوە , بەڵام  هەمووی بەیەك ڕەنگ تۆمار ناكرێت , ناشرین و جوان لە هیچ برگەیەكی ژیان قەت تێكەڵ بەیەك نابن , ئاوێتەی یەك نابن  , هەر چەندە مێژووی هەموو مرۆڤ و بزووتنەوەو پارت و .... پڕە لە كۆكتێلی جوانی و ناشرینی , بەڵام هەریەكەی لە ڕیزێكدان , هەر بەشەی ڕەنگێكی هەیە , لە نێوان سوور و سپی و ڕەش  .

سەركردە سیاسییەكان  دەبوایا وەڵامی هەموو  پرسیارەكانیان پێش ئەنجامدانی ئەو كردە سەربازییەیان  بدایەتەوە , دەبوایا خۆیان بۆ



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

هەموو ئەگەرێك ساز و ئامادە بكردبایا , دەبوایا بیانزانیایە قوماركردن تەنها بە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی خۆیانەوە دەكرێت , نەك بە نیشتمان و بزووتنەوەی سیاسی و سامانی وڵات و جەماوەرەوە .

دەبوایا لە خۆیان بپرسیایە ئەو جەنگە بەرەو كوێیان دەبات ؟ , بەرەو بەهەشت یاخود دۆزەخ و كاولستان و سەر زەوی مەرگ , ئەوان بەو بڕیارەیان گەلیان لە كارەساتێكەوە بۆ یەكی زۆر مەزنتر و گەورەتر برد , كارەساتێك ئەوەندە قول , خاڵی كۆتایی نەبوو .

ترسێك بەرپرسەكان لە دڵی جەماوەردا چاندویانە , بەهۆیەوە جەماوەر ناوێرن قسەی دڵێ خۆیان بكەن و تەسكینی دڵی خۆیان بدەنەوە و ئازارەكانیان بەتاڵ بكەنەوە , 18 ساڵە ئەو پرسیارانە لە ناوەوە دەیانخوات , پرسیارێك بەردەوام دەیانەوێت بیكەن و ترس دەیانگەڕێنێتەوە بۆ سەر خاڵی سفر .

نابێت لە ئەبەدییەتی ترسان لە پرسیاردا ژیان بەرینە سەر , مكیاجی هەڵەكان بكەین , دەبێت سەری هەموو پرسیارەكان بكەینەوە , هەزاران پرسیار بە هەزاران ئاواز و سەمفۆنیاوە لە گەرویاندا چاوەڕوانی دەرچونە دەرەوە دەكەن , پێویستە دەرگایان بۆ بكەینە سەر پشت .

ئەو یادگاریانە هەموویان بە خوێن نوسراونەتەوە , بە سانایی ناسڕێنەوە لە مێژووی گەلەكەمان و یاداوەری هاووڵاتیان , بۆ ڕێگە گرتن لە دوبارە بونەوەی هەڵەو كارەساتە ترسناكەكان , پێویستە خۆمان لەو گومانانەی هەمانە خاڵی بكەینەوە , هەموو پرسیارە بێ وەڵامەكان



بكەین و بە دوای وەڵامەكانیاندا بگەڕێین , مافی خۆمانە گومانمان لە تەواوی ڕابردووی خۆمان هەبێت , هەر چی لە خەزێنەی مێژووی ئەم گەلە هەیە بیخەینە ژێر لێپرسینەوە و گومانەوە , ڕەخنە ژیان دەكاتەوە بەر گەل , ڕۆژی ئەوە هاتووە بێ ترس و گومان و دودڵی قسە لەسەر خاڵ بە خاڵی لاوازییەكانمان بكەین .

## شەڕی حاجی ئۆمەران و قڕكردنی بارزانییەكان

شەڕی حاجی ئۆمەران یەكەم نموونەی ئەنجامدانی شەڕی هاوبەشی پارتە كوردییەكان بوو لەگەڵ ئێران دژ بە سوپای عێراق , پێشتر پارتی دیموكراتی كوردستان زۆر جەنگی هاوبەشی شان بە شانی هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە پێشمەرگەی كوردستانی خۆرهەڵات (بە تایبەت دیموكرات و كۆمەڵە) ئەنجام دابوو .

ئەم جەنگە هاوبەشانە دەستپێكی خۆكوژی بە كۆمەڵی ( خێڵێك دواتر گەلێك ) بوو , هەرچەندە پارتی بۆ خۆی هاشا لەوە دەكات , لەو



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**شەڕە بەشدار بوو بێت و پێش بە سوپای پاسداران کەوتبێت ( بە شەفەیی چەند جارێك لەسەر زاری بەرپرسانییەوە ئەمە ڕاگەیەنراوە ) لە هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران , بەڵام بۆ خۆی تاوانەکە بەو بەهانە و ناوەوە ئەنجامدرا و لەژێر ئەو کارە خۆی شاردەوە , لێ ڕەتکردنەوەکانی پارتیش بەشێوەی فەرمی نییە , لە بەرامبەردا زۆر سەرچاوە ئاماژە دەدەن بەو چالاکییە هاوبەشە , تاڵی لەوەدایە هەمان پارتی سیاسی دوای 3 ساڵ لەو کارەساتەی هاشا لە ڕۆڵی خۆی دەکات تیایدا , دێت هەمان تاکتیك هەڵدەبژێرێتەوە , جارێکی دیکە بە ئاشکرا بە شێوەی بەربڵاوتر و ئاشکراتر دووبارەی دەکاتەوە , ئەزموون لە دڕندانەترین پەرچەکرداری تا ئەو دەمی ڕژێم وەرناگرێت بەرامبەر بە گەلەکەی , بۆ جاری دووەم دێت زنجیرەیەك چالاکی سەربازی هاوبەش , لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی دژ بە سوپای عێراق بە ئاشکرا و لە قولایی وڵاتدا ئەنجام دەداتەوە .**

بەهانەی ڕژێم بۆ قڕکردنی بارزانییەکان , تۆڵە کردنەوە بوو لە هێرشی حاجی ئۆمەران , بە گوێرەی بۆچوونی بەعس , پارتی چاوساغیان کردووە بۆ ئێرانیەکان لەو بەرەیە , لە بەرامبەر ئەوەدا بەعس هەرچی نێرینەی سەروی 12 ساڵەی بارزانییەکان هەبوو ئەنفال دەکات , لە کردەیەکی دڕندانەدا بە کۆمەڵ لە بیابانەکانی باشوور لە ناویان دەبات .

**سزا دانی سەرجەم عەشیرەتێك لە بەرامبەر کردەوەی پارتێکی سیاسی , کە سەرکردایەتیەکەی بە دەست ئەو بنەماڵەیەوە بوو , ئەمە بۆ خۆی**



**سزادانێکی فاشیستانەیە , بارزانییەکان ئەم خێڵە پارێزگارە داخراوەی کوردەواری , کە بە توندی بە سەرکردایەتی خێڵەوە گرێدراون , لەوێشەوە بە پارتییەوە , چونکە لە لوتکەدا سەرکردایەتی پارتی و خێڵی بەرزانی یەك دەگرنەوە .**

لە کاتێکدا ئەو خەڵکەی کۆمەڵکوژی کران , بۆ خۆیان لەو چرکە ساتە و لەحزە مێژووییەدا سڤیل بوون و هیچ پەیوەندییەکی سیاسی و ڕێکخستنیان بەو پارتەوە نەبووە , بگرە بەشێکیان بە پێچەوانەی بەرژەوەندییان کاریان دەکرد , بۆیە سەپۆرتکردنی ئەو کۆمەڵکوژییانە بەهەر بەهانەیەك بێت تاوانە .

با بزانیین بەڕێز نەوشیروان مستەفا , کە یەکێك بوو لە کەسایەتییە گرنگەکانی ئەو سەردەمەی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد , لە پەرتووکی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق (1979–1983) **چی دەربارەی ئەم ڕوداوە نوسیووە :**

***" گیرانی بارزانییەکان ئەوکاتەی ناوچەی حاجی هۆمەران بوو بوو بە مەیدانی گەرمی جەنگی عێراق – ئێران بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پدك بە ئاشکرا هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی ئێران ئەکرد دژی جەیشی عێراقی . کۆکردنەوەی دەنگ و باسی عێراق و هێزەکانی و , چاوساغی و ڕێبەری هێزەکانی ئێران و , هێنان و بردنی دیدەوانی تۆپخانەی ئێران ئەمە بەشێکی کەمی ئەو***



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

***هاوكارییە ئاشكرایە بو . لە هێرشەكانیش دا ئەوان وەكو هێزی یارمەتیدەر و خەریككەر و لێدانی پشتەوە بەشدار ئەبوون 1 .***

بەڕێزی بەردەوام دەبێت لەسەر بۆچونەكەی و دەنووسێت : *بەشدار بونی بنەماڵەی بارزانی و هێزەكانیان لە هێرشەكانی ناوچەی حاجی هۆمەران دا , لە لای صەدام جگە لەوەی بە خیانەتی نیشتمانی دا ئەنرا , بۆ خۆیشی بە خیانەت و دەسبڕین و فێڵ لێكردن ئەژمارد .*

***بارزانی یەكان لە عێراق مابونەوە لە ئۆردوگای بەحركەو قوشتەپەدا كۆكرانەوە . زۆری پیاوەكانیان بووبوون بە چەك هەڵگری جەیشی شەعبی و بە دڵسۆزی ئەركەكانی خۆیان بەجێ ئەهێنا 2.***

سەیر لەوەدایە , ئەگەر من هەڵە نەبم لە خوێندنەوەی ئەم پەرەگرافە , بەڕێز نەوشیروان مستەفا هاوڕا دەبێت , لەگەڵ هەمان بەهانە بۆ قڕكردنی بارزانییەكان , كەچی بۆ خۆشی پاش زیاتر لە 3 ساڵ لەو مێژووە , هەمان تاكتیك دووبارە دەكاتەوە , ئیتر نازانم پاسداری سەفرەو زەنوون پێشكەوتن خواز تر بوون لە بەسیجیەكانی حاجی هۆمەران یان نا ؟ , ئەگەر وا نییە بۆ هەمان تاكتیكی هەڵە دەگرێتە بەر و دووبارەی دەكاتەوە ؟.

سەدام حوسێن لە وتارێكدا لە ساڵی 1983 سەبارەت بە هەمان ڕوداو وتی : *ئەوانە خیانەتیان لە وڵات و خیانەتیشیان لە پەیمان كرد . بۆیە ئێمەش بە سزای توند و سەختمان گەیاندن و بۆ دۆزەخمان ناردن 3.*

لە ڕاستیدا جەیشی شەعبی بوونەكەی ئەو بارزانییە سڤیل و سادەو ساكارە نەخوێندەوارانە , كە لە ڕابردوودا بەرداشی هەموو جوڵانەوەیەك چەكداری بوونە لە كوردستان , بە ئەندازەی پەیامەكانی هەندێك لە سەرانی ینك نییە , كە لە ساڵانی 83–1984, بۆ هەزاران قوتابی كوڕ و كچی مانگرتووی زانكۆی سەلاحەدین بەردەوام دەیان دا , كە دەست بەرداری خوێندنەكەیان ببون , لەبەر ئەوەی ئامادەیی لەبەركردنی بەرگی جەیشی شەعبیان نەبوو , كەچی پارتەكەی بەڕێزیان داوای لەبەركردنی بەرگی جەیش شەعبیان لەو خوێندكارانە دەكرد یاخود نەرمییان دەنواند لە بەرامبەری , تاكو نەوەك مفاوەزاتەكەیان هەڵوەشێتەوە .

هەردوو ڕێكخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و چاودێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش باس لەم شەڕە هاوبەشەی پارتی و ئێران دەكەن , بەم شێوەیە لەسەر قڕكردنی بە كۆمەڵی بارزانی یەكان دەنووسن : KDP ***ئەو دەمە یەكێك لە كوڕانی بارزانی , كە مەسعود بوو , سەركردایەتی دەكرد و هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ تاراندا زیندوو كردبوەوە و لە ساڵی 1983 دا دەستەكانی KDP یارمەتی هێزەكانی ئێرانیان دا لە گرتنی شارۆچكەی حاجی ئۆمەرانی سەر سنوور .***




**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

***تۆڵەی ئەمەش خێراو کتوپڕی بوو ! لە عەمەلیاتێکی لە ناکاودا بۆ سەر ئەو کۆمەڵگایەی بارزانییە ڕاگوێزراوەکانیان تێدا نیشتەجێ کرابوو , هێزەکانی عێراق لە نێوان پێنج بۆ شەش هەزار نێرینەیان ڕا فڕاند کە تەمەنیان لە دوانزە ساڵ وەبان بوو . ئەوانە جارێکی تر هەرگیز نەبینرانەوە بە زۆری وا پێدەچێت کەوا پاش ئەوەی چەندین مانگ بە دەستبەسەری ماونەتەوە , هەموو کوژراون 4.***

کەواتە تەنها ئەوە لایەنە کوردییە ڕەقیبەکانی یەکتر نیین , یەکتر تاوانبار دەکەن بە ڕۆڵ و هۆکاری شەڕی هاوبەش لەگەڵ ئێران لە ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکان , بەڵکە ڕێکخراوە جیهانییە جێ متمانەکانیش پاش توێژینەوەی ورد و دوربینانە دەگەنە هەمان ئاکام و ئەنجام , وەلێ هیچ دەزگایەکی نێو دەوڵەتی سزا دانی خەڵکی سڤیل لە سەدام قەبوڵ ناکات , بە بەهانەی شەڕی هاوبەشی پارتێکی سیاسی کوردستانی و ئێران دژ بە سوپاکەی .

لە قۆناغی دادگایی سەدام لەسەر ئەو تاوانانە , ئەو پرسیارانەی ئێستا بڤەیە ئێمە بیکەن , لەناو هۆڵی دادگا بە بەرچاو کامیراکانی جیهانەوە وەك بۆمب دەتەقنەوە , سکاندالی هەژێنەریان لێوە لە دایك دەبێت !.



**لە درێژەی ڕاپۆرتەکەیاندا هۆکاری کۆمەڵکوژی بارزانی و ئەنفالکراوەکان بە هاوشێوەی یەکتر دەناسێنن** *: لە گەلێ ڕووەوە , عەمەلیاتی ساڵی* ***1983 ی بارزانییەکان دەسپێکی ئەو تەکنیکە بوو کە لە مەودوا بە ئەندازەیەکی هێجگار گەورەتر لە سەردەمی پەلاماری ئەنفالدا بەکارهات 5 .***

بێشك هەموو سیاسییەکانی ئەو کات , ئەوانەی بەشداری ئەو گفت و گۆیانە بوونە و واژۆیان لەسەر پەیماننامەی شەڕە هاوبەشەکان کردووە , یاخود فەرماندەی مەیدانی بە پراکتیزە کردنی ڕێککەوتننامەکان بوونە , یان لە بڕیاری سیاسیدا بوونەو نقەیان نەکردووەو سەری ڕەزامەندییان بۆی لەقاندووە , دەبێت هەموو بە کۆمەڵ , ئاوی ئەو بیرە نۆش بکەن , کە بۆ یەکیان لێ داوە , بەشی خۆیان لە ئابروچوونە سیاسیەکەی لێ بخۆنەوەو لە کێڵگەکەی بدورنەوە , با چاوەڕوان بین .

دوو هۆکار هەیە , دەیسەلێنێت پارتی لەو جەنگە بەشدار بوو :

- ئەو کارەساتە ڕاچەڵەکێنەرە کاری لێ ناکات و کاریگەری لەسەر کارەکانی دانانێت , دوای سێ ساڵ لەو ڕوداوە دێت هەمان میکانیزم دوبارە دەکاتەوە , بەئاشکرا پێش پاسدار دەکەوێت بۆ قولایی خاکی کوردستان .
- بە دووری چەند کم لە حاجی هۆمەرانەوە , پێش ئەو جەنگە , شان بە شانی هەمان هێز , چەندین جار هێرشی هاوبەشیان کردە سەر



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

پارتێكی سیاسی كه له ناو و زمان و نیشتمان .. هاوبەش بوون , ئیتر چۆن بەرامبەر بە بەعس كاری لەم چەشن و شێوەیە ناكات ؟, ئەم كارە هاوبەشانە هەمان پیشاژۆی یەك ڕاستە ڕێگان .

## لێدانی نەوتەكەی كەركووك , چركەساتی گۆڕانكاری گەورە

بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی لەهەر هەرێمێكدا , تەنها سەركردە و ئەندامانی پارت و لایەنەكانی خاوەندی نیین , بەڵكە هەموو ئەو گەلەی لە پێناویدا بزاڤەكە هەڵگیرساوە خاوەنێتی , پاراستنی ژیانی تاكەكانی نەتەوە و بە دەست هێنانی سەروەری نیشتمانی ئامانجی یەكەمینی ئەو بزاڤە سیاسیەیە . هەر بزاڤێكی نیشتمانی بۆ پاراستنی ژیانی تاكەكانی گەلەكەی خەبات نەكات , ئەوە هیچ پەیوەندییەكی نییە بەو گەلەوە , بۆیە پێویستە لە هەر هەنگاوێكی پراتیكی و



دیاریكردنی تاكتیكێكی سیاسی ڕەچاوی ژیانی هاونیشتمانیان و پاراستنی یەكێتی خاك لەبەرچاو بگیرێت .

**لە ناوەڕاستی هەشتاكان بە دواوە , بەشێك لە پارتە كوردستانییەكان شەڕی كۆنەپەرستانەی ئێران – عێراقیان هێنایە ناو خاكی كوردستانەوە , ئاوێزانی خەباتی چەكداری كوردیان كرد , ئەنجامەكەی گەیشت بە سووتاندنی خاك و خەڵكی كوردستان لە بەرداشی ئەو جەنگە نەگریسە .**

ئەم چالاكییە هاوبەشانە , چەورترین و بەلەزترین تیكە بوون , خرانە ناو مشتی فاشییەكان بەغداوە , هەلی زێڕین بوو زەمینەی بۆیان خۆشكرا , بۆ پەلەكردن لە جێبەجێكردنی نەخشە شۆڤینییەكانیان , كە بە سالان بیریان لە ئەنجامدانی دەكردەوە و بەدوای هەلێكدا دەگەڕان بۆ جێبەجێردنی , ئەو جەنگە هێنایە ناو بەرنامەی ڕۆژەڤەوە .

**شەهید ڕێباز زۆر ڕاستگۆیانە دەستنیشانی هۆكارەكانی قڕكردن و ئەنفالكردنی گەلەكەمان دەكات , دەیباتەوە سەر ئەم هۆكارانە :** ***1– سروشتی دڕندانەی بەعس . 2– هاوكاری هەندێك حیزب لەگەڵ ئێران .3– چالاكی هاوبەش لەگەڵ ئێران و كردنی كوردستان بە بەرەی شەڕی عێراق – ئێران .4– كاروكردەوەی هەندێك لە لێپرسراوان لە قەبەكردنی زیانەكان " 6 .***



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**لێدانی نەوتەکەی کەرکووك مەزنترین کاری سەربازی هاوبەشی هێزە کوردییەکان بوو لەگەڵ ئێران , خاڵی وەچەرخانی مەزن و 11 ی سەپتەمبەرێك بوو لە سەردەمی خۆی  بە گوێرەی گەلی کوردەوە , هەرچەندە لە سەرەتادا کارەساتی مرۆیی لێ نەکەوتەوە , بەڵام ئۆپەراسیۆنی ئەنفال لە ڕەحم و منداڵدانی ئەوەوە لە دایك بوو , کە گەورەترین کارەساتی مرۆییە لەمێژوی نوێی نەتەوەی کورددا .**

**ئەم هێرشە هاوبەشە سەرەتایەکی گەورەی هاوپێچکردن و بە کۆکتێلکردنی شیلەی جوڵانەوەی چەکداری کوردی بوو بە شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق– ئێرانەوە , ڕەنگ کردنی ئاڵای کوردستان و بزاڤە سیاسیەکەی بوو بە ئاڵای داگیرکەران , هەموو نیشتمان پەروەرییەکی لەناخیی کەسایەتی کورددا کوشت , جێبەجێکردنی ئەو پەیمانە ستراتیژییە بوو , ئێران لەگەڵ هەندێك پارتی کوردستانی بە خوێن و خۆڵەمێش واژۆی کرد , پاشان خومەینی بە مۆرکردنی پەرداخە ژەهرەکە هەمووی هەڵ هێنایەوە , پارتەکانیش بە کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنی 182000 مرۆڤی کورد و هەڵاتنیان بۆ ئەو دیو سنوورەکان , باجی هەڵەکەی خۆیان بە قورسترین شێوە دایەوە .**

**ئەو شەوەی ئاسمانی کەرکووك کرا بە فوارەی ئاگر , گڕی نەوتی باوەگوڕگوڕ کەوتە بەر گڕ , بۆنی کڕۆزەی سوتانی جەستەی مرۆڤەکان لە ناو لادێکانی دەڤەرەکەوە دەهات , تارمایی مەرگ ئەو ناوەی داگرت , ئازارەکانی گەیشتە سەر تخوبی مەرگ , شەوێکی زۆر ترسناك بوو ,**



**سەرەتایەکی مەترسیدار بوو , لەو چرکە ساتەوە هەموو شت لە کوردستان گۆڕا , سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ جەماوەری کوردستان , خاڵی دەستپێکی لەناو چوونی نەتەوەیەك بوو , لەحزەی تێکەڵ بوون و ئاوێزانی مەرگ بوو لەگەڵ ژیان , مان لەگەڵ فەوتان , شین لەگەڵ شادی .**

ینك کە جێبەجێکەری ئەو جەنگە هاوبەشە بوو لە دەڤەری کەرکووك , بەوە ناسراوە هێزێکی لیچتقە , لەسەر یەك هاوپەیمانیەتی , یەك بیرو باوەڕی سیاسی و ئایدۆلۆژی , یەك میتۆدی کارکردن , قەت تاکو سەر خۆی ناگرێت , نە قەت بیرو باوەڕی ڕوون و دیارە بۆ هێزە سیاسییەکان و جەماوەر , نە هاوپەیمان و دۆست و دوژمنی تاکو سەری هەیە , بە پێچەوانەی پارتییەوە لە تەواوی ماوەی جەنگی ئێران – عێراقدا لە بەرەی ئێراندا مایەوە , لە هاوکاریدا مل کەچ و گوێ ڕایەڵ و سەنگەر نەگۆڕ بوو , لە داهێناندا تەمبەڵ و نا کارا , لەکاردا سست و تەوەزەل و گێل , بۆیە ینك بە ئەنجامدانی شەڕی کەرکووك کارایی خۆی بۆ ئێران سەلماند , ئەمە وایکرد لەو چرکە ساتەوە ململانێ ی پارتە کوردییەکان ( ینك , پدك , حسك– بزووتنەوەی ئیسلامی ) بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ ئێران هاتە ئاراوە , کەوتنە ململانێ بۆ زیاتر ڕاکێشانی ئێران بۆ قوڵایی خاکی کوردستان , ململانێی یەکتر بۆ بە وێرانکردنی کوردستان .

ینك لە ماوەی جەنگی ئێران – عێراقدا , هەر کاتەی لە بەرەی یەکێك لە شەڕکەراندا بوو , لە ساڵی 1983 **ەوە بە فەرمی لایەنگری لە عێراق**



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

دەكرد : *تاڵەبانی بەڵێنی دا كە هێزەكانی شان بە شانی حیزبی بەعس شەڕ بكات بۆ دەرپەڕاندنی داگیركەران لە خاكی عێراقدا* *7* .

بگرە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەوەش زیاتر ڕۆیی , بەوەی سەدام حسێنی بە ناوبژی كەر ناو برد نەك دوژمنی كورد , ئەمەی لە كاتی خۆی لە گۆڤاری (الگلیعە العربیە) ڕاگەیاند , هەر لەم چاوپێكەوتنەدا ئەوەش ڕاگەیەندرا سوپای عێراق سوپای نیشتمانە , نابێت لە دواوە خەنجەری ژەهراوی لێ بوەشێنرێت .

بە گوێرەی هەمان میتۆد و بۆچوون , ئەم مانگی هەنگوینییەی نێوان هەردوولا ( ینك – ئێران ) نەك خەنجەر , بگرە ڕم بوو لە پشتەوە لە سوپای عێراق وەشێنرا : *لە ساڵی* ***1986 لایەنەكەی بەڕێز تاڵەبانی ڕێككەوتننامەی ڕەسمی سیاسی و سەربازی لەگەڵ تاراندا بەست 8*** .

بە مۆركردنی ڕێككەوتنامەی سەربازی ئێران – ینك , كڵپەی ئاگری جەنگی عێراق – ئێران لە كوردستان جۆشی سەند , چونكە ینك بەسەر بەشی زۆری ناوچەكانی سنووری ئێران – عێراقدا باڵا دەست بوو , هاوكات لە جەنگی گەڕۆكی نیمچە بەرەیی داهێنەر و شارەزاو بە ئەزموون و پسپۆر بوو , خاوەند هێزێكی سەربازی جەسوور و بە جوڵە و گەورەو فەرماندەیی ئازا و زیرەك و بە تەجروبە بوو لە كاروباری سەربازی , لە جەرگەی ئەنجامدانی ئەو جەنگە هاوبەشانەدا كۆمەڵێك



زەبری كوشندە و كاریگەر لە حكومەتی بەغدا كەوت , ئاكامەكەی بەو كارەساتە گەیشت بینیمان لە ئەنفالەكان , جەستەی جەماوەر و پارتە كوردستانییەكانیش لە ئەنفالە بەدناوەكان لە ئاگری شەڕەكە سوتا , بێ ئەقڵییەكانی سەدام و ڕاپەڕینی 1991ی جەماوەر نەبوایا , بەدەم ئەو زامەوە خۆیان و هاوپەیمانەكانی ناو بەرەی كوردستانی لەسەر سنوورەكان لە چاوەڕوانی گۆدۆدا سەریان دەنایەوە .

وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا , هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا , لە بەشێكی پەرتوكەكەیدا , پارتی بە شێوەیەك لە شێوەكان , بە هۆكاری لەناودانی بارزانییەكان تۆمەتبار دەكات , كەچی ئێستا بە شانازییەكی گەورەو باوەڕ و متمانەی بێئەندازە بە خۆوە , باس لە ڕۆڵی خۆی دەكات لە ڕەنگڕێژكردنی ئەم سیاسەتە نوێیەی ینك لەگەڵ ئێران , بەمەش دووپشكەكە بۆ ینك بەدەستی خۆی دەگرێت , بەڕێزی سەبارەت بە چالاكی لێدانی نەوتەكەی كەركووك دەنووسێت : *سەركردایەتی یەكێتی لەبەر گرنگی كارەكە , دانان و جێبەجێكردنی پلانی هەموو چالاكیەكەیان بە من سپارد و , من ڕۆژانە ئەبو خەریكی وردەكاری پلانەكە بم , ئێرانیەكان ئەم كارەیان بەلاوە زۆر گرنگ بو , تەنانەت بە مەرجی جدی بونی یەكێتی لە شەڕی عێراق و , پاشەڕۆژیان دانابو* *9* .

ئەوە نییە بەڕێز كاك نەوشیروان تەنها نەخشە داڕێژەری 11ی سەپتەمبەری كوردستان (لێدانی نەوتەكەی كەركووك ) بوو بێت بە تەنها



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

, بەڵکە وەك خۆی ئاماژەی پێ دەدات جێبەجێکەریشی بووە , هەر وەك دەنوسێت : *هێزێکی تر کە هێزی سەرەکی و هەرە گەورەی یەکێتی بوو . بە سەرپەرشتی خۆم , ئاگر بارانی باوەگوڕگەڕ بکەن* **10** .

فەرماندەیەکی سەربازی دیاری دیکەی ینك , تەئکید لە سەرکردایەتی ئەم چالاکییە لە لایەن کاك نەوشیروان مستەفا دەکاتەوە , ئاماژە بۆ مکوڕی بەڕێز نەوشیروان مستەفا دەکات لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییە مێژووییە , لە شەوی 10–10 دا و پەلە کردن لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی لەماوەی دیاریکراودا , تەنانەت گفتوگۆکردن ڕای پێچەوانەشی پەسەند نەکردووە ( تایبەتمەندی فەرماندەی سەربازی سەرکەوتوو , ڕاپەڕاندنی نەخشەی سەربازییە لە کات و ساتی دیاریکراو , نەك ساردی و خاوو خلیسکی لە ئەنجامدانی , گفتوگۆ هەموو کات لە کاری سیاسی پەسەندە , بەڵام لە کاروباری سەربازی لە کاتی جێبەجێردن گفتو گۆ کارەساتە– نووسەر ) : *ڕۆژی* ***10–10–1986 لە دێی خاڵدان چاومان بە کاك شەوکەت و کاك ڕۆستەم و مام ساڵەح گۆڕی ئەسپی کەوت .***

***..... کاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە لایەن کاك نەوشیروانەوە بروسکەمان بۆکرا کە هەر ئەمشەو چالاکییەکە بکرێ . کاك شەوکەت داوای دواخستنی کرد چونکە هێزەکانی مەڵبەندی یەك فریا ناکەون ,بەڵام کاك نەوشیروان وەڵامی دایەوە : ئەبێت هەر ئەمشەو ئەنجام بدرێ***

***ئەگەر ئەمشەو نەکرێ دیارە ناتانەوێ ئەنجامی بدەن 11 .***

ئەوە نییە هەموو جێبەجێکەرانی ئەو چالاکییە هاوبەشانە , بە شانازییەوە باس لە ڕاپەڕاندنی ئەم چالاکییە بکەن , هیچ گومان و دودڵییەکیان لە کاردانەوەی ڕژێم و ئەنجامە نێگەتیڤەکانی نەبوو بێت , شەهید ڕێباز نیگەرانی خۆی لە سەرو بەندی لێدانی نەوتەکەی کەرکووك بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشت دەکات و دەیگێڕێتەوە : *سەیرێکی کاك "....." م کرد و ووتم بە ڕاستیتە لە کەرکووك دەدەین .... وتی بۆ ؟ هەمووی دەسوتێنین , عێراق بە ساڵێك ناتوانێ ئەو خەسارەتە پڕ بکاتەوە .....؟! دیسان پێیم ووت ئەدی میلەتی خۆمان , باشە ئەو گومدانە باشە خەڵکەکەی حکومەت دڕندەیە هەرچی لە دەست بێت دەیکات ...***__12__ .

نەك تەنها ترس لە تۆڵە کردنەوەی ڕژێم لە پێشمەرگە , بەڵکە بەم شێوەیەی خوارەوە , بەرامبەر بە پەرچەکرداری ڕژێم بەرامبەر بە جەماوەر , دڵە خورپە دایدەگرێت و ترسی لێ دەنیشێت : *لەوێ بیرم کردەوە ڕژێم ئەو تۆڵەیە لە جووتیارە هەژارەکان دەکاتەوە , گوندەکان دەسوتێنن , خەڵکەکەش ئاوارەو دەربەدەر دەکات* ***.13***




**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**ئێستا کاتی ئەوە هاتووە , هەمان ئەو ئاوە لەسەر سفرەی ئەنجامدەرانی چالاکی لێدانی نەوتەکەی کەرکووك دابنێین , کە لە هەمان بیر دەرهێنرابێت , کە بە دەستی خۆیان بۆ تاوانبار کردنی پارتی لێیان داوە بۆ شەڕی حاجی ئۆمەران و قڕ کردنی بارزانییەکان , کە بە گوێرەی بۆچوونی ئەوان بێت , هۆکاری کۆمەڵ کوژی بارزانیەکان دەبەنەوە سەر هاوکاری پارتی لەگەڵ ئێران , لە هێرشی هاوبەشیان بۆ سەر حاجی هۆمەران .**

**بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا , وەك خوێندمانەوە لە نووسینەکەیدا , چاوساغی و هاوکاری پارتی بۆ سوپای ئێران , لە شەڕی حاجی هۆمەران , بە دەست بڕین دەزانێت , سزادانی بارزانییەکان بەهۆی ئەو گورز وەشاندنی غافڵگیرانە و دەست بڕینەوەیە , تا ڕادەیەك بە ڕەوا دەزانێت و بە دەرهاویشتەی ئەو چالاکییە هاوبەشەی دەژمێرێت , بەشی زۆری تاوانەکەش دەخاتە ئەستۆی ملە ئەستوورەکەی پارتی .**

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی , بەعس تەنها کارەکەی ڕاپەڕاندووە و جێبەجێیکردووە , بیابانەکەی بۆ شاردنەوەی ڕوفاتەکەیان تەرخان کردووە , ئەوەی تاوانباری سەرەکییە پارتییە , بەهۆی چاوساغی بۆ سوپای ئێران , لە هێرشی حاجی هۆمەران , زۆر ئاساییە بەڕێزی ئەم گومانە بکات , بەمەرجێك فاشست بوونی بەعس لەیاد نەکات , ئیتر چما بۆ خەڵکی دیکەش ڕەوا نەبێت هەمان ئەو گومان و پرسیارانە بکەنەوە , کە دەرهاویشتەی یەك شێوە ڕوداو و بارودۆخن , لێ لە کات و ساتێکی جیاوزدا ڕویان داوە , ئەگەر مێژووی تراژیدیاکان دووبارە نەبنەوە , ئەوە دەبینین مێژووی کارەساتەکان دەڵێی ئاوێنەیان داوەتە دەست یەکتر , لە کۆپی یەکتردا دووبارە دەبنەوە .

**سزادانی خێلێیێك لە بڕی کار و کردەوەی پارتێك , دواجار شار و گەلێك لە تاوانەکانی هەڵەبجەو ئەنفال لە بەرامبەر کردەوەی چەند پارت و گروپێك , ئەوپەڕی کرداری فاشستانەیە , بەهیچ بەهانە و هۆکارێك ناکرێت سەپۆرت بکرێت , تاوانبارکردنی هەر لایەنێك , لە بری بەعس , لە پای ئەو تاوانانە , سپیکردنەوەی ڕووی ڕەشی فاشیستی بەعسە , لێرەدا ناتوانرێت بە هەڵەی لایەنەکان لە تاوانی بەعس کەمبکرێتەوە , هەڵەی لایەنەکان بەرز بکەینەوە بۆ ئاستی تاوان , بۆیە لە تاوانی بارزانی و هەڵەبجە و ئەنفالدا تاوانباری سەرەکی تەنها بەعسە , بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت , نەچینە وێزەی سیاسییەکان و پەرێزیان بێ دڕك و خاوێن نیشان بدەین , چاو لە هەڵەو کەم و کوڕی لایەنەکان بپۆشین , پاکانە بۆ کارەکانیان بهێنینەوە تەنها لەبەر ئەوەی کوردن , بە هۆکارێکی ئەنجامدانی ئەو تاوانەیان نەزانیین لە لایەن بەعسەوە , بەهانەی زێڕینیان لەسەر سینی زیوین خستە بەردەم بە سەدام , تا خەونەکانی جێبەجێ بکات لە قڕکردنی کورد , تا ئەو کاتەی بەرپرسانی ئەو کات , خۆیان لەسەر ئەم بابەتە ڕاشکاوانە قسە دەکەن و ئازایانە دێنە گۆ , ئەو گومانە لەسەریان هەر دەمێنێت , پرسیارەکانیش بارهاو بارها لێیان دەکرێتەوە .**




pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

هەرچەندە ئەگەر ڕژێم ئەو فاولە گەورانەی چنگ نەکەوتایا , نایتوانی بە سانایی نەخشە فاشیستییەکانی خۆی وا بە سانایی جێ بەجێ بکات , بڕیاری مەرگ بەسەر گەلێکدا بدات و نیشتمانێك بە تەواوی خاپوور بکات .

**ئەو بە پێی کیسەڵ بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی هەنگاوی دەنا ( لە وێرانکردنی زنجیرە گوندی سەر سنوور و هەرێمەکانی نەوت و تەعریب و ناوچە گەرمەکانی جەنگ و تیربارانکردنی گروپ تێی نەدەپەڕاند ) نەك بەو خێراییەی لە دوای جەنگە هاوبەشەکان ئەنجامی دا لە وێرانکردن و کۆمەڵکوژی .**

ئاوێزانکردنی بزووتنەوە و ناوچەیەك بە جەنگی نێوان دوو وڵات , لە ڕوی یاسایی و بەرپرسیارییەتییەوە شەرعییەت لە بە ژینۆسایدناسینی کۆمەڵ کوژییەکان دەسێنێتەوە , هەر وەك چۆن تاوانێکی گەورەی وەك هەڵەبجە , بەو هەموو وێنەو شوێنەوارەیەوە , بەو هەموو مەزنی و کارەساتەیەوە , لە دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە هۆڵەند , بە ژینۆساید نە ناسێنرا , بەڵکە بە تاوانی جەنگ دیاریکرا .

**هەندێك جار بەرپرسیارێتی بۆ خاوەنەکەی نەگبەتییە , بە تایبەت کاتێك کە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە , بۆیە ئەوەی لەو چالاکیانە بەرپرسیارێتی سەربازی و سیاسی گەورەتریان هەبووبێت , پشکی زیاتریان بەر دەکەوێت , بۆیە نابێت بە بەرەو ڕوکردنەوەیان فشاری خوێنیان هەڵبستێت , ئەگەر پرسیار و گومان و نووسینەکان چەندە ڕاچەڵەکێنەریش بن , سەردەمی سیاسەتی باوەشێنکردن تێپەڕی .**



ئەگەر بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا بە دوای کردنەوەی نهێنی گرێی گرتنی بارزانییەکانەوەیە , ئەمەش مافی ڕەوای خۆیەتی وەك ئەندامێکی ئەم گەلە کونج و کەلەبەری مێژووی ئەم گەلە بپشکنێ , ئەو نهێنییە بە باوەڕ و بۆچوونی بەڕێزی لە شەڕی هاوبەشی پارتی – **ئێران لە حاجی هۆمەران دەبینێتەوە , ئەوا بۆ ئێمەش ڕەوایە بە دوای کردنەوەی گرێی هۆکاری ئەنفالکردنی 182000 مرۆڤەوە بین , جێی خۆیەتی بە ڕچە ڕێگاکەی بەڕێزیدا بە دوای ئەو گرێیە بگەڕێین و لە شەڕە هاوبەشەکانی کورد–ئێران ی ساڵی 1986 بە دواوە بیدۆزینەوە , کە لێدانی نەوتەکەی کەرکووك مەزنترین و سەرەتاو دەستپێکێتی .**

**ئەم خولەی شەڕە هاوبەشەکان , چالاکییەکانی بەرفراوانترە لە دیدەوانی و ڕێنیشاندانەکانی حاجی ئۆمەرانی سەر سنوور , لە چاوساغییەوە گەیشتۆتە سەر پێش پاسدارا کەوتن و هێنانیان بۆ قولایی 150 کم ی کوردستان و لێدانی بڕبڕە پشتی ئابووری عێراق , کە نەوتەکەی کەرکووکە , ماشینی جەنگییەکەی عێراق بەهۆی ئەوەوە کاری دەکرد و درێژەی بە جەنگ دەدا , لێرەدا دەبینیین ڕژێم بەهۆی گەورەیی تاوانەکەوە , بە سزادانی یەك خێڵ , دڵی ئاو ناخواتەوە , دواتر دەبینیین پەلاماری هەموو ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان دەدا جگە لەچەند پوازێکی بچووکی جاش نشین نەبێت .**

لە بەرواری 20-6-1987 , ڕژێم بڕیاری سزا دانی هەموو بونەوەر **و گیانداریکی دەرەوەی ڕێگا گشتییەکانی کوردستانی دا , بەمەش**



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

بڕیاری مەرگی دا بەسەر  بەشی زۆری نەتەوەی کورد و ژیان لەسەر خاکی کوردستان ,  لە ژێر ناوی سزا دانی  نۆکەرانی ئێران  .

لە ئاکامی لێدانی نەوتەکەی کەرکووکەوە , کۆڕەوێکی خێرا و بە کۆمەڵ , ئەو شەوە لەو ناوچانە دەستی پێکرد ,  کە چالاکییەکە لە سنووریدا ئەنجامدرا بوو  , جەماوەری گوندەکانی دەوروبەر ڕێگا گشتییەکان کەرکووک ,  سەرجەم  گوندەکانیان چۆڵکرد , پاشان لە ڕۆژانی دواتردا لە هەنگاوی یەکەم  بەشی زۆری گوندەکان دەوروبەری کەرکووک خاپوور کران , لە هەنگاوی دووەمدا بڕیاری وێرانکردنی سەرجەم لادێکان کوردستان دەرچوو , ئەگەر لە ڕابردوو جار جارە گوندێکی لە ئەنجامی زیانلێکەوتنەوە وێران دەکرد , ئەوا ئێستا بڕیاری وێرانکردنی گشتی دا , لە گرتنی کەس و گروپەوە گواستییەوە سەر بڕیاری مەرگی گشتی  .

با بزانیین بەڕێز کاك نەوشیروان مستەفا , وەك فەرماندەی ئەو کردە سەربازییە گەورەیە  ,  چۆن هێزەکەی ئامادە کردووە   بۆ بەر پەرچدانەوەی کاردانەوەی هێرشی ڕژێم , بۆ پاراستنی جەماوەر لە تۆڵە کردنەوەی ڕژێم  و شوێنەواری  پەرچەکرداری , لە کاتێکدا ئەوەی ڕون بوو بۆ هەمووان , بوو بوو بە   نەرێتی باوی  بەعس ,  بەرامبەر هیچ چالاکییەك  بێ پەرچەکرداری توند و دڕندانە نەبووە لە تۆڵەکردنەوە لە جەماوەر  .

بۆ بەرگریکردن لە سەدان گوند و دەیان  هەزار گوندنشینی سڤیل , کە بەشی زۆریان جەماوەری لایەنەکەی خودی بەڕێزیان  بوون , لەو



شەوەی لە ناکاودا  گوند و ناوچە و بان خانوەکانیان هەموو کرا بە بەشێك لە جەنگی عێراق – ئێران , دەبینیین بەم شێوەیە خۆیان ئامادە دەکەن  , بەڕێزی ئاوا باسی بەسەرهاتی خۆی لەو شەوە مێژوویەدا دەکات :  *بۆ بەسەر بردنی ڕۆژێکی نەزانراو چووینە دێی شێخانی چەمی ڕێزان بە هیوای ئەوەی شەوی داهاتوو بگەڕێینەوە دۆڵی جافایەتی* ***14*** .

باشە دەبێت ئەو ڕۆژە نەزانراوە کامە بووبێت ,  کە بەڕێزی  لە چەمی ڕێزان چاوەڕوانی بووە , لە کاتێکدا سەدان گرد و تەپۆلکەو چەم و شیوو شاخ و دارستان و دۆڵ .... و دەیان گوند و  هەزاران بەرگری میللی و تیپی پێشمەرگەو  و چەندین  پارتی سیاسی و دەیان هەزار هاوولاتی سڤیلی  نموونە  وەك من و کەس و کارم ئاسا ,  وەك قەڵخانی مرۆیی لە دوای خۆیەوە وەك نێچیر بۆ بەعس لەو تەختایی و هەڵەتانە  بەجێ هێشتووە ! .

ئەگەر یەکێك شارەزای دەڤەرەکە نەبێت , وا دەزانێت چەمی ڕێزان و گوندی شێخان ,  لە دەشتاییە  کاکی بە کاکییە لە بن نەهاتووەکانی کەناری کەرکووکە  ,  کەوتۆتە  بنی بابەگوڕگوڕەوە  ! . ئایا دەبێت مانەوەی شەو لە گوندی شێخان چ موجازەفەیەکی سەربازی تێدا بێت , تاکو بە ڕۆژی نەزانراو  باسبکرێت  ؟؟؟ , لەوانەیە خوێنەر لە گوندەکانی سەر ڕاستە شەقامی کەرکووک – هەولێردا بەدوی ئەم گوندەیا بگەڕێن , یان لە هەڵەتەکانی کەلی سێکانی بیانەوێت بیدۆزنەوە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that's it! Get yours now!

**, نەك ئەوەی ئەم گوندە نزیك بە 75 كم لە نزیكترین پنتی چالاكییەكەوە دوور بووبێت , تا دەگەیت پێی , دەیان شیوو هەڵەت و شاخۆلكەو گردۆڵكە دێتە پێشت , ئەم گوندە تا ئێستا , هیچ تانجییەك بە سەلامەتی پێی نەگەیوەو لێی نەگەڕاوەتە دواوە , كۆپتەر بە لێزەریش ئەو شیوە قوڵە نادۆزرێتەوە , مەگەر شیوی شێری شاه مەسعوود وا سەخت و قوڵ بوبێت .**

بە تەئكیدەوە دەڵێم , ئەگەر ڕژێم ئەو ڕۆژە هەموو سوپاكەی كۆبكردایەتەوە و بیخستایەتە گەڕ , ناگەیشتە گوندی شێخان , كە ئەو كات ماڵ و بارەگای دائمی هەڤاڵ عەلی بچكۆلی ئەندامی سەركردایەتی لێ بوو .

دیارە هەموو دەم فەرماندەكان , سەركەوتنەكان بەناو خۆیانەوە تۆمار دەكەن , قوربانیيانی ڕاستەقینەش كە دروستكەرانی مێژوون تەنها پارچە شمشاڵێكیان بەر كەوتووە و دوایی لە بیركراون , لە كاتێكدا سەركردەكان هەموو دەم بە چەندین فرسەخ گولە نەگەیشتوە پێیان , هەرچەندە كاك نەوشیروان لەمەوە دوورە بەهەق فەرماندەیەكی سەربازی ئازا و جەسوور بووە .

**لە جەرگەی چالاكییەكە , كاك نەوشیروان لە گوندی مۆرخواردەی بناری چیای خاڵخاڵان دەبێت , ئەم گوندەش كەوتۆتە ناوچەیەكی سەختی پڕ لە شیوی قوڵ و تاشە شاخی قات قات و تەپۆلكەی چڕ و چەمی قوڵ و ڕەزی چڕ و پڕو قەمیشەڵان و پیشەڵانی پان و بەرینەوە , چەندین ساڵ**



**بوو ناوچەیەكی ئازادكراو بوو , بەڵام بە گوێرەی شێخان زۆر ترسناك و بەردەستە :** *بنكەی فەرماندەیی هێزەكەی خۆمم لە مۆرخوادە دانا . دوری مۆرخوادە لە كەركوكەوە لە 40 كم كەمتر بوو* [15] .

لە دوای تەواو بوونی چالاكییەكە , كۆماری ئیسلامی كردی بە هەڵاو هەمووی بە ناوی خۆیەوە بڵاو كردەوە , ڕاگەیاندنی بەو شێوەیە , بانگەوازی بە ناوچەی جەنگ كردنی كوردستان بوو لە لایەن ئێرانەوە , هیچ ڕۆڵێكی بۆ ینك نەهێشتەوە , ینكیش وەك حكایەتخوانەكە گەڕایەوەو هیچی بۆ نەمایەوە , تەنها ناوچەیەكی وێران و كوێركردنەوەی گوند و ماڵی خانە خوێكانیان نەبێت .

**شەهید ڕێباز بەم شێوەیە ئاماژە بۆ پاشقوڵگرتنی كۆماری ئیسلامی دەكات لە ینك , كە چالاكییەكەی بەناوی خۆیەوە بڵاو كردەوە :** *ڕۆڵەكانمان لە ڕەزمەندگانی ئیسلام توانییان كۆمپانیای نەوتی كەركوك خاپور بكەن* [16] .

ئەوەی باشە شەڕی كەركووك بە بەرچاوی جەماوەرەوە ئەنجامدرا , قارەمانەكانیشی ڕاشكاوانە تاكو ئەم چركە ساتە بێ سڵەمینەوە باسی ڕۆڵی خۆیانی تێدا دەكەن , بۆیە هەر پرسیارێك بكرێت لەسەر ئەم ڕوداوە مێژووییە گرنگە , ئەزانرێت بەرەو ڕوی كێ دەكرێتەوە , بە پێچەوانەی ڕوداوی حاجی هۆمەران قارەمانەكان و فەرماندەكانی تاكو ئێستا نەناسراون و هاشا لە بەشداری خۆیان دەكەن .



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

پێویستە ناوەخنی دانیشتنە پرۆتۆکۆڵییەکان لەگەڵ ئێران , ناوەڕۆکی نامە ئیمزا کراوەکان , چرکە ساتی جێبەجێکردنی هەموو ئەو جەنگە هاوبەشانە , ناوی قارەمان و پاڵەوانەکانی , هەموو بۆ جەماوەر ئاشکرا بکرێن , چونکە ڕوداوگەلێکی گەورەن و تراژیدیای مەزنیان خولقاندووە , هیچ ڕوداو تراژیدیایەکیش بێ پاڵەوان و قارەمان نابێت .

# ئازادکردن یان وێرانکردنی هەڵەبجە

تاکو ئێستا ئێمە سنووری مافەکانمان نازانین , ناشیانەوێت فێر بین , ماف شاردنەوەی لە هاوولاتیان , ئاماژەیە بە دەسەلاتی ناڕەوا , با پرسیارێك بکەین , ئایا بۆ تاکی کورد گفت و گۆکردن لەسەر ڕوداوە تاڵەکانی نەتەوەکەی خۆی ڕەوایە ؟ , یان دەسەلاتداران بۆ خۆیان چۆنیان پێ خاسە , دەتوانن بەو شێوەیە مێژوو بنووسنەوە , ئێمەی گەلیش کە دروستکەری ئەو مێژوەین و قوربانیدەری یەکەمی کارەساتەکانین , هەموو پیتەکانی مێژوو خوێنی ئێمەی لێ دەتکێت , تەنها ڕۆڵی تەمەشاکەر ببینین تیایدا , ئەگەر لە سەردەمی کۆیلەداریدا مرۆڤەکان جەستە و بیریان موڵکی خۆیان نە بوو , یاساغ بوو لە



خەویشدا ئازاد ین , نایانتوانی لە دەرەوەی ئیرادەی خاوەنەکانیان بیر لە هیچی دی بکەنەوە , ئەوا لە سەردەمی ئێستادا سادەترین ماف ئەوەیە , بتوانیت بەشدار بیت لە گێڕانەوەی چیرۆکی مەرگی گەلەکەت و نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی خۆت , بەلام تاکی کورد تاکو ئەم لەحزەیە ئەو مافەی نییە و ناشتوانێت منەی کات , چونکە ئەو ڕۆژانەی یاساغە قسەیان لێبکرێت , ڕۆژە نهێنی و قاچاغەکانی ناو مێژووی کوردن , پڕن لە لوغزی گەورەی سیاسی شاراوە , بەم هۆکار و هۆیەوە هەزاران نهێنی ئەم گەلە بردرانە گۆڕەوە , کەسیش ناتوانێت لە ناو گۆڕەکانەوە دەریانبێنێت , ئایا ئەو چیرۆك و نهێنیانە سامانی ئەم گەلە نەبوون ؟ هەموو بردرانە گۆڕەوە , بوونە خۆراکی مشك و مار .

سەرانی کورد ئەو مافە لە تاکی گەل دەسێننەوە بە قوربانیانیشەوە , چیرۆکەکانی خۆیانمان بۆ بگێڕنەوە , داستانەکانی گرتن و سەربڕینیانمان بۆ بنووسنەوە , هەزاران چیرۆکی کپکراومان هەیە , گوزارشت لە سەردەمی کارەساتەکان دەکەن , بەلام قەدەغەکراوە گوزارشتیان لێ بکرێت , با بزانیین کاك نەوشیروان مستەفا کە بە پێچەوانەی زۆربەی زۆری سیاسییەکانی دی , کە بۆ خۆی خوێندەوارە و تا ئێستاش سیاسییەکی دوور لە گەندەڵی و داوێنپیسیی و جدییە , هەڵوێستی چییە لەسەر ئەوانەی لە سەر کارەساتی هەڵەبجە دێنە گۆ و ڕەخنە دەگرن لە ڕوداوەکانی ئەوکات :



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*ئازادکردنی هەڵەبجە بوو بە کارەساتێکی نەتەوەیی , نەك هیچ گوشارێکی لە سەر شەڕەکانی ئەنفالی (1) سوك نەکرد , بەڵکە خەم و پەژارەی زیاتر کردن و کاری سەلبی کردە سەر ورەیان لەویش خراپتر بوو بە بیانوو بە دەس تاقمێ داخ لە دڵەوە بۆ ئەوەی سەروەری یەکانی شۆڕشی کوردی پێ بێ نرخ و تاوانەکانی دوژمنی پێ بشۆنەوە . هەندێ لەو بەناو (( ڕۆشنبیر!)) و (( کورد پەروەرانە؟)) ئەڵێن*

- *ئەگەر یەکێتی ئێرانی نەبردایەتە هەڵەبجە , صەدام بۆمبارانی کیمیایی نە ئەکرد !.*
- *ئەگەر یەکێتی هاوکاری لە گەڵ ئێران نەکردایە , صەدام گەرمیانی ئەنفال نەئەکرد !.*
- *خۆ ئەگەر سەرانی یەکێتی دوای ئاشبەتاڵ دەستیان بە شۆڕش نەکردایەتەوە , ئەوا نەکەس ئەکوژراو , نە هیچ ئاواییەك تێك ئەدراو , نە هیچ کوردێ زەرەری پێ ئەگەیشت ! .*
- *هەر بەم لۆجیکە , ئەگەر مستەفا بارزانی و سەرانی پارتی شۆڕشی ئەیلولیان دەست پێ نەکردایە , ئەوا*



*کوردستان تووشی ئەو هەموو کوژران و وێرانییە نە ئەبوو !.*

*بێگومان ئەمە لە باشترین خالەت دا نیشانەی بێهۆشی نەتەوەیی و , بەڵگەی نا ڕۆشنبیری ئەوانەیەو , لە خراپترین حالەت دا نیشانەی نا دڵسۆزییانە , چونکە مێژوو وەها نانوسرێتەوەو ڕووداوەکان وەها هەڵناسەنگێنرێ و ناگێڕدرێتەوە . 17 "*

دیسکۆفسکی دەڵێت : *هەر مرۆڤێك لە ئاست هەموو کەس و شتێك بەرپرسە " 18.*

نووسەر هاووڵاتییەکی چالاکە لە کۆمەڵگاکەیدا , نەك تەماشەکەرێکی وردبینی بێلایەن تەنها کاری پیاهەڵدان بێت بە سەر شکۆمەندی و دانایی بەرپرسان , بۆیە بەردەوام قسەی خۆیان هەیە , خەوی گەورەیان پێیە , جیایە لە خەونی سیاسییەکان , کەچی کاك نەوشیروان دەیەوێت نووسەران و ڕۆشنبیران بێلایەن بکات لە ئاست ڕوداوەکان و لە خەونی گەورەو ئەندێشەی مرۆڤدۆستانەو مەزنی پەیامەکانیان دایان ماڵێت , ڕوتیان بکاتەوە لە هەڵوێست نواندن و پرسیارکردن , بیانکات بە نووسەری سەلاری گوێگر , کاریان تەنها پیاهەڵدان بێت بەسەر دانایی و پاکی و شکۆمەندی و دادپەروەری دەسەڵاتدارانا , دەیەوێت نووسەران ڕۆبۆت بن چۆنیان ویست بەو ئاراستەو ئاقارەیا بیانجولێنن و بیانسوڕێنن



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

، ئەمەش بۆ خۆی کوشتنی عەقلّ ، پرسیار ، بیرکردنەوە ، گومانە لە ناخی نووسەردا ، سەرکردە نووسەری کوێری دەوێت ، بۆ ئەوەی هەڵەکانی نەبینێت ، بۆ ئەوەی ڕاستییەکان پەردە پۆش بکات ، نووسەر هەموو کات بە گومان و پرسیار کەرە ، ئازادە چ پرسیارێك دەوروژێنێت ، بە تایبەت لە وردەکارییەکانی گرنگترین و هەستیارترین قۆناغی مێژووی گەلەکەمان ، بەڵام بەڕێزی دەیەوێت ، وەك نووسەرانی حیزبەکانیان کاریان تەنها بەسەردا پیدا هەڵدان بێت و شاباشی شەڕ و گەندەڵی بکەن ، هیچ پرسیارێك لەسەر ڕابردووی کارەکانی ئەوان نەکرێت ، ئاخر نەك تەنها مێژوو کە هەموو گەل خاوەندییەتی ، بەڵکە نووسەران مافی خۆیانە تەنانەت لە کاتی پێویستدا بچنە ناو ژیانی شەخسیشەوە ، لەو لایەنانەی پەیوەستە بە ژیانی هاووڵاتیانەوە ، پەیوەستە بە چارەنووسی سیاسی گەلەوە .

لەم پەرەگرافەوە دەرئەکەوێت ، پرسیار و گومان لای کاك نەوشیروان ، سیاسییە جدییە خاوێنە خوێندەوارەکەمان ، بردراوەتە خانەی گوناهە مەزنەکانەوە ، بە کردنی خاوەنەکەی بۆ جهەنەم دەبات ، ئەی باشە سیاسییە پیسە دەبەنگەکان دەبێت چی بڵێن ؟ و چۆن ڕەفتار بکەن ؟ بەرامبەر بەو پرسیارانەی دەیانهێنێت بەچۆکدا .

کەس چاوەڕوانی هەڵوێست دەربڕین لە کەڕو لاڵەکان ، نووسینیش لە کوێرەکان ناکات ، بەڵام هەموو چاوەڕوانی هەڵوێست و وشەو وێنەین لە سیاسی و نووسەر و هونەرمەندان .



ینك سەنتەری ڕەوایی دادپەروەری نییە لە کوردستاندا ، تاکو ئێستا ئێمە بێین لە دورو نزیکی چەقی ( ینك ) ەوە ئاستی دڵسۆزی وتێکۆشەری نووسەران و پارت و گروپ و کەسەکان دیاری بکەین ، نووسەری مەسئول ئەو کەسە بێت چەپڵە لێدەری باش و شاباشکەری چالاك بێت بۆ حیزب و سەرکردە ، هەرچەند سەردەمی سەنتەریی گەل و نەتەوە لەگەڵ وەل بوونی پارتی سەرکردە بە بیر و کردارەوە بۆ هەتا هەتایە لە گۆڕ نراوە ، بەکەسیش ناگەڕێتەوە .

نووسەر دیلی حەقیقەتە ، کۆیلەی گێڕانەوەی ڕاستییەکانە ، بۆیە دەبێت هەموو گومانەکان بکات بە پرسیارکردن ، دەبێت لە عەقڵی چیایی ئەوکاتی سیاسییەکان تێپەڕێنێت ، عەقڵێك یەك دنیا قین و شەڕی ناوخۆیی و پێشێلی مافی مرۆڤی بەرهەم هێناوە ، تاکو ئێستا بەو عەقڵیەتەیان ڕێگرن لەبەردەم کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری ، دوژمنی پرسیارن و قینیان لە وەڵامە .

ئەم کارەساتانە شایانی باسکردن و هەڵوێستەکردنن لەسەری ، هێزێك لە هەناو ئەو کارەساتانە بوونی هەیە ، بە قولی بەرەو خۆی ڕامان دەکێشێت بەرەو هێزی ڕەخنەو گومانکردن لە ڕابردوو دەمانبات ، بۆ جەرگەی ڕاستییەکان کێشمان دەکات .

هەرچەندە برینەکان ئەوەندە گەورەو قولن ، بە ڕەخنە ساڕێژ نابنەوە ، بەڵام ویژدان ئارام دەکەنەوە ، جەستە دەحەسێننەوە ، لە برینی قولتری داهاتوو دەمانپارێزێت ، بۆیە دەبێت گومان بکەین و پرسیارەکان ئازایانە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

هەڵڕێژین , تا وەڵام وەردەگرینەوە کۆڵ نەدەین لە دووبارە و ملیۆن بارە کردنەوەیان .

هێشتا ئەو کارەساتانەی ئەو سەردەمە , ڕوداوەکانی ئەو زەمەنە زاڵە بەسەر بیرکردنەوەو باری ژیانی گەلی کورددا , شەڕێکی وێرانکەر , تاکتیکی ئابڕوبەری سیاسی , تیاچوونی فیزیکی و سیاسی بۆ کورد هێنا , بۆیە دەبێت پاشماوەکانی لە زەین و بیرکردنەوەی خۆمان دەر بکەین , تاکو جارێکی دی تووشی هەمان مەرگەساتمان نەکاتەوە .

ڕاستییەکان نابێت ون بن , ئەگەر ئێمەش پێی نەگەین , ڕۆژێك لە ڕۆژان جەماوەر هەر پێی دەگات , بۆیان ڕوون دەبێتەوە , مێژوو جارێکی دیکە دوور لە هێزی دەسەڵاتداران دەنوسرێتەوە , دەبێت بگەین بە کۆدی نهێنی ئەو ڕوداوانە, ڕەخنە و پرسیار و گومان پنتی کرانەوەی نهێنیەکانە , خاڵی گەڕانە بەدوای ڕاستییەکان , دەرهێنانی هەقیقەتە لە بیری ناڕاستی , گەیشتنە بە کۆدی حەقیقەت , دنیای ڕاستگۆیی و خاوێنی .

ینك قۆناغێکێکی نوێی لە تێ هەڵپێچانی جوڵانەوەی کوردی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێرانی داگیرکەری کوردستانی خۆرهەڵات داهێنا , هەرچەندە پارتی داهێنەر بوو لە شەڕی حاجی هۆمەران , بەڵام ینك تێیپەڕاند , ئەو تێ هەڵپێچانەی دوێنێ , کە کارەساتی گەورەی لێ کەوتەوە , ئەمڕۆ بەرژەوەندی نیشتمانی گەلەکەمان وا دەخوازێت بیکەینەوەو شیتاڵ شیتاڵی بکەین , وردی بکەینەوە و لێیبکۆڵینەوە , تاکو لە داهاتوودا ئەو شێوە کارەساتانە دوبارە نەبێتەوە , ئێمە وەك



تاکی ئەم کۆمەڵگایە مافی خۆمانە بەرگری لە قڕکردنەکانی ڕابردووی خۆمان و گەلەکەمان بکەین , چونکە خۆمان خاوەند خۆمانیین , نەك پارت و گروپ و کۆمەڵێك سەرکردە , سەردەمی کۆیلەداری توڕدراوە , بە پراتیکیش ئەمڕۆ دەرکەوتووە , بەشی زۆری ئەوانەی سیاسەتی کوردیان لەو ڕۆژانە بەڕێوە دەبرد , تەنها خەمیان گیرفانی خۆیان و سەلامەتی بانکەکەی هەڵەبجە بوو , نەك چەندین 5000 عومەر خاوەرەکەی دانیشتووانی .

دەیانەوێت کارەساتی هەڵەبجە و شەڕی هاوبەش لەگەڵ ئێران , لەناو گوڵدانی خەباتی چەکداری و بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بشارنەوە , بەمەش مەبەستیانە خەباتی چەکداری بۆ ڕزگاری نیشتمانی و فەتحە هاوبەشەکان , لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران , لە یەك خانەدا ڕیزبەندی بکەن , بە زۆر پێمان بسەلمێنێنن هەمووی یەکە , ئاخر چالاکییەکانی هێزی پشتیوان(ینك – هەرچەندە ئەمەش تەفسیری جۆراو جۆری لەسەر کراوە , بەڵام ئەو تەفسیرانە ڕەوایی ئەو شەڕە لەکەدار ناکەن ) بۆ پشتگیری لە کوردی خۆرهەڵات لە کوێ و فەتح و نەسر و کەربەلاکان لە کوێ ؟؟؟ , کام قەڵەم بەدەست , کام مرۆڤی خاوەند زمان , کام چاو , کام گوێ , کام و کام ... دەتوانێت ئەو 2 تاکتیکە دژ بە یەکە , لەیەك خانە ڕیز بەندی بکات ! , بۆ هەردووکی بەهەمان ئاواز و ڕیتم چەپڵە لێبدات .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

چۆن بۆ نووسەر ڕەوایە هەڵوێست دەربڕێت ، لەسەر ڕوداوی بێسەر و شوێنکردنی بارزانییەکان ، ئاوا بۆ ئێمەش وەك تاکێکی چالاکی ئەم کۆمەڵگەیە ، وەك قوربانیەکی ئەو ڕوداوانە ، وەك بونەوەرێکی سیاسی ، وەك ئاژەڵێکی سیاسی قسەکەر ، بۆمان ڕەوایە هەوڵوێست دەربڕین لەسەر سەرجەم ڕوداوەکانی کوردستان ، هەمان هەڵوێست لەسەر مێژەکەی بەڕێزی و هەموو سیاسییەکانی ئەوکاتی کوردستان دابنێین ، کە خۆیان دەریان بڕیووە ، چونکە هەڵوێستی کەسایەتییەکی سیاسی گرنگی وەك کاك نەوشیروان کە تاکو ئێستا سیاتمەدارێکی جدیەو نەگلاوەتە گەندەڵی ئابووری و سیاسی و ئەخلاقییەوە ، تەنها خۆی خاوەندی هەڵوێستەکانی نییە ، قسەکردن لەسەر ئەو کەماسیانە مانای ئەوە نییە ئاو بکرێت بە دەستی بەعسدا و سەپۆرتی تاوەنەکانی بکرێت ، بە پێی هیچ یاسایەك ناکرێت گەل و خێڵێك لە پای کار و کردەوەی پارت و چەند لایەنێك کۆمەڵکوژی بکرێت ، کوشتنی ملیۆنان جەنگاوەر بە ئەندازەی کوشتنی منداڵێکی سڤیل لە یاساکانی نێو دەوڵەتی تاوان نییە ، خەڵکی سڤیل کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی خاوەندارییەتیان لێ دەکات ، بەڵام تاکی چەکدار و گەریلای جەنگاوەر تەنها تفەنگەکەی شانی ئەگەر گروپ و پارتەکەشی لەسەری بێتە وەڵام ، بۆیە هیچ کات و هیچ کەس ناتوانێت ئاو بە دەستی خوێناوی بەعسدا بکات بۆ قەتلوعامی خەڵکی سڤیل .



بەهۆی ئەو جەنگە هاوبەشانەوە سەرجەم کورد لە لایەن بەعسەوە کرا بە خائین ، لە بەرامبەریدا بەشێوەی بەربەرییانە مومارەسەی هۆلۆکۆست کرا بەرامبەر بە بەشی زۆری مرۆڤی کورد ، ئاوەدانی ، سروشت ، مزگەوتەکانی کوردستان ... .

نەك تەنها مرۆڤی کورد ، بگرە سروشتی کوردستانیش سزادرا ، هەموو تاکێکی کورد بە جەنگاوەر درانە قەڵەم ، هەر لەم بۆچوونەوە هەڵس وکەوت لەگەڵ جەماوەردا کرا .

پێویستە ڕاستیەکانی کارەساتی ( هەڵەبجە و ئەنفال و بارزانی) لە مەرگ ڕزگار بکەین ، لە فەوتان و بیرکردنەوە و ئاوەژووکردنەوە بیانپارێزین ، ئەوەی بە چاوەکانی خۆمان بینیومانە ، بە ڕاستگۆیانە بینوسینەوە ، ئێمە پاڵەوانان و شایەدحاڵەکانی ئەوکات ، پەیامنێری ڕاستییەکانین ، لە نێوان مێژوو و حەقیقەتدا ، تەنها ئێمە و ئێسکەکانی ناو بیابانەکان ئەو ڕاستیانە دەزانیین ، ڕاستییەکی سامناك و مەترسیدار ، بۆیە لەسەرمانە بە ئامانەتەوە بیاننوسینەوە و بیگەیەنین بە نەوەکانی داهاتوو ، بە هەموو ئەو مرۆڤانەی لە داهاتوودا بە کوردبوون لە دایك دەبن و دەژێن ، بیگەیەنین بە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش .

هەموو تاکێکی چالاکی ئەم کۆمەڵگایە ، لە هەموو کات و شوێنێکدا ، مافی ئەوەی هەیە بپرسێت بۆ ؟ ، دەبێت هیچ پرسیارێك بێ وەڵام لە بیر و هیزری خۆیدا نەهێڵێتەوە ، ئێوەش تا ئەوکاتەی وەڵامی پڕبەپێستی ئەو پرسیار و گومانانەمان دەدەنەوە ، هەر بەچاوی گومانەوە لە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**کارەکانی ڕابردووتان دەڕوانرێت , سەردەمی ڕازیکردن و تاوانبارکردنی ڕوکەشی بێ بەڵگە نەماوە , تاکە چارەسەر وەڵامە بە پرسیارە زۆر و زەبەنەکانی ئێمە , قوربانیان , گەل , مرۆڤایەتی .**

**ئەوە نییە تەنها نووسەران و ڕۆشنبیرانی نامەسئولی کورد ئەو گومانەیان هەبێت و ئەم پرسیارانە بکەن , سەیربکەن و بنواڕن بزانن ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی چی دەنووسێت , چۆن شایەدی ئەوە دەدات زۆربەی خەڵکی کوردستان هەمان پرسیاریان هەیە :** *هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هەڵەبجە , لە مانگی کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق هات , هەڵەبجە پێشمەرگەی لێبوو , ئەو پێشمەرگانەش پەیوەندییان هەبوو بە تارانەوە , زۆربەی کوردەکان پێیان وایە ئەو هێرشانەی ڕژێمی سەددام لە ئاکامی ئەو پەیوەندییانە بوو (ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا , وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە بابان , مارگریت بەشیر , دادگاییکردنی سەددام ........ , هەولێر پۆست ژمارە **65, 19-7-2006**) .*

**ئەگەر ئەو هێرشە هاوبەشەی کرایە سەر هەڵەبجە , لە جێگەیەکی دیکەو جوگرافیایەکی دیکەی ئەم کوردستانە ئەنجام بدرایا , ئایا ئەو شوێنە کوردی بە جیهان نەناساند وەك ئێستای هەڵەبجە ؟؟؟ , بێشك بەڵی , هەروەك بە وتەی خۆیان نەخشەیان بۆ ڕزگارکردنی قەڵادزێ کێشابوو , ئەگەر لەو شارە نەخشەکە جێبەجێ بکرایا , هەڵەبجە بە شایی و**



**هەڵهەڵەوە ئازاد بکرایا , ئەوا کارەساتەکە ئەو شارەو ئەو دەڤەرەی دەگرتەوە , ئەوجا عومەر خاوەر دەبوو بە خدر خاوەر و هەڵەبجەش دەبوو بە قەڵادزە , 5000 ەکەش دەبوو بە ژمارەیەکی دیکە و دیمەنەکانیش جیا دەردەچوون .**

لەبەر خۆشەویستی خەڵکی قەڵادزە و نازداری دەڤەرەکەی نەبوو , ئەو نەخشەیە جێبەجێ نەکرا , بەرە گواسترایەوە بۆ هەڵەبجە , بەڵکە لە شانسی قەڵادزەییەکان , باری سەربازی و بەرژەوەندی حیزب و سەر ڕێبوونی ناوچەکە بۆ ینك , ئەو شارەی ڕزگارکرد لە تراژیدیا و نەیناساند بە جیهان : ***لە بەر ئەوەی چالاکی یەکەم بڕیاری هاوبەشی لەسەر درابوو لە لایەن حکوومەتی ئێران و یەکێتی بە ئاگاداری سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی کە بەرەی قەڵادزە بوو ناوچەکەی کەوتبوە پشت دۆڵی جافاتییەوە کە ئەگەر لەم بەرەیەدا شەڕ هەڵگیرسا کاریگەری خراپی هەبوو بۆ سەر ناوچەکە لە لایەکەوە نووسابوو بەم بەرەیەوە لە سنووری ڕانیەو قەڵادزەوە کە هێزی ئامادەکراوی عێراقی لێ بوو لە لایەکی ترەوە تەنها ڕێگەی هاتوو چۆی یەکێتی بوو بۆ هێنانی کەل و پەلی پێویستی شەڕ و بریندار و ڕەوانەکردن لە ڕێگەی ئەم سنوورەوە بۆ ئێران بۆیە ئەو پلانەی کە بەرنامەی بۆ داڕێژرا بوو ئاڵوگۆڕی پێکرا کە شەڕی ناوچەکانی هەڵەبجە پێش***



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

***بخرێت و بکرێت بە چالاکی یەکەم و قەلآدزە بکرێت بە چالاکی دوای ئەو 19 .***

لایەنەکان لە بەشکردنی زیان کارامەن بەسەر هاوپەیمانەکان خۆشیان , بەلآم دەستکەوت دەشارنەوەو گزی لە هاوسەنگەرانی خۆیان دەکەن و بەشیان دەخۆن . ئەو چرکەیەی هەڵەبجە کوردی بە جیهان ناساند , بەرەی کوردستانی نەك پێك نەهاتبوو بەڵکە هێشتا هێلکەی نەپیتاو بوو , ئیتر نازانم چۆن بەرەیەك خۆی درووست نەبوبێت , بڕیاری لەسەر ئەم جەنگە نەگریسە داوە , وەك هەندێك بەرپرسان بەرەی کوردستانی دەکەن بە مۆرکەری پرۆتۆکۆڵی ئەم جەنگە : *هەر لە دوای ئاشتبونەوەی گشتی یەکێتی نیشتمانی و حیزب کوردستانییەکاندا ئەم بەرنامەیە هەموو لایەنەکان ڕەزامەندییان لەسەر دابوو . بە بەرنامەی بەرەی کوردستانی و بایەخیان پێ دابوو لە ڕووی پاراستنی نهێنی و ئیش بۆ کردنەوە هەر حیزبە لە چوارچێوەی سنووری دەسەلآت و ئیش کردنی خۆیدا دەست بەکاربوو هەرچی بۆ بکرێت ئیش بۆ بکات تا کاتی ئەنجام دانی 20 .*

لەبەر ئەوەی بەهانە هێنانەوەکان دوورن لە ڕاستییەوە , بۆیە هەر یەکە , بە شێوەو جۆرێك ئاماژەی پێ دەدات , فەرماندەیەکی دیکەی هەمان لایەن , ئەم بۆچونە ڕەت دەکاتەوە , شەڕی هەڵەبجە دەباتەوە سەر



هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر شەڕی سەرکردایەتی , کە لەو کاتەدا (ینك) ی تەنگەتاو کردبوو , هەرچەندە زانیارییەکانی ئەمیش دوورە لە ڕاستییەوە , ڕوداوەکانی شەڕی هەڵەبجە لە ڕاستیدا وا نالێن : *لە گەرمەی ئەو شەڕانەی سەرکردایەتیدا و بۆ کەمکردنەوەی گوشاری شەڕەکە ئێران هێزێکی گەورەی گرد کردەوە بە هاوکاری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کوردستان بۆ پەلاماردانی هەڵەبجەو ناوچەی شارەزوور , بەلآم ئێران لە دواساتدا دەستی لەو بەرنامەیە هەڵگرت و پەشیمان بوەوە , بۆیە یەکێتی بەهاوکاری هێزەکانی پارتی و سۆسیالست و بزووتنەوەو هەندێك هێزی بەدر ڕۆژی* ***14-3-1988 پەلاماری ناو شارۆچکەی هەڵەبجەیان داو لەگەڵ یەکەم هەنگاوی پەلاماردانی هەموو شوێنەکان لە دوژمن پاککرایەوەو جێگا حەساسەکان کەوتنە دەست پێشمەرگە , هەروەها پێشڕەوی بۆ ناوچەکانی تری شارەزووریش کرا بە تایبەتی بۆ بیارەو خورماڵ و تا نزیك سەید سادق پاکسازی کرا 21 .***

فەرماندەیەکی دیکەی داستانی قورگرتنەوە بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە , لێ سەر بە پارتێکی دیکە , بە جۆر و شێوەیەکی تر باسی هێرشەکە دەکات , کە تەواو پێچەوانەی ئاماژە پێدانی بەڕێزی پێشووە .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

له نووسینەكەیدا  پەنجه بۆ ئەوه ڕادەكێشێت , هێزەكانی لایەنەكانی كوردستانیش نەبونایا ,  ئەوا ئێران  به تەنها هێرشەكەیان هەر ئەنجام دەدا , واتا ڕۆڵی كلكایەتی  پاشكۆیەتی ناچار  دەبەخشێت به لایەنه كوردییەكان , نەك قارەمان : *هێزه كوردییەكان وەڵامی ئەوەیان به هاوكاری ئێران له هێرشی هەڵەبجه به ناوی فەجری 10 وه , **هەرچەنده ئەگەر هێزه كوردیەكانیش بەشداریان نەكردایه ئێران خۆی ئەو هێرشەی هەر دەكرد بەڵام ئەوەنده جێگای نەدەگرت و عێراق ئەوەنده زەرەری لێ نەدەكەوت وەكو باسمان كرد قیادەی هاوكاری لەگەڵ ئێران كاك شێروان شیروەندی له لایەن سۆسیالستەوه قیادەی مەیدانیش له سنووری ئەحمەد ئاوا بەشداری كرد وه قیادەی یەكێتی نیشتمانی كاك فەرەیدون عبدالقادر و مەیدانیش كاك شەوكەت حاجی مشیر و له بزووتنەوەی ئیسلامیش مامۆستا مەلا عەلی و مەیدانی و هاوكاری بووه له پارتیش مولازم بابەكر قیادەی هاوكاری لەگەڵ ئێران و كاك حمید ئەفەنیش قیادەی مەیدانی و مەسئولی لقی 4 بوو 22.***

***(( هەر ئەو ڕۆژه هێزێكی ئێران گەیشته كردی بەكر ئاواو لەلاشەوه پاسدار گەیشته ناو هەڵەبجه و پاشان پێشمەرگەی یەكێتیش به هاوكاری ئێران گەیشته ناو شاری هەڵەبجه پێشوازییەكی گەرمیان له پێشمەرگەی یەكێتی كردبوو .....23 .***

بەشێك لەو هێزانه له هاوپەیمانییەتی له گەڵ ئێران  تێیان پەڕاند , گەیشتنه قۆناغی بوون به بەشێك له سوپای ئێران , هەر وەك شەهید شەوكەت حاجی مشیر , ئاماژەی  پێ دەدات , له كۆبونەوەكاندا , بزووتنەوەی ئیسلامی وەك هێزێكی تەواو ملكەچی كۆماری ئیسلامی ئێران گوێ ڕایەڵ بووەو كاری كردووه  , له لایەنەكانی دیكه زیاتر مل كەچی بڕیارەكانی ئێران بوونه : *لەم كۆبونەوەیەدا لێپرسراوانی ئێران به نوێنەری هەر سێ حیزبەكەی بەرەی كوردستانی ڕاگەیاند كه (( بزووتنەوەی ئیسلامی )) هەموو بڕیارێكیان سەر به ئێرانه  لەم شەڕەدا , چونكه بزووتنەوەی ئیسلامی تەنها یەك ساڵ بوو دروست بووبوو 24.*

چەكدارەكانی بزووتنەوەی ئیسلامی , به بۆنەی  سەركەوتنەكانیانەوە, شای و لۆغانیان له هەڵەبجه گێڕاوه , میدل ئێست ۆچ و چاودێری مافی مرۆڤ  لەم بارەیەوە دەنووسن  : *چەكدارانی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراقی به بۆنەی سەركەوتنەوه شایی و هەڵپەڕكێیان لەبەردەم بارەگای ئەمن و ئیستخبارات دا ساز دابوو كه بۆخۆیان داگیریان كردبوو , بەڵام خەڵكی شار به گشتی له چاوەڕوانیی بەڵاو*




**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

مەترسییەکی گەورەدا بوون , بە تایبەتی کەوا لە ماوەی 15 مارت دا فەرمان بە کارمەندانی فەرمانگەکان درا چۆڵی بکەن و بگوێزنەوە 25.

بەڵام نامەکەی خوالێخۆشبوو مەلا عوسمان عەبدولعەزیز و ئاماژەی پێچەوانە دەدەن , هاشا لە ڕۆڵیان و بەشداری لە چالاکییەکە و شایی سەرکەوتنەکەی دەکەن , خۆیان ناکەن بە شەریکی زیانەکە , دەهرییەکەی بە ملی خۆیان ناهێنن و هاشا لە چرپینی گۆرانی و گرتنی سەرچۆپی و هەڵپەڕکێیەکە دەکەن , هاشا لە ئەڵاو ئەکبەر و تەکبیرەکانی دوای ئازادکردنی شار دەکەن , چونکە دواتر ئەم چالاکییە نغرۆبوونی شار و کۆمەڵ کوژی دانیشتووانەکەی لێکەوتەوە , شکست و زیانی نەگبەتیش هەموو دەم هەتیوە , بێ کەس و دایك و بابە , هەموو کەس لێی هەڵدێت , ئەگەر ئەو نامەیە پێش کارەساتەکان لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن بڵاوکرابێتەوە ئەوا جێی متمانەیە و دەڵێین بارەکەڵا , بەڵام بڵاوکردنەوەی دوای کارەسات بە عانەیەك قەڵب , لە کۆتایی نووسینەکەدا هەردوو نامەو بۆچونەکە وەك خۆی بڵاوکراوەتەوە .

پاسدار لە چەند ڕۆژ پێش 16 ی مارتەوە , هاتنە ناو شاری هەڵەبجەوە و بە ئاشکرا تیایدا بینراون : وەك باس دەکرێ هەندێ لە پاسدارە ئێرانییەکان هەر زوو لە 13 ی مارتەوە دزەیان کردبوە ناو شارەوەو لە شەوی 15 ی مارتدا بە ئاشکرا بەناو شەقامەکاندا نمایشیان دەکرد و بە یاوەریی کوردە عێراقییەکان و سڵاویان لە خەڵکی شار دەکرد و هاواریان دەکرد " الله اکبر خومەینی ڕەمبەر" 26 .

, " و خۆیان دەکرد بەناو ماڵەکاندا و فەرمانیان پێدەکردن نانی شێوانیان بۆ ئامادە بکەن . هەندێك بە ماتۆڕ بە دەوری هەڵەبجەدا دەسوڕانەوە ...... " 27 .

گرتنی هەڵەبجە بۆ ئەوە نەبوو بکرێتە سەرەتایەك بۆ پاککردنەوەو ڕاماڵینی بەعس لە هەموو کوردستان , بەڵکە بۆ کردنی بوو بە وێستگەیەك بۆ گەیشتن بە شارەکانی نەجەف و کەربەلا , بە گوێرەی ئەو ئاماژانە , کە جێی متمانەی جیهانیین , وا پێی دەچێت هەڤاڵانی پێشمەرگە , گفتی ئەوەیان بە پاسداران دابێت , چاوساغیان بۆ بکەن , تا گەیشتن بە شارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا , لە پرسیاری پاسدارەکان لە خەڵکی هەڵەبجە ئەمە دەخوێنرایەوە : " ئەمانە لە خەڵکە واق وڕماوەکەی سەر جادەیان دەپرسی کە شارە پیرۆزەکانی کەربەلاو نەجەف چەند لێرەوە دوورن " 28 .

کاك نەوشیروان مستەفا , بە پێچەوانەی هاشاکردنی برادەرانی بزووتنەوەو خۆ دزینەوەی هەندێك لایەن , ئەو هێزانەی بەشداربوونە لە داستانی ڕزگاری هەڵەبجە ئاوا ڕیزبەندییان دەکات : هێزە کوردی





pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

***یەکان : یەکێتی , پارتی , حسك , بزووتنەوەی ئیسلامی هێزی سەرەکی ڕزگارکردنی هەڵەبجە بوون 29 .***

لەبەر ئەوەی ڕەوتی چالاکییەکە لە دواییدا پێچەوانە کەوتەوە , پێشمەرگە بە زیان لێی دەرچوونە دەرەوە , کورد کرا بە قوربانی گەیشتنی پاسداران بە شارە پیرۆزەکانی نەجەف و کەربەلا , بۆیە کاك نەوشیروان , هەموو بەشداربووان لە چالاکییەکە دەکات بە برا بەش لەگەڵ ینك , قەت ینك ئاوا سەخی تەبیعەت نەبووە , لە دابەشکردنی سەرکەوتن لەگەڵ هاوپەیمانەکانی , بە تاییەت دەستکەوتی سەربازی , هەموو کات گۆشتی بۆخۆی خواردووە , ڕیخۆڵەشی بۆ هاوپەیمانەکانی بەجێ هێشتووە , هەرچەندە لە ڕاستیدا پێشمەرگەی ینك , لە چالاکییە سەربازییەکان بەشی شێریان ئەنجامداوە لە کوردستان , پێشەنگی خەباتی چەکداری بوونە .

بەهەقیش بۆخۆی وایە , ئەوەی تەنها ڕەزامەندی لەسەر پەیماننامەکە کردبێت , تەنها پرۆتۆکۆڵەکانی واژۆ کردبێت , بە ئەندازەی پشکی گەورەترین لایەنی خاوەند گەورەترین هێزی سەربازی لە دورینەوەی زیان و هەڵەی بەردەکەوێت , بۆیە ئەو لایەنانە بەبێ جیاوازی برا شەریکن لەهەموو شوێنەوارەکانی ئەو شەڕە , چۆن لە دەستکەوت و سەرچۆپی یەکەم ڕۆژ شەریك بوون , ئێستا لە پرسیار و گومانەکانی ئێمەش یەکسانن .



لە دورینەوەی دەسکەوت و شکست , گرنگ باوەڕبوونە بە چالاکییەکە , نەك بەشداری ژمارەی زۆری جەنگاوەر و هێزی ئاگری ئەو لایەنە لە شەڕەکە .

بەڕێزی ناڕاستەوخۆ دان بە شکستی ئەو جەنگ و داستانە دەنێت , بەوەی کەس خۆی ناکات بە خاوەندی , لە درێژەی نووسینەکەیدا بەڕێزی بەم شێوەیە باس لە نمەك حەرامی هەندێك لایەن دەکات و دەنووسێت : *هەروەکو چەندین جار ڕوی داوە کە , سەرکەوتن هەموو لایەك خۆی کردوە بە برابەش لە تێك شکانیش خۆی دزیوەتەوە* ***30*** .

منیش بە تەواوی لەگەڵ ئەو بۆچونەم , ئەو لایەنانە ئەمڕۆ ناوێرن خۆیان بکەن بە شەریکە بەشی شەڕەکە , هاشا لە ڕۆڵ و بەشدارییان دەکەن لە چالاکییەکە , بۆیە پێویستە بە پرسیارکردن هەموویان بدۆزرێنەوە و بکرێن بە برا بەشی ئەو شەڕە , برا بەشی پرسیار و گومانەکان , هەرچەندە کاك نەوشیروان ئەو ئەرکەی ئەنجام داوە , بێ وەڵامی برا بەشەکانیش باشترین بەڵگەی شەریکایەتییانە لە کارەساتەکە .

لایەنێکی سیاسی ئەگەر تەنها واژۆی لەسەر پرۆتۆکۆڵەکەو ئەنجامدانی شەڕەکە کردبێت , چەپڵەی بۆ هەڵگیرسانی لێدابێت , بە ئەندازەی ئەو لایەنەی ڕۆڵی سەربازی سەرەکی گێڕاوە , پشکی لە دورینەوەی هەڵەکان بەر دەکەوێت , هەڵە لە هەوڵوێستەوەیە , نەك



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

له وردەكارییەكانی به پراكتیزەكردن , له هەڵوێستی سیاسییەوەیه , نەك ژمارەی جەنگاوەر و هێزی ئاگری لایەنی بەشدار بوو و ناوچەی سەربازی .

**ژیان هەموو كات ئەزموونێك لەوانی دیكه زیاتر فێر خەڵك دەكات , ئەویش ئەوەیه زەرەر هەتیوە كەس خۆی ناكات به باوكی , بردنەوەش هەردەم شەڕه لەسەری , كەواتە جەنگ لەسەر ئەنجامی سیاسییه , نەك دەسكەوتی شەڕ , شەڕی هەڵەبجەش بۆیه بێ بابه , چونكه دەسكەوته سیاسییەكەی قێزەونه .**

ئەوەی له ناو شار بووبێت , پشتی به كەمینەكانی سەر جادەی گشتی بەستووه , دەنا خۆی ڕاناگرت و دەستی بۆ ئاگر بازی وا گەورە نابرد , بۆیه هەموو تەواوكەری داستانێكی مەزنن , دوایی بوون به قارەمانی كارەساتێكی مەزن .

ئێران هەموو دەسكەوتەكانی شەڕی هەڵەبجەی بۆ خۆی برد , سیاسی و سەربازی و تالان و بڕۆ , پارته كوردییەكانیش جگه له كارەساتی هەڵەبجه بۆ گەلەكەیان و وێنەكەی عومەر خاوەر بۆ بازرگانی پێوەكردن , هیچی دیكەیان بۆ نەمایەوه , له عەمەلیاتی : *فەجری 1 دا كه وەك ئێران باسی كرد دەسكەوتەكانی جگه له 800 كم چوارگۆشه له ناویدا 102 گوند كه سەرەكیترین دەسكەوتیش ڕزگاركردنی هەڵەبجه بوو ) 31 .*



دوای چالاكییەكه , لایەنه كوردییه بەشداربووەكان , وەك شاگردیش له لایەن ئێرانەوه قەبوڵنەكران , بۆیه چەمكی ئازادكردنی هەڵەبجه , بوو به دەستەواژەیەكی پوچ و بێ مانا كەس ناوێرێت لەمڕۆدا بەكاری بهێنێتەوەو دووبارەی بكاتەوه , تەنانەت له دانیشتنه حزبییەكانیش : *ئێران له ڕۆژی* ***19-3-1988*** ***كابرایەكی بەناو ڕەزائی وه دانا بۆ قایمقامی هەڵەبجه و لای خانوەكانی گوڵان لەوبەری چەمەكەوه مۆرو كورسی و مێزی خۆی لێ دانا و بانقی هەڵەبجەش حەرەسی یەكێتی لەسەر داندراو مودیری بانقی هەڵەبجەش كاك قادر سۆفی سەعید بوو ئەمرێ له حكومەتی ئێرانەوه بۆ پاسداران دەرچوو بۆ كاتی پێویست دەتوانن تا شتتان پێ دەكات له ماڵی خەڵكی و له بازاڕی هەڵەبجه ئیستیفادە بكەن و دوای حكومەت تەعویز و زەرەریان دەداتەوه یاخوا جەزای خێری خاوەنەكەی دەداتەوه ئەوەش قۆناغێك بوو بۆ ئەوەی دەسكاری ماڵی خەڵك بكرێت ئێران تەبلیغی هەموو حیزبەكانی كرد نابێت كەس لەناو هەڵەبجه مەقەڕ دانێ و كەس بڕواتە ناو شارەوه تەنها ئێران بۆی هەیه و به وەرەقەی فەرمان داریەوه*** 32 .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

تالآن و بڕۆی ئێران له شاری هەڵەبجە , هەمە لایەنە و هەموو شوێمێکی گرتەوە , ئەگەر عێراق کیمیابارانی هەڵەبجەی کردبێت و خەڵکەکەی کوشتبێت , ئەوا ئێرانیش سەرتاپای میراتی پاشماوەی خەڵکی ئەوشارەیان تالآن کرد , لەو جەنگە نا پیرۆزەدا سەر بۆ بەعس ماڵ بۆ ئێران بوو : ... *له لایەکی کەوە ئێران لەسەر بەرنامە کەوتە بردنی هەرچی شتی بەکەڵك هەیە بۆڕی ئاو گەورە و بچوك و تەنکەری ئاوو بەنزین و نەوتی عەسکەری و مەدەنی هەرچی دەست کەوت ماڵی حکومەت یان دائیرەکان وە تەقاندنەوەی هەندێك جێگای گرنگ وەك کارگەی پەتاتەی سیروان کارگەی جگەرەی هەڵەبجە وپردی زەڵم و زۆری کەو بینای باشی تەقاندەوە وەکو گازینۆی ئەحمەد ئاوا له پشتی پەڵگەوە وە له ڕۆژەکانی دوایدا کەوتە بڕینەوەی عامودەکانیش عمودی دەبڕیەوەو دەیبرد ئەوەی بەکار بهاتایە شۆفلٚ و سەیارەو هەتا سەیارەیشەخسی و بلدۆزەرو زۆر شتی برد دەیەویست هیچ بەجێ نەیەڵێ له دوای خۆیەوە , له ئێوارەی ڕۆژی* ***24-3-1988 من له بازاڕی هەڵەبجەوە تێپەڕ بوم سەیرم کرد هەندێك له برادەرانی یەکێتی و پاسدارانیش لایان وەستابون بە کۆسرەوە و مەکینی لەحیم خەریکی بانقەکەی هەڵەبجە***



***بوون ئێمە نەوەستاین بۆ بەیانییەکەی واتە 25-3-1988 سەرم دا لەو ڕەزائیە کە داندرابوو بە فەرمانداری هەڵەبجە سەیر دەکەم بۆڵەی دێت ووتم چیە ووتی بانقەکەیان بردووە فەردەیەك پارەی وردە داندرابوو پەنجایی و دینار و لەو بابەتە ووتم خۆتان بردوتانە ... ووتم بۆ ئەوە پاشماوەیەك نیە لات داندراوە .. ووتی ئەوە چوین له بنی قاسەکەدا کۆمان کردۆتەوە ووتم ئێوە حەرەس نەبوون ووتی با ئێمەو یەکێتی پێکەوە حەرەس بووین ئێمە حەرەسەکان خۆمان گرتووە لەوانەیە یەکێتی بێت***

***...............................................................***

***.................... هەمان شەو لەشکری خوراسان له تیپی ( 2)ی ئیمام ڕەزا بانقەکەیان تەقاندەوەو پارەکەی کە زیاتر له ( 700) هەزار دیناری پارەی خەڵکی و زیاتر له 70 کگم زێڕ و زۆر شتی بە بەهایان برد ......33 .***

بە گوێرەی وتەی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە , دوای دوو ڕۆژ له کیمیابارانەکە , شارەوانی کرماشان هاتنە شاری هەڵەبجە , هەرچی کەل و پەلی گەورە هەبوو بۆ خۆیان بردیان , ئەوانیش ڕێپێدراو بوون له لایەن هێزی پێشمەرگەوە .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

# ڕێگە گرتن لە دەرباز بوونی خەڵکی شاری هەڵەبجە

یەکێك لەو دیاردانەی کە سیاسیەکان لەکاتی خۆیدا بە لەخۆباییبونەوە ئەنجامیان داوە و بە ملهوڕییەوە جێبەجێیان کردووە , ئێستا لە بەرامبەر وەڵامدانەوە پرسیارەکانی و ئاشکراکرنی نهێنییەکانی زۆر لاوازن , ناوێرن ئازایانە گوێ بیستی پرسیارکردن بن لە بارەیەوە , ڕێگە گرتنە لە جەماوەر بۆ دەرچوون لە هەرێمەکانی ژەهر و جەنگ و کێڵگەکانی مەرگ , لە ترسی ئەوەی گومان لە ڕابردووی سیاسیان بکرێت , مێژووە پڕ سەروەرییەکانیان بخرێتە ژێر گومان و پرسیارەوە لەو پرسیارانە زارە



ترووك بوونە , دیارە مەرج نییە ئەم بڕیارە هەموو کات لەسەرەوە درابێت , جاری وا هەیە بڕیاری شەخسی فەرماندەیەك ڕۆڵ دەگێڕێت .

ئەوانەی هەموو دەروازەکانی ژیانیان ئابلوقە دابوو لەبەردەم جەماوەر , پێشمەرگە و پاسداران شورایەکی وەهمییان لەبەردەم دەربازبوونی خەڵکەکە دروست کردبوو , بۆ ڕێگە گرتن لە بەردەوام بوونی ژیان , ئەو خەڵکە نایان زانی بە چ دەروازەو دەرگایەکدا خۆیان لە مەرگ ڕزگار بکەن , لە هەرێمەکانی خوێن و ژەهر دەربازبن , لە چ سوکنایەك خۆیان حەشار بدەن , ژیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە کۆتا بوون بپارێزن .

شەهید ڕێباز زۆر ئازایانە , ئەو سەروەرییەی لە دوای مەرگ بۆ خۆی تۆمار دەکات , خۆی پاك دەکاتەوە لە هەموو گومانێك , گومانەکان لە دڵیدا زیندانی ناکات , ڕاستییەکان لە جەماوەر ناشارێتەوە , دەیخاتە سەر کاغەز و دەڵێت ئەمە ڕاستییەکانە , تەزکییەی هەموو گومانەکانی دڵی ئێمە و پرسیارەکانی مێشك و ئازارەکانی ناخمان دەکات , باس لە داستانی ڕزگاریی هەڵەبجە دەکات , بە توندی ڕەخنە لەوانە دەگرێت ڕێگر بوونە لە دەرباز بوونی خەڵك .

ئاخر ئەگەر تۆ دەمامکی کیمیاوی بە دەم و پلتەوە بێت , بەڵام ڕێگای دەربازبوون بە جەماوەر نەدەیت , ئەمە جگە لە خۆکوژی بە گەل و بەبارمتەگرتنی جەماوەر زیاتر هیچی دیکە نییە , ئەگەر ترست لە مەرگ نییە , ئەم دەمامکی کیمیاویانە چییە بەقەدتانا شۆڕبۆتەوە , بۆچی هەموو بە کۆمەڵ هەڵتانگرتووە ؟ .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that's it! Get yours now!

ئەوە نییە تەنها ئێمەی نا مەسئول , لێرەوە دوور بە دوور ئەو ڕەخنانە بگرین , بەڵکە شایەد حاڵەکان و قارەمانەکانی ئەو سەردەمانە کە بەشێك بوونە لە ڕوداوەکان , بۆ خۆیان کارەساتەکەمان ئاوا بۆ دەگێڕنەوە , شەهید ڕێباز لەم بارەیەوە دەنووسێت : *.... ئەو لێپرسراوانەی لە هەڵەبجە کاری نا جوامێرانەی دوور لە ڕەوشتی پێشمەرگانەیان ئەنجامدا پێویستە بۆ کۆمەڵانی خەڵك دەست نیشان بکرێت تا ڕەش و سپی لێك جیا بکرێتەوە , بە ڕاستی ڕێگا گرتن لەو خەڵکە تاوانێکە مەگەر بەعسییەکان لە دەستیان هاتبێ 34 .*

بە گوێرەی وتەی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە , مامۆستا مەلا عەلی ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان , لە کاتی کۆکردنەوەی خەڵکدا بۆ وتاردان بۆیان , لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی شار , چەند کەسێکیان بوونە بە قوربانی .

ئەگەر مەلا عەلی بۆ گوێگرتن لە وتەکانی , خەڵکی ناچار بە کۆبونەوە کردبێت , چەند دانەیەکیانی بۆ بەهەشت ناردبێت , یەکێتیش وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی , بە بچوکترین سەرکەوتن بەهاری هێناوەتە چۆك و بانگەشەی نەمانی ڕژێمی کردووە , وەك ئەوەی بەعس هەمان ڕژێم نەبێت , ڕۆژانە فڕۆکەکانی ئاسمانی تارانیان کردبوو بە شوێنی تەراتێنی خۆیان , پێشتر شاری سەردەشتیان لەو دیو سنوورەوە دایە بەر چەکی کیمیاوی , کاك محەمەدی حاجی مەحمود ئاوا باسی ئەم ڕوداوە دەکات : *تەیارە لە سەعات 2 ی* ***پاش نیوەڕۆ چەند جارێك لە***



***هەڵەبجەی دابوو لە دوای نوێژی نیوەڕۆ مامۆستا مەلا عەلی داوای لە خەڵکی هەڵەبجە کردبوو دوای نوێژ نەڕۆن قسەیان بۆ دەکات لە کاتی قسەکردندا تەیارە لێی دان و خەڵکێکی زۆری کوشت پێش ئەوە خەڵك دەیەویست لە شار دەربچێت بەڵام یەکێتی نیشتمانی ڕێگای لە چوونە دەرەوەی خەڵکەکە گرتبوو نەك ئیجباری بێ بە موکەبەرە پێی وتبون و داوای لێ کردبون هەر کەس لەماڵی خۆی بێت ڕژێمی عێراقی نەماوە لە ناوچەکە و کەس نەترسێت زۆر لە خەڵکی لە دەرەوەی شار گەڕابوەوە ناو شار کە دەبوو داوا لە خەڵکی بکرێت شار چۆڵ بکات , لە سەعات 2 ی پاش نیوەڕۆوە قەسفی گەرمی لەسەر بوو هەندێك خەڵکی هەڵەبجە بەرەو عەنەب و سازان و عەبابەیلێ دەرچوبون بەڵام بە زۆری تەیارەکان لەناو شاری ئەدا بۆ ئەوەی خەڵکەکە لەشار دەرنەچن و بۆ ئەوەی بە کیمیاوی لێیان بدات دوای ئەوە خەڵك هەمووی خۆی لەژێر زەمین و ماڵەکان شاردبوەوە لە سەعات 3,30پاش نیوەڕۆ ڕژێم 7 تەیارەی جۆری سیخۆی ڕوسی کە هەندێك کەس وایان دەووت 35 .***

مەجلسی ئەعلای ئیسلامی عێراق و ئێرانییەکانیش , ڕێگر بوونە لە دەرچوونی خەڵك لە شار بۆ خۆ ڕزگارکردنیان لە پەلامار و هێرشی ڕژێم



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

, وەك ئەوەی دانیشتوانی شار دیلی جەنگی ئەوان بن , ئەو هەموو هێزە ڕەنگاو ڕەنگە , بەشێوەی جۆراوجۆر پێش بە دەرچوونی ئەو خەڵکە بگرن , بێشك باڵندەش ناتوانێت خۆی لەو هەموو ئابلوقەیە ڕزگار بكات ؟؟ : *ئێران و هێزەكانی مەجلس ئەعلا یا فەیلقی بەدر بە تایبەتی جیاوازی ڕەفتاریان لەگەڵ جەیشی عێراق نەبوو بە ئاشكرا بوو شەڕیان بە پارتی و یەكێتی و سۆسیالست دەفرۆشت و دەهاتنە ناو مەقەڕەكانمان ئەگەر جاشێك یا سەربازێكی عێراقی لە مەقەڕی لایەنە كوردیەكان خۆی شاردبێتەوە ئەوان دەهاتن بۆیان و دەیان برد 36.*

***(( لە سەعات 1,5 ی شەو 15-16-3-1988 مەواڵمان بۆ هات لە پشتی سەربازگەی دەڵەمەڕی پشتی هەڵەبجە , هێزێكی سوپای ((9ی بدر)) سەر بە ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق بوون و لە گەڵ هێزەكانی سوپای پاسدارانی ئێراندا لەو شەڕەدا بەشدار بوون , ڕێگایان لەو خەڵك و ماڵانە گرتبوو كە بەرەو دێهاتەكانی (( ڕێشاو بۆین)) ی سەر سنوور كەوتبوونە ڕێ و لە شار دەرئەچوون 37.***

شەهید شەوكەتی حاجی مشیر , سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران لە ڕێگەگرتن لە دەرچوونی جەماوەر , هەمان هەڵوێستی هەبووە , بەوەی ڕێگری



كردووە و نواندووە لە بەردەم خۆ دەربازكردنی خەڵك لە شار : *لە چەند شوێنێكی ترەوە كە خەڵك ڕۆیشتبوون هێزی ئێرانیان دیبوو بەو شێوەیە ڕێگەیان لێ بەستبوون و نەیان هێشتبوو بڕۆن بەشێك لە خەڵكەكە گەڕابونەوە بۆ ناو شار یان لە دەوروبەر بڵاوەیان كردبوو 38 .*

هەرچی سابیر كۆكۆییە بەم شێوەیە ئاماژە بە ڕێگرییەكان دەكات لەبەردەم دەربازبوونی خەڵك , بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم هەموو ڕەخنەكانی تەنها ئاراستەی كۆنە حزبەكەی خۆی دەكاتەوە , بۆیە لوجیك لە دەستە دات : ***كۆمەڵانی شاری هەڵەبجە لە ڕۆژی 13_14_15_3_1988 مەوڵیان دابوو شارەكەیان چۆڵ بكەن لە ترسی نیازی گڵاوی بەعسییەكان , بەڵام لە لایەن لێپرسراوانی یەكێتی نیشتمانییەوە ڕێگەیان نەدرابوو شارەكەیان چۆڵ بكەن و بەڵێنیان پێ درابوو كە پارێزگارییان لێ ئەكرێ (ناڵەی پێشمەرگەیەك بۆ مێژوو , بەشی یەكەم , سابیر كۆكۆیی 2001 ,ل285).***

مەلا كرێكاریش ئاماژە بە ڕێگە گرتن لە دەربازبوونی خەڵك دەكات لە بەشی كۆتایی بابەتەكە دەقەكەی وەك خۆی دەخوێننەوە .

زۆربەی بۆچون و هەڵوێست و بیرو ڕا و ئاماژەپێدانەكان , لەسەر ئەوە كۆك و تەبان , ئێران و بەدر و پێشمەرگە ڕێگرییان دروستكردووە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**لەبەردەم خۆ دەربازكردنی جەماوەر لە شاری هەڵەبجە , بەم هەڵوێستەشیان زۆرترین ژمارەی هاووڵاتیانیان كردووە بە نێچیری گازی خەردەلی بەعس** *: لە هەندێ ڕێگەدا ئێرانییەكان و , لە هەندێ جادەو ڕێگەی دیكەشەوە پێشمەرگە پێشیان لە خەڵكەكە گرت و , گێڕایاننەوە بۆ نێو شار , لێكدانەوەی سەركردایەتی حیزبەكان ئەوە بوو , شاری هەڵەبجەو دەوروبەری وەك نێوچەو پێگەی ڕزگاركراو لە ژێر كۆنترۆڵیاندا ڕابگرن كە خەڵك و ئاوەدانی تێدا بێت 39.*

**هەرچەندە لە لایەن حكومەتەوە , پێش هەنگاوەكانی تۆڵەكردنەوە ئامادە و سازكرابوو , بەڵام لایەنە سیاسیەكان , خۆیان لە گێلی دابوو و گرنگیان بەو هەنگاوانەی بەعس نادا , وەك ئەوەی هیچ ئەزموونێكی پێشتریان لە گەڵیان نەبووبێت , هەرچەندە بۆ خۆیان دەمامكی كیمیاوی و دەرزی دژە ژەهریان ئامادە كردبوو** ***: لە لایەن حكومەتەوە فەرمان دەركرابوو فەرمانبەرەكان شار جێبێڵن 40 .***

**هێرشە كیمیاوییەكە بۆ سەر دانیشتووانی شار , دوا بەدوای داگیركردنی هەڵەبجە , گەرماو گەرم ئەنجام نەدرا , تاكو ئەگەری ئەوە بكەین خەڵك هەل و كاتی خۆ دەرباز بوونیان لەبەردەم نەبووە :** *دوای چوار ڕۆژ هەڵەبجە بۆردومان كرا 41 .*



**جەماوەری هەڵەبجە , بۆچونیان لەسەر ڕێگە گرتن لە جەماوەر و دەربازبوونیان و پێشبینیكردنی هێرشی كیمیاوی بۆ سەر دانیشتووانی شار لە یەكتری جیایە , ئەندامانی پارتە سیاسیەكان , ئەوانەی لایەنەكەیان تاوانبار كراوە بە ڕێگە گرتن لە جەماوەر , بە پێچەوانەی جەماوەرەوە هەڵوێست دەردەبڕن , ئەوان پێیان وایە , پێشبینی ئەوە نەكراوە هێرشی كیمیاوی بكرێتە سەر شاری هەڵەبجە , وەلێ لە وەڵامدانەوەكانیان باسی ئەوەمان بۆ ناكەن بۆچی ئەو هەموو قیناع و دەرزی دژ بە كیمیاوییەیان لەو كاتەدا پێ بووە :** *(كامیلی حاجی عەلی ) ئەندامی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی پێی سەیرە كاتێك باسی ئەوەی لەگەڵ بكەی كەخەڵك پێش وەختە ئاگایان لەنیازێكی گڵاوی لەو جۆرەی ڕژێمی بەعس بوبێت و بەئەنقەست یان بەهەر هۆیەك شارەكەیان جێ نە هێشتبێت .. ئەو ناتوانێت باوەڕ بەوە بهێنێت و دڵنیاشە ئەگەر خەڵكی هەڵەبجە بچوكترین زانیارییان لەوبارەیەوە هەبوایە ، بێگومان نەدەمانەوە.*

*)ئیبراهیم هەورامانی ) بەڕێوەبەری مینۆمێنتی هەڵەبجەی شەهید ، هاوڕای بەرپرسەكەی مەكتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامییەو دەڵێت بەهیچ شێوەیەك خەڵكی هەڵەبجە ئاگای لەوە نەبووە كە ڕژێمی دڕندەی بەعس نیازی كیمیابارانكردنی هەیەو لەوكاتەدا شارەكەش لەژێر كۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەی كوردستانیدا بووە . بەڵام بەلای مامۆستا ( همایۆن صاحب)ەوە ناكرێت بگوترێت كەهەڵەبجەییەكان پێشوەختە ئاگایان لەنیازی ڕژێم نەبووەو ئەو دەڵێت پێش وەخت من ئاگام لێبوو كەدەیان ووت كیمیاوی ئەوەشێنێ نەك وەشێنراوە وەپێشبینی دەكرا ، بەڵام خۆشحاڵی*



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*باڵـه سیاسیەکانـی کوردستان و ئـەو ئازادییە چەند کاتژمێرییەی شارەکـەو ئامادەگـی سوپای پاسداران و ئـەو شایعـەو دەنگوباسانـەش کە بڵاودەکرانـەوە ، تـەئسیری لـەسەر دواڕای خەڵکەکە هەبوو وەخەڵکی واسەریان لێشێوابوونـەیان دەزانـی چی بکـەن . )شەفیع حەمەخان )یش ئەوە تەئکید دەکاتەوە کەخەڵک زانیارییان لـەسەر ئـەوە هەبووەو لایەنێکی سیاسی کوردی کەلـە شارەکـەدا بووە ، لـەڕێگـەی ڕاگـەیاندن وبڵاوکردنـەوەی دیعایـەی جۆراوجۆرەوە خەڵکەکەیان لە ڕاکردن وخۆ دەربازکردن سارد کردووەتـەوە . شەفیع ئامادەنییە ناوی هیچ لایەنێک و کەسایەتییەک دەست نیشان بکات ، بەڵام لـەوە بێگومانە کە بەشێکی هەڵـەبجەییەکان شتێکیان لـەبارەی کیمیاوی بارانـەوە پێش وەختە زانیوە .*

*م.همایۆن) دەڵێت : هەندێک لـەخەڵکی خۆیان پێچایەوەو بەنیازی دەرچوون لـەشار سواری ئۆتۆمبیل بوونـە ، بەڵام کاتێک هەرلـەناو شارەکـەدا گوێیان لـەدەنگی تـەپڵ و تـەقـەی خۆشی بووە ، پەشیوان بونـەتـەوەو گـەڕاونـەتـەوە بۆ ناو شار ، هەرچەندە ئـەم ڕایـەی (همایۆن) بەڵگـەنامەیەک یان دیکۆمێنتێک نییە تاوەکو بەهێزی بکات و لایەنێک یان سەرکردەیەک تاوانبار بکات ..بەڵام) همایۆن) هەڵـەی بەرەی کوردستانـی لـەوەدا بینییەوە ، لـەو سەروەختـەدا بەیاننامەیەکی دەرنـەکردووە تا بە خەڵک ڕابگـەیەنن کەچی بکـەن و چی لـەئارادا هەیە .. بەڕای ئـەو ، بونی بەیاننامەیەکی لـەو جۆرەی بەرەی کوردستانـی کاریگـەری ئیجابی باشی دەبوو... خاڵـە ( محەممەد )ی تـەمەن 58 ساڵـەش بۆخۆی یەکێک بووە لـەوانـەی کە ئـەودەنگۆیەی بیستبوو ، بەڵام وەک خۆی دەڵێت پی یان وابووە کەدیعایە بێت و چونـە دەرەوەی ڕەتکردووەتـەوە 42 .*

بەڵام نامەکەی مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز لە بەشی کۆتایی بابەتەکە تەواو پێچەوانەی وتەکانی کاك کامیلە , ئیتر ئەم دوالیزمە لە



سیاسەتی بزووتنەوە لە پای چی ؟ , نازانم گاڵتەیان بە زاکیرەی گەل دێت , یان ئەو نامەیە هەڵبەستراوە ؟ .

**کەسانی دی ڕاشکاوانەتر و ئازایانەتر , لەوانەی لە سەرەوە لێدوانیان داوە سەبارەت بەم دۆزە , هەڵوێست دەردەبڕێت , ڕونتر قسەی خۆیان دەکەن و ڕاشکاوانەتر هۆکارەکان دیاری دەکەن :** *بە داخەوە پێشمەرگەکانی ینك –* ***پدك– حسك– و ئیسلامی ڕێگەیان نادەن ( مەبەست خەڵکە) بەرەو شار دەیان گێڕنەوە . هەندێکیشیان سوکایەتی یان پێ دەکرێت و تەقەیان بەسەردا دەکرێت 43 .***

**دکتۆر فایەق گوڵپی لەمەش زیاتر دەڕوات و دەڵێت :** *شکاتم هەیە لـەوەی چوار کەسی پلـەیەکم بەهۆی پێشمەرگـەوە شەهید بوون، چونکە لـەکاتی کیمیابارانـی هەڵـەبجەدا کەسوکارەکەم ویستبوویان رابکـەنـە دەرەوەی شار، بەڵام پێشمەرگە رێیان لی گرتبوون، شکاتم هەیە لـەو پێشمەرگانـەی کاتی کیمیابارانـەکە بانکی سەرەکی هەڵـەبجەیان تاڵان کرد، شکاتم هەیە لـەوەی بازرگانـی بە هەڵـەبجەوە دەکری و چەندین دەزگای دزی زانستی بەناوی هەڵـەبجەوە کراوەتـەوەو پارەی خەڵکی هەڵـەبجە دەخۆن 44 .*

**با بزانیین هێزە سیاسییەکان , ئەوانەی لێرەو لەوێ بەشێوەی جۆراوجۆر , یان ڕێگر بوونە لە دەرباز بوونی خەڵك , یاخود ساردیانیان کردۆتەوە لە دەرچوونیان لە شار , چۆن خۆیان ئامادە کردووە , بەرامبەر بە پەرچەکردارو کاردانەوەی هێرشی کیمیاوی عێراق بۆ سەریان :** ***ئێمە 4000 دەرزی ئەترۆپینمان وەرگرتبوو لەگەڵ قیناع و هەموو پێویستییەکانی ....45 .***



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

شەهید شەوکەت لە هاوولاتیان زیاتر دەڕوات و باسی ئەزموونەکانی خۆیان دەکات لەگەڵ بەعس , لای مسۆگەر بووە هێرشی کیمیاوی دەکرێتە سەر شار , کەچی وەك دەبینین ترس یان بەرژەوەندی کەسی وا دەکات ئەمڕۆ ئەو بەڕێزانە نەتوانن قسەی دڵی خۆیان ڕاستگۆیانە بکەن : ئێمە وەك ئەوەی لە شەڕەکانی پێشوودا ئەزموونمان هەبوو لە سوپای عێراق کە لە شەڕدا هەموو جۆرە چەکێك بەکاردێنێ بۆیە (( جل و بەرگی دژی کیمیاوی + ماسك دژی گاز + درمان و ئەمپوول ))ی دژی گازمان لە ئێرانیەکان وەرگرت بۆ هێزەکانمان بە زیادیشەوە . وە مەشقمان بە هێزەکانمان کرد لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی لەکاتی پێویست دا . جگە لە بەشی هێزەکان چەند جارێك داوامان لە ئێرانیەکان کرد کە ماسك و دەرمانی دژی کیمیاوی بەشی زۆربەی هاوولاتیانی ناوچەکەش ئامادە بکەن و بیهێنن هەرچەندە ئێرانی یەکان ئەم داوایەیان زۆر لاقورس بوو چونکە ئەیان ووت ناتوانین بەشی هەموو خەڵك ماسك و جلی دژی کیمیاوی ئامادە بکەن چونکە زۆرە و زۆریش ئەکەوێت بەڵام ئێمە هەر داوامان ئەکرد و پێمان دائەگرت چونکە مەترسیمان هەبو لە ڕژێمی عێراق کە لە ڕابردوودا لە دۆڵی جافەتی چەکی کیمیاوی بەکار هێنابوو دژی خەڵکی ناوچەو دێهاتەکانی 46 .

خەڵك بە دەست تاڵی خرایە بەردەم ڕەحمەتی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی بەعسەوە , بە چەکی ئەتۆمی هەژاران (( خەردەل)) قەلاچۆکران , هەزاران چیرۆکی تایتانیك لەو ڕۆژەدا خولقا , لێ کەس نییە ئەمڕۆ لە گۆڕەکانیان دەریان کات و بیانوسێتەوە : لە ژووریماڵەکانی سەرووی هەڵەبجەوە کچ و کوڕێکی زۆر گەنجی جوانمانبینی سەریان نابوو بە یەکەوە , دیاربوو گازلێی دابوون , جل و بەرگی پاك و ئارایشی جوانیان هەبوو , سەرنجیان ڕاکێشاین بڕۆینە لایان دابەزین , لە حاڵمان پرسین دیاربوو بووك و زاوای شەوی پێش کیمیابارانەکە بوون , هەر بە جلی بووك و زاوایانەوە بوو , گازلێی دابوون ئێمەش تەنها یەك دەرزیمان پێ بوو , تیا ماین لە کامیان بدەین , کە لێمان پرسین ئەم دەرزییەمان پێ یە لە کامتان بدەین, هەر یەکە ئەیوت لەوی تر بدە 47 .

لەو شەڕەدا سەرباری تالان و بڕۆی سەروەت و سامان و ماڵی دانیشتووانی شاری هەڵەبجە , کاری دزێوی وا ئەنجامدرا , هیچ یاداوەرییەك ناتوانێت لە بیری بکات و هیچ قەڵەمێك ناتوانێت وەك خۆی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

وێنای بکات و بینوسێتەوە : دەست درێژی بۆ سەر کچە شەهیدەکان و دزینی بازنگی دەستیان –پاسداران – 48 .

ئەوە نییە تەنها پاسداران , تاوانبار بن , بەرامبەر بە ئەنجامدانی ئەو شێوە تاوانە دزێوانە , بگرە شەریکە بەشەکەشیان کە پێشمەرگەیە , لە شەڕی هەڵەبجەدا , لە تۆمەتبارکردن پشکی شێرییان بەر دەکەوێت و بارتەقای ئەوان بەشی خۆیان دەدورنەوە : **ڕوتکردنەوەو بڕینی دەستی کچان و ژنانی شەهید بوو , لە بلەقەوی و بناوێڵە و عەنەب لە لایەن هەندێ پێشمەرگەی ئەو لایەنانەوە 49.**

لەو شەڕە چارەنووسی پیاوانی بەعس وەك ئێستا , هەر ئازاد بوون و لێ نەپرسینەوە بوو , بۆیە دەبوایا لەو کاتەوەوە بمان زانیایە خوییەك گرترا بەشیری قەت تەرك ناکرێت بە پێری : مولازم خالید مودیری ئەمنی هەڵەبجەیان دەرکرد , سەدەها سیخوڕی تریان دەرکرد 50 .

کاك نەوشیروان هیچ کام لە بۆردومانکردن و ڕێگە گرتن لە دەربازبوونی خەڵك و تاڵان و بڕۆو بڕینەوەی دەستی کچان لە لایەن ئێرانەوە بە کاری خراپ نابینێت , بەپێچەوانەی هەموو ئەوانەوە, کارەکانی ئێران بەرامبەر بە جەماوەری هەڵەبجە بەرز دەنرخێنێت , لێ ئێران هەرچی کردبێت بۆ بریندارەکان , بۆ وێنەگرتنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن , نەیتوانیووە ئەو مناڵە زیندوبکاتەوە کە پێش هێرشە کیمیاوییەکە ویستوییەتی خۆی دەرباز بکات , پاسدار بە قۆناغە ژێسێ



گەڕاندویانەتەوە بۆ ناو مەرگ و لە سوکنایەکدا گیانیان لە دەست داوە , ئەو شەهید و بریندارانەی بە نەرمە غار و بەرانپیل و کۆڵەوە بە لێدان گەڕێنرانەوە ناو شار , لە ژێر زەمینی ماڵەکاندا بە کۆمەڵ بە دەست لەملی یەکترەوە سەریان نایەوە , لەم بارەیەوە ئاماژە بکەن بزانن بەڕێزی چی دەنووسێت : ئەگەر ئێران بە زویی فریای دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە نەکەوتایە , ئەگەر دانیشتوانی ناوچەکە هەموشیان نەمردنایە لەوانە بو ژمارەی کوژراو و بریندار چەند قات لەوە زیاتر بوایە کە هەبو , ئێران سەدان ئۆتۆمۆبێل و هالیکۆپتەری بۆ گوێزانەوەی بریندار و ساخ تەرخان کرد و , بە زویەکی زو هەموو دانیشتوانی ناوچەکەی گوێزایەوە دیوی ئێران , بێگومان ئەمە کارێکی ئینسانی بو کە نابێ کورد لە بیری بچێتەوە 51 .

کەچی شەهیدی فەرماندە کاك عەبدوالڕەحمان قاسملو بە پێچەوانەی ئەمەوە , ئێران لە پاڵ عێراق تاوانبار دەکات لە ئەنجامدانی کیمیا بارانەکە " کل العرب لە تێتری دیمانەکە نوسیبوی" د.قاسملو دەڵی عێراق چەکی بەکار نەهێناوە " , بەڵام لە خوارەوە نووسیبووی کە " قاسملو دەڵێ هەم عێراق و هەم ئێران لە هەڵەبجە چەکی کیمیاییان بەکار هێناوە (دیدار لەگەڵ عەبدوڵای حەسەن زادە – ئاوێنە 18-7-2006 ,ژمارە 28) .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

کاتێك بەڕێز قاسملو تیرۆر دەکرێت لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە , بە داواکاری کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین پارتی سیاسی کوردستانی ( پدك , ینك , سۆسیالست ,.... ) بەیاننامە دەرەکەن و بەعس تاوانبار دەکەن بە تیرۆرکردنی شەهید قاسملو , مام جەلال لەوبارەیەوە گوتارێکیش دەدات .

کەواتە وەك دەبینین سیاسییەکان بەپێی پەیوەندییەکان و بەرژەوەندییەکان لێدوان دەدەن و هەڵوێست دەرەبڕن , بۆیە بەرامبەر بە یەك کارەسات بۆچون و هەڵوێست و گوزارشتی جیا لە یەکتر دەبینین , ئەگەر دوالیزمییەکانیان بدۆزینەوە ئایا ئەمە نامەسئولیەتە , یان سیاسەتی کوردی بۆخۆی بە شێوەی سروشتی هەر هەروایە ؟ .



## دیرۆکی تاڵانکردنی بانکەکەی هەڵەبجە

کارەساتی هەڵەبجە هەر ئەوە نییە نغرۆ بوونی شار و ڕوی درندەیی ڕژێمی بەعس دەربخات , ئەوانەی قازانجیان بینیوە لە ڕوخانی سەدام بێن لەویَ لەسەر مۆنمێنت و کەلاوەکانی نەعلەتی بکەن و شەرعییەت بە جەنگەکانیان بدەن .

چیرۆکی تاڵانکردنی بانکەکەی هەڵەبجە , تاکو دنیا دنیایە , مرۆڤێکی کورد بە زیندویی لەسەر ئەم زەوییە هەناسە بدات , لە پاڵ وێنەکەی عومەر خاوەر , دەربڕی مەزڵومیەتی خەڵکی ئەم شارەیە , بووە بە سومبولی تاڵان و بڕۆی شار , هەروەك چۆن عومەر خاوەر بووە بە سومبولی 5000 شەهید . کارەساتی هەڵەبجە پڕە لە چیرۆکی سەیر و سەمەرە , جیهانی غەریب , ناشرینی بیَ وێنە . ناشرینیەکانی ئەو کات , بە دەسەڵات و هێزو دەوڵەمەندی ئەمڕۆ ناشاردرێتەوە و جوان ناکرێت , بە زەبروزەنگیش پرسیارەکان خەفە ناکرێت , هەر دەبێت لاپەڕەکانی هەڵبدرێتەوە بۆ ئەوەی وەك خۆی چۆن بووە بچێتە مێژوەوە .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

ئەوەندەی لە شەڕی هەڵەبجە گرنگی بە پاراستنی بانکی شار و پارەی ناو قاسەکەی درا لە لایەن فەرماندە سەربازییەکانی پێشمەرگەوە , نیوو ئەوەندە گرنگی بە سەلامەتی خەڵکی شار بدرایا , ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لەوەی ئێستا هەیە قوربانی دەدرا , ئەوانەی ئێستا من دەیانلێم , وتەی من نین , بەڵکە وتەی خودی فەرماندەکانی هێرشەکانن بۆ سەر شاری هەڵەبجە , وەك دەبینین لە ناخۆشترین هەل و مەرجی سەربازیدا , لەسەردەمی مەرگی بە کۆمەڵی گەلدا , , فەرماندەکان هەموو بیر و هۆشیان لای دەسکەوتە و ژیانی چەندین هاوڕێی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە لە پێناو پاراستنی پارووی چەوری ناو قاسەکە : *ئێوارەی یەکەمی گرتنی هەڵەبجە , یەکێك لەو شوێنانەی بایەخی زۆرمان پێ دا (( بانقی )) هەڵەبجە بوو* 52 .

لە کاتێکدا هەڵەبجە بۆنی سێو سیرە بۆگەنی خەردەل دای گرتبوو , قوربانیان بە لۆری تەرمەکانیان بار دەکرا و بە کۆمەڵ دەنێژران بە بەرچاوی کامیراکانی جیهانەوە , عومەر خاوەر خەوی ئەبەدی بە ڕزگارکردنی کوڕە تاقانەکەیەوە دەبینی , مردن بە موو لە هەمووانەوە دوور بوو , کەس باوەڕی بە چاوی خۆی ناکرد , لەو شەوە چارەنووس سازەدا فەرماندەی گشتی ڕزگارکردنی هەڵەبجە خەوی پەمبەیی بە ڕزگارکردنی قاسەکەوە دەبینی : *بۆ شەوی* ***16-17-3-1988*** ***چەند بە ئامێری هۆکی تۆکی هەوڵم دا تاوەکو (( کاك مەجیدی حاجی علی )) م پەیدا کرد و لێم پرسی کێ لای***



***بانقەکەیە ئایا ئێوە ئێستا لە کوێن , وەڵامی دامەوە ئێمە وە هەموو پێشمەرگەکان لە شار نەماوین وکەس خۆی لەناو شاردا ناگرێت لە ترسی کیمیاباران , کەس خۆی نادا بە کوشت بۆ پاسەوانی کردنی بانق . ووتی خەمت نەبێ نەك هەر ئێمە هیچ کەس لەو گەڕەکەدا نەماوە لە ترسی کیمیاوی , بۆ ڕۆژی 18-3-1988 تۆزێك بارودۆخەکە هێور بوویەوەو بۆردومانی ناو شار کزبوو , دوبارە داوام لە(( کاك مەجید حاجی علی )) کرد کە بە خۆی پێشمەرگەکانی بڕۆنەوە ناو شار بۆ پاراستنی بانقەکە کە تا بزانیین چی لێ بکەین هەر بەو شێوەیە بە هەزار حاڵ توانیمان پێشمەرگەکانی ڕازی بکەین بڕۆنەوە ناو شار ئاگایان لە بانقەکە بێت هەرچەندە هەموو ئەیان ووت (( کاك شەوکەت )) پێشمەرگە ناتوانێ لەناو شاردا بمێنێ , هەندێکیان بریندار بووبوون ڕۆیشتبونەوە بەرەو وڵاتی خۆیان لە دیوی ئێرانەوە , ئەوەشی کە ماوە خۆیان ناخەنە بەر مەترسی مردن لەبەر قاصەیەك کە نازانرێ چی تێدایە***53 .

تەنها بە نیگابانیکردن لەسەر پاراستنی قاسەکە نەوەستان , بەڵکە کۆمەڵێك پێشمەرگەی بێچارە , جەستەی خۆیان خستە بەر مەترسی بڕیاری چاوچنۆکانەی فەرماندەکانیان , لەو ڕۆژانەدا نەك تەنها مرۆڤ , بگرە بەرد و شاخ زەوییش خۆی لەبەردەم شوێنەواری ژەهر بارانەکە ناگرت , کەچی نیگابانی و پاراستنی بانکەکە بەردەوام بوو بە چرکەش لێی جیانابنەوە , ئەگەر هەموو خەڵکی هەڵەبجە گیانەلایان بدایا بۆ



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

تۆزێك داوو دەرمان ،    ڕزگارکەرانی شار  گوێیان لێیان نەبوو وەك بینیمان و خوێندمانەوە لە زمانی خۆیانەوە ، مێش نابوو بە میوانیان ، بەڵام بۆ شکاندنی قاسەکەو پاراستنی دەستکەوتەکان ناوی لە هەوڵی بێوچاندا بوون و بە دوای حەتمییەتەوە بوون بۆی ، وڵاتان دەگەڕان بۆ پەیداکردنی ئامێر و دەزگایەك تا نێچیرەکەیان بۆ ئازاد بکات و دەرگاکەیان بۆ بکاتەوە    .

هێشتا تارمایی کیمیاوییەکە بە تەواوەتی نەنیشتبووەوە  ، تەرمی قوربانیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان نەنرابوون ، بەرپرسانی پێشمەرگە  بۆ پاوە دەچن بۆ هێنانی کۆسرە تا قاسەکەی پێ  بشکێنن ، بۆ ئەوەی دەستیان بە دەسکەوتەکانی ناوی بگات و غەنیمەکەی ناوی حەڵاڵ بکەن

***:  بۆ ئەم مەبەستە (( کاك حامید و مامۆستا صالح )) ڕۆیشتن بۆ پاوە لەوێ (( دینەمۆو کۆسرەکەیان هێنا )) چونکە لە هەڵەبجە کارەبا نەمابوو بەهۆی بوردومانەکەوە . ڕۆیشتبوون زۆر هەوڵیان دابوو بۆ بڕینەوەی قاصەکە بەڵام بێ سوود بوو هیچی لێ نەبڕی بوییەوە  چونکە پۆڵایەکی زۆر قایم بوو . بۆ ڕۆژی 19–3 هاتنەوە لام وتیان هیچ سوودی نی یە و ناکرێتەوە 54 .***

لە 16–3 بە دواوە شار بۆتە  وێرانە ، نغرۆ بووە بەسەر یەکدا  ، بەڵام بەرپرسان  بە بست لە قاسەکە  دوورناکەونەوە  ، لەو کاتەی هەزاران کەس لە خەڵکی هەڵەبجە  کوێر دەبن ، ئەمان نیگابانی چڕتر دەکەنەوە لەسەر قاسەکە ،   ، چاوەکانیان زەقتر دەکەنەوە بۆ پاراستنی  . لە



کاتێکدا  سەدان منداڵ بەبێ سەرپەرشتیار دەمێننەوە لە پەناگەو ناو شیوو دۆڵەکان خۆیان گرمۆڵە دەکەن و لە برسان فرمێسکەکانیان دەخۆنەوە  ، هەزارانیان بەدەم سوتانەوە خۆزگەیان بە مەرگ دەخواست ، کەچی  ڕزگارکەرانی هەڵەبجە ، دەورو پشتی قاسەکە چۆڵ ناکەن لە پێناو گەیشتن  دەسکەوتەکەی ناوی  ،  پەلەیانە زوو بیشکێنن و پارەکەی ناوی فریای ئەوخەڵکە بخەن و گەرمیان بکەنەوە ، کە لەو دیوو سنوورەوە لە برسان و لە سەرما یەك لە دوای یەك بەدەم ئازارەوە سەر دەنێنەوە  ! ! ، ئەمەیە درۆزنی و دوڕوویی سیاسەت  ، کەچی لە ناکاودا زرمەی ناخۆشتر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەبیستن ، خەونەکانیان دەبێت بە سەراب ، هەرچەندە جەماوەر ئەوەندە درۆی بۆ کراوە باوەڕی بەم سیناریۆیەی خوارەوە  نییە  :    *شەوی* ***21–22–3–1988***

***لە کاتێکدا من و مامۆستا صالح قادر و کاك حامیدی حاج خالید و کاك قادر کۆکۆیی لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە لێپرسراوەکانی (( ی ن ك )) لە عەبابەیلێ بووین سەعات ((10)) شەو گوێمان لە تەقینەوەیەکی گەورە بوو لە ناو شاری هەڵەبجەدا55 .***

کە ئەم هەواڵە جەرگبڕە ناخۆشە دەبیستن ، بێشك بەلایانەوە  لە بۆردومانکردنی شاری هەڵەبجە جەرگبڕتربوو  ، ئێشی لە کەوتنی 5000 تەرمی شار گەورەتر بوو ،   بۆیە بە پەلە خۆیان دەگەیەننە بانقەکە ، کەچی بە وتەی خۆیان بەبێ ئومێدی دەگەڕێنەوە ، هەرچەندە بەشێکی زۆر  لە خەڵکی هەڵەبجە گومانیان لە ڕاستی ئەم وتەیە  هەیە  :  *هەر شەو سەعات* ***((12)) کاك حامیدی حاجی خالید  و مامۆستا***



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that's it! Get yours now!

*صاڵح کە ئەو هەواڵەیان بیست یەکسەر ڕۆیشتین بۆ هەڵچەبجە ، سەردانی بانقەکەیان کردبوو کە دیبوویان بە تەواوی دیوارەکانی ڕووخاون و (( قاصەکەی )) تەقی بوویەوە ... 56 .*
*((سەر لە بەیانی من و مامۆستا صاڵح ڕۆیشتین یۆ هەڵەبجە و سەردانی لای بانقەکەمان کرد هیچ پاسەوانێکی لێ نی یەو قاصە و بیناکە هەموی تەقێنراوەتەوە لە ناو بەرد و ئاسن و دیوارە ڕوخاوەکانیدا تەنها دوو نیوە تورەکەی بچووك پارەی ئاسنمان دۆزییوەوە لە (( 10 فلس +25 فلس +50 فلس+100 فلس+ 250 فلس)) کە هەمووی نەی ئەکردە شەش هەزار دینار . سەیر لەوەدابوو کە هەموو ماندووبووین تەنها یەك لەت دیناری کاغەز یان 10 دیناری یان 25 دیناریمان نەدۆزییەوە کە بیسەلمێنێ کە قاصەکە بە پارەوە تەقێنراوەتەوە ، ئەگەر چەند نموونەیەکمان دەست کەوتایە دەرئەکەوت قاصەکە بە پارەوە تەقێنراوەتەوە 57 .*

دوای تەقاندنەوەی قاسەکەش لە خوێنی بە ناهەق ڕشاوی پارەکەی ناوی خۆش نابن و لێپرسینەوەی لەسەر دەکەن ، کەچی خوێنی 5000 هاوولاتی کەس نییە لێی بپرسێتەوە و تەرمەکانی بژمێرێت و خاوەندارییەتیان لێ بکات ، جگە لە وێنەکانیان نەبێت ، تا ئێستاش نە ژمێردراون ، کورد یەکەم گەلە ژمارەی قوربانیانی خۆی نازانێت :
پێش نیوەڕۆی ***23-3-1988*** *لەوێ کۆبوینەوە کە لێپرسراوی یەکەمی حیزبەکان هاتبوون لە ناوچەکەدا ، چونکە کۆبونەوەکە لەسەر داوای من بوو ، لە پێشدا من قسەم کرد پێم وتن تەقینەوەی ئەم بانقە نابێت هەروا بە ئاسانی بڕوات بە تاییەت ئێمە وەك (( ی ن ك)) لێپرسراوی یەکەم بووین لە سەرەتای شەڕدا کە شاری هەڵەبجە گیراوە 58 .*

گرنگ نییە بانکەکە و پارەکەی ناوی کەوتبێتە دەست کێ ، کە زۆر ڕیوایەت و چیرۆکی جۆراوجۆری لەسەر دەگێڕنەوە, گرنگ ئەوەیە ئەوەی دزیوییەتی بەشێك بووە لە هێزی بەناو ڕزگارکەری هەڵەبجە " سەری هەڵەبجەییەکان بۆ بەعسماڵەکەشیان بۆ هێرشبەران " .

ئەوەی جێگای سەرنجە بۆ ئێمە ، ئەوەندەی گرنگی بە بانکەکەی هەڵەبجە دراوە ، هەزاریەکی ئەوەندە گرنگی بە چارەنووسی خاوەند پارەی ناو بانقەکە نەدراوە ! ، دیارە بۆ ئەوەی ببن بە خاوەندی شەرعی پارەی بانقەکە تاکە ڕێگا ئەوەیە لە خاوەنەکەی ڕزگاریان بێت .

بینیمان هەڵەبجەییەکان پێکەوە بۆ مەرگ بردراون ، شەریش لەسەر میراتەکانیان سازکراوە ، هەموو کات شەڕ بۆ دەسکەوتی شوێنەکانە نەك خەڵکەکەی .




**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

## چارەنوسی پێشمەرگەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

شەڕی هەڵەبجە تەنها هیرۆشیمای سەردەمی لێوە لە دایك نەبوو , بەڵکە دەیان کارەساتی دیکەشی لەگەڵ خۆیدا خولقاند , چەندین دۆزەخۆکەی بچوکتر و هەزاران مەینەتی گەورەتری بەرهەم هێنا , بۆیە شوێنەوارەکانی بۆ چەندین نەوەی دیکە لەسەرمان دەمێنێتەوە , تاکو منەی زیاتری بکەیت , گریان و ئێشی زیاتری لێ بەرهەم دەهێنیت , هەرچەندە هەڵەبجە وەك ئێستا دەیبینین لەسەر کەلاوەو زەوی سوتاوی خۆی درووست بوەوە , بەڵام شوێنەوارەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەتر دەبێت , ڕۆژ بەڕۆژ کەلاوەکانی گەورەتر و برینەکانی قولتر دەبێتەوە , یەکێك لەو کارەساتانەی لە ئاکامی شەڕی هەڵەبجەوە بەدی هات , ئەو تێسرەواندنە بوو لە پێشمەرگەکانی کوردستانی خۆرهەڵات ( کۆمەڵە –دیموکرات ) کەوت , لە جەرگەیدا سەرباری ئەوەی بنکەو بارەگاکانیان لە دەست داو ناوچە ڕزگارکراوەکانیان داگیرکرایەوە و بوونە ئاوارە , هاوکات زیاتر لە72 پێشمەرگەی قارەمانی کۆمەڵە لە گوردانی شوان , لە ئازاترین پێشمەرگەکانیی کورد بوونە قۆچی قوربانی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەرە .



هەرچەندە ینك لە ئاستی بەرزدا پەیوەندی بەو لایەنانەوە زۆر گەرم و گوڕ بوو , دەکرا لە کەسی نمرە یەکەوە هەردوولا لەو شەڕە ئاگادار بکردرایانەتەوە , نەك لە ئاستی بەرپرسی پلە دوو و سێی تیپەکان , تەنانەت خەڵك , تاکو لایەنی بەرامبەر باوەڕ بە هەواڵەکە بکەن : *نەدەکرا ڕاستەوخۆ بەرنامەکەی خۆمانیان پێ بڵێین , لەبەر پاراستنی نهێنی چالاکی یەکەو ئاشکرا نەبوونی . دیاربوو زۆریان پێ ووتبون بەڵام لایەنی دیموکرات گاڵتەیان بە هەواڵەکە ووتبویان پڕوپاگەندەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بۆ چەواشە کرنی ئێمە , لە ڕاستیدا لەم لاشەوە چونکە هێزکۆکردنەوەکانی ئێمەو ئێرانیش ئەوەندە بە نهێنی بووکە بە شەو جموجۆڵمان ئەکرد و بە تایبەتی حکوومەتی ئێران هێزەکانی زۆر بە نهێنی ئەجوڵان بە ئۆتۆمۆبێلی داخراو بە شەو لە ناوچەکانی نێوان (( پاوەو جوانرۆو باینگاندا)) بڵاوەیان پێ کردبوو لە دۆڵ و شیوو ناو دارستانی ناوچەکەدا جێگایان چاك کردبوو , هاتوو چۆشیان لەو ناوچەیە قەدەغە کردبوو* [59] .

نەك تەنها هەواڵەکەیان بە بەرپرسانی پلە دوو و سێی ناوچەکان ناردووە بۆ ئەو پارتە هاوپەیمانانەیان , بگرە وەك دەبینین بە خەڵکانی ڕێبوارا پێشمەرگەی کۆمەڵەیان ئاگادار کردۆتەوە لەو هێرشە گەورەیە , کە ئەویش بۆخۆی گومانی لێدەکرێت ڕاست بێت , یاخود تەنانەت لە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

باشترین حالەت هەواڵەکەیان پێ گەیشتبێت : لە هەمان ڕۆژیشدا نامەیەکیان ناردبوو بە کەسێکی دڵسۆزدا کە بیگەیەنێتە لێپرسراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران 60 .

ئەم هەواڵانە لە ڕێگەی تیپی 11 ی هەورامانی ینك ئەوە ئەنجام درا 61 .

بەم شێوەیە وەك دەبینین ژیانی سەدان تێکۆشەری کورد خرایە مەترسییەوە , دواتر بە ڕێکەوت بەشێکیان ڕزگاریان بوو لەو کارەساتە : ... کاك شەوکەت و کاك حامید وتیان ئێران دەزانێ هێزی دیموکرات لەو ناوەیە و ئێستا هەرچی بەسیج و کوردی لای پاوە و جوانرۆ هەیە هێناویانە بۆ ئەوەی بیانناسن و ئەگەر بگیرێن دەبێتە عەیبەیەکی گەورەو ئابڕومان دەچێت وتیان ئێمە هیچمان پێ ناکرێت و مەسئولەکانییان لە عەبابەیلێ لە (2-3) جێگا شاردومانەتەوە , من لە ڕۆژی 21-3-1988 دوای نیوەڕۆ ڕۆیشتمە عەبابەیلێ لە ژێرزەمینێکدا بون هەموویان نزیکەی (25) کەس لە ممەسئولەکانیان لەوێ بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو زۆر ناڕەحەت بوون گلەییان لە کاك شەوکەت و یەکێتی کردکاك شەوکەت پێی وتوون هیچ چارەیەك نییە یا شەڕ بکەن تا دەکوژرێن یا تەسلیم بن بە ئێران



ئەگەر خێزانەکانیان تەسلیم بێت هیچیان لێ نایات یا بۆیان دەبەنە سەردەشت یەکێتی من کە چووم هەندێك دڵخۆشیم دانەوەو وتم هەوڵ دەدەم کە هیچ تان تووش نەبێت وتیان (900) کەسین وتم با (2) هەزار کەسیش بن لەوانە کاك موزەفەری میتران ئەندامی سەرکردایەتی دیموکراتی ئێران و زۆری کەش بوون کاك کەماڵ دشەیی لە مۆڵە بەگیەکان جیهازێکی بی سیمی هێنا وتی دکتۆر قاسملو دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات و سوپاست بکات من یەکسەر ئەوەم وەبیر هاتەوە جارێك لای واوان و لە مەقەڕی مەکتەبی سیای دیموکرات دکتۆر قاسملو بە کاك ڕەسوڵ و دکتۆر محمود و برادەرانی ئێمەی وتبوو حمەی حاجی محمود سەربەخۆو لەسەرحیسابی کورد پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ ئێران لە سنوری مەریوان دامەزراندوەو برادەرانی ئێمەی ئیحراج کردبوو کاك ڕەسوڵ وتبوی ئێمە خۆمان ئاگادارین لە پەیوەندییەکانییان یەکسەر ئەو قسەیەم وەبیرهاتەوە وتم کاك کەماڵ سڵاوی لێبکە چونکە جیهازەکان هەموو کۆنترۆڵ بون وتم ئێمە کوردین و لە هەموو ناخۆشیەك لەگەڵ میلەتی خۆمانین لە هەر جێگایەك هەبێت لەناو ژووەکە هەموویان دەستیان دەکرد بە پشتێنەکەمدا لە ناو



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*عەشائیری ئەو مەعنای ئەوەیە کە ڕچا دەکەین دکتۆر قاسملو بە جیهازەکە هاواری دەکرد دەیوت حیزبی دیموکرات مردن و زیندوبونەوەی بە دەستی کاك محومودی حاجی محمودە ئیتر منیش (2–3) پێشمەرگەی خۆمم نارد مەلا فائیق و چەند کەسێکی تر بە سەیارەکانی خۆمان هەموو مەسئولەکانیان لە گۆمە لار و خورماڵەوە لە بەری هێلان پێ وە و لە ناو هەموو سوپای پاسداران و جەیشی ئێرانەوە گەیاندە مەقەڕەکانی سورێن لە میری سورەوە بۆ شەوی دوایی کاك شەوکەت و کاك حامید هێزەکەی دیموکراتیان گەیاندبووە نزیك خورماڵ لەوێ تەسلیم بە برادەرانی ئێمەیان کردبوو 62 .*

ئەگەر پێشمەرگەکانی دیموکرات بەم شێوەیەو بەم ئازارە بە ڕێکەوت ڕزگاریان بوو , ئەوا پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە گوردانی شوان جگە لە 2 کەسیان , هەموو گیانیان بەختکرد, پێی دەچێت بە کۆتری نامە بەرا هەواڵی هێرشەکەیان پێیان گەیاندبێت , لە کاتێکدا هەردوو سەرکردایەتی ( کۆمەڵە– ینك) پەیوەندییەکی مێژویی و گەرم و گوڕییان لەگەڵ یەکدیدا هەبوو , ئەمەیان ئۆباڵەکەی لەملی کێ ؟ .



## ئەو پارتانەی پاسداریان نەهێنا

هەموو لایەن و پارتە سیاسییەکانی کوردستان و ناو بەرەی کوردستانی , چالاکی هاوبەشیان لەگەڵ ئێران ئەنجام نەداوە , هەموو بەشدار نەبوونە لەو گەشتە سیاسییە هەڵەیە , حیزبی شیوعی و پارتی گەل و زەحمەتکێشان و ئاش و پاسۆك وەك ئەو لایەنانەی پاسداریان بە پێش خۆیاندا و کوردستانیان کرد بە بەشێك لەبەر جەنگی عێراق– ئێران , ئاخوڕیان خوار نییە لە بەرامبەر کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران , ئەوان بە واژۆیەکیش بێت بەشدار نیین لەو هەڵە مێژوییەی کوردی بەرەو سڕینەوەو مەرگە سات برد .

ئەم لایەنانەی لەسەرەوە ناوم هێنان هیچ ڕۆڵێکیان لە واژۆکردنی پرۆتۆکۆڵە هاوبەشەکان و هاندان و جێبەجێکردنی ئەوو تاکتیکە هەڵەیەدا نەبووە , بە تاییەت حشع و بەشێك لە ئاش زۆر دژ بە شەڕی عێراق ئێران بوون , کەچی ئەوانیش بە زیاترەوە وەك ئەنجامدەرانی بە بەرداشی ئەو جەنگە هاوبەشانە سوتان , بەعس بە هیچ شێوەیەك دەستی لێیان نەپاراست , بەدوای تۆڵەکردنەوە لەوانیش دەگەڕا , هێنانی ئێرانی دەکردە بەهانە بۆ کوشت و بڕکردنیان .

یەکێك لەو هێزانەی لەو کاتە , ڕاشکاوانە دروشمی دژایەتی شەڕی ئێران– عێراقی بەرزکردبوەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو , کەچی لە هەموو لایەنەکانی دی زیاتر ڕژێم لەهەوڵی لە ڕەگ دەرهێنانیاندا بوو , لە



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*پەرتووکی جینۆساید ... هاتووە : " بە نیازی دوایی پێهێنانی خیانەتکاری دورو درێژی هەردوو تاقمی بارزانی و تاڵەبانی و پارتی کۆمۆنیست , کە چوونەتە ڕیزی دوژمنی داگیرکەری ئێران و پشتگیریی دەکەن بۆ دەسدرێژی کردنە سەر نیشتمانی ئازیز 63- .*

ئەو لایەنانەی کە بەشدار نەبوون لەو شەڕانە , نەك هەر بێخەبەر بوون لە نەخشەکان , بەڵکە خەریك بوو بکرێنە گورگانخواردی ئەو هێرشانەش , لە کارەساتی هەڵەبجە پێشمەرگەکانی حشع ئەگەری ئەوە هەبوو بە دەردی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بچن : *بنکەی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی عێراقی لە گوندی مۆردین , باشوری شاری هەڵەبجە , لە لایەن هێزێکی گەورەی ( پاسداران و ینك) وە ئاگادار دەکرێنەوە کە دەبێت بنکەکەیان چۆڵ بکەن , لەو ناوچەیەدا نەمێنن .*

***یەکەمجار پێشمەرگەکانی حشع ڕازی نابن و توڕە دەبن . پاسدارەکان هەوڵدەدەن بە پارە فریویان بدەن . دیسان پێشمەرگەکان توڕە دەبن و هەڕەشەی تەقەکردن و پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکەیان لێ دەکەن .لێرەدامێزەکەی ینك , دەکەوێتە وتوێژ و ناچار مێزی ناو بنکەی حشع , خۆی دەکات بە دوو بەشەوە و بەرەوشاری هەڵەبجە دەکەوێتە ڕێ 64 .***

لە لایەن ڕژێمیشەوە لە سزاداندا ئەو لایەنانە لە ڕیزی پێشەوە بوون , بۆ لێخۆشبوون لە پێشمەرگە لە سەروبەندی ئەنفالەکان سەری شوعییەکان کرا بە دیاری لێبوردن بۆیان , لە گەرمیان و دەشتی هەولێر و ناوچەی جەباری .... کارەساتی شەهیدکردنی شوعییەکان و بە بارمتەگرتنیان و تەسلیمکردنەوەیان بە تاییەت عەرەبەکانیان کران بە پاداشتی لێبووردنی چەکدارانی لایەنەکانی دی لە لایەن ڕژێمەوە .

بۆ مێژوو چەکدارانی حیزبی شیوعی بە تاییەتی و پارتی گەل و زەحمەتکێشان و ئاش و پاسۆك بە گشتی , لەو زەمەنە سەختەی گەلەکەمان کۆمەڵێك سەربەرزییان بۆ لایەنەکانیان تۆمار کرد : بەشدارینەکردن نەکردن لە شەڕی هاوبەش لەگەڵ ئێران , ڕێگە نەگرتن لە جەماوەر و هاندانیان بۆ خۆدەربازکردن , نەبەزین و مانەوە لە ناوچەکان و بەرگریکردن لە جەماوەر و ناوچەکان , ئەنجام نەدانی کاری دزێوی دژ بە جەماوەر و لایەنەکان , بەڵکە بۆ خۆیان بوونە قۆچی قوربانی کاری دزێوی چەکدارانی لایەنەکانی دی , چەندین تێکۆشەری وەك د.عادیل و ملازم سەعد و هاوڕێیانیان نامەردانە شەهیدکران یان تەسلیم بە ڕژێم کرانەوە .





pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

# ڕێگە گرتن لە خۆڕزگارکردنی لادێنشینەکان

باسکردنی ئەنفال هەمیشە زیندوییەتی تێدایە , هەرچەندە چیرۆك و مێژوو خوێندنەوەی ڕابردووە , لێ دەروازەیەکیشە بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی پڕ لە ئاسایش بۆ گەلەکەمان , بە ئێسکەکان و پەڕۆ پڕیوەکانی عەرعەر , لە داهاتوودا نەخشەی کوردستان و سنوورەکەی دیاری دەکەین .

ماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال , چەند مانگێکی پڕ لە ئێش و غەمباری بوو , ئەو خەڵکە بەردەوام لە گومانی قولدا بوون بەرامبەر بە چارەنووسی نادیاریان , لە دوای خۆی نەخشەی هەموو شتێکی لە کوردستان گۆڕی . پرۆسەی وێرانکردنی دڵڕەقانەی نیشتمانی کوردستان و کوشت و بڕی بێ بەزەییانەی تاکی کورد بوو , وەرزی نغرۆ کردنی سەرجەم لادێکانی کوردستان بوو لە لافاوی تاواندا , وەرزی لە دایك بوونی شاری مەرگستانی کورد بوو لە بیابانەکانی عەرعەر .

هەموو گەل جگە لە جاش و هاوکارانی ڕژێم کران بە ئامانج , جوگرافیای ناوچەکان بوو ناوی ئەنفالەکان دیاری دەکرد , نەك ناوچەی چالاکی هێزەکانی پێشمەرگەو ئێران و هیچ نەخشەیەکی دی .

ئەوەی بیستوومانە لای پارت و لایەنە کوردییەکان , شۆڕش شەقامی توناوتون و پێچاوپێچ و کاروانی پڕ لە هەورازو نشێوە بۆ گەیشتن بە هەواری سەرکەوتن , بەڵام لە ڕاستیدا ڕێگای خۆشیشی



هەیە بۆ گەیشتن بە ئاسودەیی مرۆڤەکان , ئەوان ئەو ڕێگا خۆشەیان لێمان شاردبوەوە .

ڕاستە مرۆڤەکان بەناو ئازار و قوربانیدا سەفەر دەکەن بۆ ڕزگاری و بەختەوەری , بەڵام ئەو سەفەرە بە قومارکردن بە چارەنووسی مرۆڤەوە نابێت , بە گەمەکردن و نەخشەی سەرشێتانە ئەنجام نادرێت , بەڵکە بەکاری ژیرانەو خۆشەویستی بۆ مرۆڤەوە پێی دەگەین .

جەنگە هاوبەشەکان لەگەڵ ئێران , جگە لە بەرژەوەندی سەرکردەو گروپ و حیزبەکانیان , هیچ پەیامێکی دیکەی بۆ گەل پێ نەبووە , لە مۆرکردنی پەیماننامەکاندا تەنها ئەوەی باسی لێ نەکراوە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان و پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی هاووڵاتیانە , ئەوەشی لە ئەنجامدانی زیان لێکەوتوو بوون هەر خودی ئەوان بوون .

ئێران پاش بە وێرانکردن دانی کوردستان و قەڵاچۆکردنی دانیشتوانەکەی لە لایەن بەعسەوە , ئاوێنەی دایە دەستی هاوپەیمانەکانی بۆ بینینی خۆیان , بینینی دەموچاوێك خاوەنەکانیشی لە سامناکیدا دەترساند .

یەکەم هۆکار بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتن نامانە, بەرژەوەندی ئەو کەس و لایەنانە بوو کە چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا , بۆ ڕاست و دروستی ئەم بۆچوونە , دەتوانن سەیری ئەم دان پێنانە ڕاستگۆیانەیەی کاکە حەمەی حاجی مەحموود بکەن : *کاك ڕەسوڵ و کاك شێخ محەمەد هەر*



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

ئەو شەوە گەیاندبوە تهران و لە سوپای مرکزی ڕێکەوتنیان لە نێوان ئێران و سۆسیالست بە پرۆتۆکۆڵێکی لاواز ئیمزا کردبوو ، لە 1987–11–14 کاك ڕەسوڵ و کاك شێخ محەمەد شاکەلیان هێنایەوە سەر ملەخۆرد و بە جیهاز بە منیان وت هەموو شتمان تەواو کردوەو ئێوەش دەستی پێ بکەن ، ووتم وەرتان گرتووە ئەوەی بە ڕونی بە منیان ووت(200 کلاشینکۆفیان وەرگرتبوو لەگەڵ دۆشکاو فیشەك و میزانییەیەکی مانگانە بۆ حیزب کراوە من وامزانی شتی باشیان کردوە بەڵام وا دیاربوو نەیان کردبوو خاڵێکی لاوازی ڕێککەوتنەکە کە ئەگەر پاسدارێك پێشمەرگەی سۆسیالست تەسلیم بە عێراقی کردەوە شەخسی سکرتێر لێی بەرپرسیارە واتە کاك ڕەسوڵ لەسەر پاسدارێك دەبێت بگیرێت و سجن بکرێت لە باتی ئەوەش نەدەبوو من زۆر ڕەخنەم لێگرتن و ئەو بڕیارانەی بۆ ئازوقەو مالیەو هەموی وەکو پێویست نەبوو بەڵام مانگانەی ئازوقەو پارەو چەك و سیارەیان بڕیبوەوە ، ئێمە لەسەر قسەی ئەوان لە ڕۆژی 1987–11–14پێشمەرگەمان بۆ هەموو جێگاکان و گولە تۆپ و 20 تراکتۆر کەوتە کێشانی و شارایەوە لەو ناوە من خۆم ڕۆیشتمە ناو تاق کە زاڵ بوو بەسەر



دەربەندیخان و جادەی زەڕایەن دەربەندیخان و دۆڵی کانی سارد و چەمەرگە و جادەیەکی تازەی عەسکەری لێ درابوو لەسەر کونەکەوە ( تونێلەکە بۆ هەسنەکاری ، شەوی 14–15 –11–1987 لەو گوندانەی هەردوو دیو دابەش بوین ، لە 15 –11–1987 زۆری مەسئولینی دەوڵەت و پاسداران و بە مەسئولی یەکەمی پاسدارانەوە لەسەر مڵەخۆرد چاوەڕێیان دەکرد هەر لەوێ لە پێشەوە بە جیهاز 3 جار الله اکبر و بە ناوی زەفەری 3ەوە لەگەڵ یەکەم قسەی

ئەوان و یەکەم هاوان و تۆپ و ڕاجیمەش لێرەوە دەستی پێ کرد و پێشمەرگە بە بی کەی سی سەرجادەی دەربەندیخان زەڕایەن و کونەکەیان بڕی لە سەعات 3ی پاش میوەڕۆوە ئێمە لە ناوتاق و چەمەرگەو کانی ساردو تەواوی ناوچەکە پێشمەرگەی پێ گەیشت و لە هەموو لایەکەوە چەکی پێشمەرگەی پێ گەیشت و ئاگرباران کراو مەعەسکەری گەورەی دەربەندیخان بوو بەیەك پارچە ئاگر دوو کاتیۆشەمان لە نێوان ئیمام قادر و چەمەرگە دانابوو خەڵك نزیك بوو لەناو شار بدەن نەمان هێشت هەموو خەڵکی دەربەندیخان هاتە سەر خانو بان و سەیری ئەو مەعەسکەرو شەڕەیان دەکرد 65 .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

حسك جگە لە پەیوەندی گەرم و گوڕی خۆی لەگەڵ ئێران , دەلاڵی بۆ ینكیش كردووە , لای كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ لێك نزیككردنەوەیان سەپۆرتیانیشی كردووە : لەناو لایەنەكانی جودا تەنیا حسك هەڵوێستی لە یەكێتی جیاواز بو, هانی ئێرانی ئەدا لەگەڵ یەكێتی پێك بێ و , هانی یەكێتی ئەدا لەگەڵ ئێران دۆستایەتی بكا و , یەكێتیان وەكو هێزێكی شەڕكەر ی سەرەكی ناو مەیدانی كوردستانی عێراق بە ئێرانیەكان , ناساندبو . حسك لەسەر ئەم هەڵوێستەیان توشی توشی هەندێ تەنگ پێ هەڵچنین و سەغڵەت كردن بوبون . محەمەدی حاجی مەحمود و شێخ محەمەدی شاكەلی , كە بنكەكانیان لە سورێن بو, لەوانە بون هەوڵێكی زۆریان دابو لەگەڵ ئێرانیەكان بۆ ئەوەی بیروڕایان لەسەر یەكێتی ڕاست بكەنەوە 66 .

پاش لێدانی نەوتی كەركووك و ئەنجامدانی دەیان چالاكی هاوبەش بە ناوی فەتح و نەصر و كەربەلا و فەجر و زەفەر... لە لایەن ینك و پدك و حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی بەهاوكاری ئێران , ئەم چالاكییە هاوبەشانە بە ئەندازەیەك هێزەكانی عێراقیان شپرزە و تەنگەتاوكرد و كاریگەریان لەسەر پارسەنگی هێزەكان نێوان هەردوو وڵات دانا , عێراق لە ترسان زارەترووك ببوو لە ترسی ڕوخان لە ناوەوە حەژمانی لێ هەڵسابوو , میدل ئێست ۆچ و چاودێری مافی مرۆڤ بەم چەشنە ئاماژەی



پێ دەدات : لە 14یان 15 مارت دا سەدام حسێن ماوەی زیاد لە پێنج سەعات سەرۆكایەتی كۆبونەوەیەكی فەرماندەیی گشتی هێزە چەمدارەكانی كرد . وەك باسی دەكرێ ( علی حسن مجید) یشی تیادا ئامادە بووە , ڕاپۆرت و زانیاریی هەر بێگانەیەك لەسەر ئەوەی چی لەم كۆبونەوە نهێنیانەدا دەخرێتە بەر باس و لێكۆڵینەوە دەبێ زۆر بە وردی بخرێتە بە تێڕامان , بەڵام بە پێی لانی كەم دوو ڕاپۆرت , كەوا سەر كۆماری عێراق بە گەورە ئەفسەرانی خۆی وتووە كە ئەو لە (( بەزین بە لە ناوەوە خواردن )) دەترسێ 67 .

چالاكییە هاوبەشەكان لە دوای لێدانی نەوتەكەی كەركووكەوە بوو بە نەرێتی باوی كارو چالاكی هەندێك پارت , جار جارە بۆ هەوێن چەند پاسدارێكیان لەگەڵ خۆیان دەبرد لە چالاكیەكان بەشدارییان پێیان دەكرد , ئێرانیش دوای ئەنجامدانی چالاكییەكە هەمووی بەناو خۆیەوە بڵاو دەكردەوە بۆ ئەوەی ورەی هێزەكانی پێ بەرزبكاتەوە , وەك ئەوە مامەڵەی لە گەڵیان دەكرد , هەموویان بە بەشێك لە هێزەكانی خۆی بزانێت : ئەم چالاكییە ناو نرا داستانی ڕزگاری .......... .

ئەم داستانە لە ڕادیۆی ئێرانەوە لە ژێر ناوی ( فەتحی 5 ) دا بڵاوكرایەوە , پێنج هەزار پێشمەرگەی یەكێتی بەوكارە هەڵسان



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*تەنیا هەندێ پاسداری فەننی و شارەزایانی چەکی قورس و مین هەلگرتنەوە لە قۆڵی ئەزمەڕدا بەشدارییان کرد 68 .*

یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی ینك ئاوا باسی ئەو شەڕە هاوبەشانە و هەڕەشەی بەعسمان بۆ دەگێڕێتەوە : *لە شەڕەکەی قەیواندا ئیبراهیم و ئەحمەد سایەق کە دانیشتووی کەرکوك بوون شەهیدکران ، سەرجەم 150 ڕۆڵەی گەلەکەمان لە دەست دا لە پێناوی قۆڵکێش کردن و ڕێنمایی کردنی دوژمنێکی تری گەورەی گەلەکەمان بۆ سەر خاك و نیشتمانەکەی خۆمان بوونە قوربانی سیاسەتی هەڵەو خۆپەرستی سەرکردە گەورەکان.*

*ڕژێمی ڕفتار فاشی بەغداش کە پێشتر لە ڕێی سەرکردەی فەیلەقی یەکی بەرپرسیار لە هێزە سەربازییەکانی ڕژێمەوە لە کوردستاندا لیوا ڕووکن نەزار عوبدوالکریم خەزرەجی یەوە تکای لە جەلال تاڵەبانی کردبوو کەکاری وا بەرئەنجام نەدەن و وەڵامدانەوەی ئەوان زۆر خۆاپ و توند دەبێ لە کاتی ئەنجامدانیدا 69 .*



بەسەرهاتی هەمان جەنگیش بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە : *پێشمەرگەو پاسدار لە 13_4_1987 هێرشیان کردە سەر ئەزمەڕ70 .*

ئاستی تێکەڵی سەربازی و هاوکاری ئەو لایەنانەو ئێران بە ئاستێك چووە سەر ، بەرەو ڕەوشێك هەنگاوی نا ، کار گەیشتە سەر نیشتنەوەی کۆپتەری ئێرانی لە کوردستان : ڕۆژی *20-1-1988 بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئێران و شۆڕشدا کۆپتەر لە بەرگەڵوو نیشتەوە و بارێك تەقەمەنی و کەرەستەی تری داگرت .... 71 .*

ئەوە نییە تەنها ڕژێم ترسی لە ڕوخان لە ناوەوە هەبووبێت لە ئەنجامی ئەم شێوە چالاکییە هاوبەشانە ، بەڵکە جەماوەریش ڕوحیان چووبوو زاوەتروك ببوون لە ترسی ئەوەی لە بەرداشی ئەم گەمە دەمامکدارە بهاڕدرێن ، ئەوان بەعسیان وەك خۆی دەناسی ، جاری دیکە دەستیان مارانگاز ببوو لە جەنگی لەم شکڵ و شێوەیە ، ئەزموونیان لە کۆمەڵکوژی بارزانییەکان وەرگرتبوو ، ئەو سەروبەندە ، سەردەمی شکستی ئازایەتی و ڕوخانی ورەی جەماوەر و پێشمەرگە بوو ، سەردەمی سەرهەڵدانی ڕەشبینی ، باوەڕ نەبوون بە خۆ ، بێ متمانەیی بوو بە هێزی پێشمەرگە ، دەستبەرداربوون لە چەك ، بێ باوەڕی بە داهاتوو و بێ ئاسۆیەك بوو بە بەرگریکردن ، هەموو خەڵکەکەی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

نیگەران کردبوو , بۆیە هەر بابا بوو لە هەوڵی خۆڕزگارکردنی خۆیدا بوو بەهەر نرخێك بووە : *جەماوەری کوردستان بە تایبەت گوندنشینەکانی ناوچەکە زارەتروك بووبوون لە کاردانەوەی ڕژێم زەندەقییان چووبوو : جەماوەری گەلەکەمان زۆربەیان بە چاوی گومان و ترسەوە سەیری ئەو چالاکییەیان دەکرد 72 .*

ڕژێمە فاشیستەکان هەر دەم بەوە دەناسرێنەوە , مامەڵە لەگەڵ پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی نەتەوەی ژێردەست , وەك پارت و دەستەو گروپ و تاخمی دیاریکراو ناکەن , بەڵکە وەك تەواوی گەل هەڵوێستیان لە بەرامبەر وەردەگرن , لە بری چالاکی سەربازی و سیاسی ئۆپۆزسیۆن , سزای تەواوی گەلەکەیان دەدەن , ڕژێمێك بۆ دیدەبانی چاو ساغییەکی پارتی لە حاجی ئۆمەران 8000 بارزانی قڕ بکات , ئاساییە بۆ لێدانی نەوتەکەی کەرکوك و دەیان فەجرو نەسر و .... 182000 ئەنفال و 5000 هەڵەبجەو 4500 گوند خاپوور بکات , فان برۆینسەن سەبارەت بەم پەرچەکردارە دەنووسێت : *ئەوان بە تۆمەتی تاوانباری کوژۆرابوون , چونکە کوردبوون کە لە شوێنی هەڵە نیشتەجێ ببوون 73 .*

قەڵاچۆکردنی گەل بە تایبەت نەتەوەی ژێر دەست بە شێوەی سستماتیك , پەرچەکرداری فاشیستەکانە لە بەرامبەر بەرهەڵستی نەیارانیان .



هەرچەندە کورد هاوئاین بوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق , بەڵام سیناریۆی کوشت و بڕی ئەرمەنەکان بە تاوانی پشتگیری ڕوسەکان دوبارە کرایەوە , ئەرمەن پشتگیری لە ڕوسیا کرد , لە جەنگی عوسمانی و ڕوسیا , کوردیش بە تاوانی هاوکاری ئێران , کورد و ئەرمەن بە تاوانی خیانەت , هەڵگەڕانەوە بە کۆمەڵ هەردووك لە دوو سەردەمی جیا لەناودران.

**لە هەر شوێنێك ڕژێم هەستی بەبوونی پاسدار کردبێت , سزای دانیشتووانی ئەو دەڤەر و ناوچەیەی بە توندترین شێوە داوە , لە گوندی شێخ وەسانان تەنها 6 پاسداری سەر بە ئیتلاعاتی نەغەدەی تێدا بوو , کە لە گابرەی شێخ وەسانان لە پاڵ بارەگای لقی 2 ی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق جێگیربیون و بارەگایان دانابوو , لە تۆڵەدا ڕژێم بە دڕندانەترین شێوە کیمیابارانی ئەم گوندەی کرد و پاشان بریندارەکانیشی هەموو زیندەبەچاڵ کرد .**

**ئەوە نەبێت سەرانی کورد هوشدارییان پێ نەدرابێت لە بەرامبەر کاردانەوەی توند و تیژی ڕژێم لە بەرامبەر هاوکاری ئێران و پێشمەرگە , بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە کتێبەکەی (( خولانەوە لە ناو بازنەدا )) دەڵێت :** *کە لە ساڵی 1983* ***لە کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان بەعس و یەنك , ڕژێمی غێراق هەڕەشەی تۆڵەو خاپوورکردنی دەکرد لەبەر ئەوەی کە یەنك لایەنی ئێرانی دەگرت 74 .***



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

له ڕاسپاردەیەکی سەرکردایەتی نووسینگەی باکوری پارتی بەعس دا هاتووە : *" هەموو ئەو گوندانەی کەوا تێکدراون و ئەلقە لە گوێیانی ئێران و خیانەتکارانی لەو چەشنەی دەرهەق بە عێراقیان تێدا بێت لەبەر هۆکاری ئەمنی لە دەرەوەی سنوور دەدەنرێن 75* .

بە هاتنی جەنگ بۆ ناو سنووری کوردستان , هەردوو ڕژێمی فایشستی ئێران و عێراق , بە بەهانەی بنەبڕکردنی بەکرێگیراوانی دەرەوە و جەنگ لەگەڵ دوژمن و داکۆکی لە سەروەری نیشتمانی , بەرفراوانترین شاڵاوییان بۆ سەر ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان دەست پێکرد , جەنگ باشترین بەهانەو هەل بوو بۆ هێرشی سەرکوتکەرانە بۆ سەر نەیارانی سیاسی , تەنانەت زیندانەکانیشیان لە ئۆپۆزسیۆنەکان خۆیان پاك کردەوە .

پاش جەنگە هاوبەشەکان نێوان پێشمەرگە – ئێران , ئیتر ڕژێم ڕێگەی بە جەماوەر نەدا بە بێلایەنی بمێننەوە لەو نێوەندە , سەرپشکیکردن لەوەی لایەك هەڵبژێرن لە نێوان پێشمەرگە و خۆی : *" بڕۆن بۆ لای تێکدەران یان بێنە پاڵ حکوومەت " 76* .

جەماوەری کوردستانیش بە شێوەی گشتی , گەرمیان و کەرکووك بە تایبەتی , بەرەی شۆڕشیان هەڵبژارد و لە ناوچە ئازادکراوەکان مانەوە ,



هەرچەندە کاك نەوشیروان لە ساڵی 1984 لە بەرامبەر خەڵکی شوان کە داوای ڕاگیرییان کردبوو لە سەر مفاوەزان وتبووی : *" ئێمە خۆمان شۆرشمان دەست پێ کردەوە , هەرخۆشمان قەراری ئەدەین , سبەی ئێوە ئەچنەوە تەسلیم بە حکومەت ئەبن , بەڵام ئێمە ناتوانیین " 77* .

جەماوەر هەرچەندە نان دەر و هاوکار و هێزی چەکدار و سوغرەکەری چالاکییەکانی پێشمەرگە بوون : *ئەو چەك و تەقەمەنییەی هێنرا , بە سوغرەی جوتیارانی دۆڵی سورداش و قەڵاسێوکە گواسترایەوە , خواردنیش هەر لەسەر ئەو جوتیارانە بوو 78* .

**کەچی لە تەنگەتاویدا ڕێگە لە جەماوەرگیرا خۆیان ڕزگار بکەن , ئەو پیرە مێرد و پیرێژنە غەمگینانە , دەیان کارەساتیان لە ڕابردوودا تاقی کردبووەوە , پێشبینی ڕۆژی ڕەشیان دەکرد , بە دەم هەنسك و گریانەوە , دەکروزانەوە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێ بدرێت خۆیان و ماڵ و منداڵیان ڕزگار بکەن , بەڵام بە زۆر لە گوندەکانیان دەست بەسەرکران , تا ئەو چرکە ساتانەی پێشمەرگە تا چەند چرکەیەك لەوەپێش ڕۆستەمی زەمان بوون , لە پڕێکدا لە ناکاو نەمان , نەزانرا زەوی قوتیانی دا , یاخود ئاسمان هەڵیانی کێشا , ئیتر بڕای بڕ کەس نەیانی دۆزییەوە تاکو ڕۆژەکانی ڕاپەڕین , جەماوەریش چارەنوسیان گەیشت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکان و ئۆردوگای برسێتی و بێکاری و گرتووخانەکانی مەرگ و مەلهاکانی میسر .**

سەرباری ئەوەی جەماوەر هاوکاری نەکران لە لایەن پێشمەرگەوە بۆ دەرباز بوون لەو ئابلوقەیەی ڕژێم لە هەرچوار لاوە سەپاندبووی بەسەر ناوچەکانیان , بگرە ڕێگریش لە بەردەمیان دروستکرا و ڕێگایان لێگرا



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

خۆیان دەرباز بکەن ، ئەمە وتەو قسەی هەڵبەستراوی من نییە ، بەڵکە بەرپرسانی سەربازی ئەوکات شایەدی لەسەر دەدەن ، با لە دەمی شەهید ڕێبازەوە گوێبیستی ئەم شایەدییە ڕاستگۆیانە ببین : لێپرسراوی ناوچەکە کاك "........" ڕێگای نەدابوو خەڵك ناوچەکە چۆڵ بکات و پێشمەرگەش توانای بەرگری کردنی نەبوو ، نازانم ئەو برادەرە تێکۆشەرە بە چ هەقێك ڕێگای لەو خەڵکە گرت و تووشی ئەو کارەساتەی کردن ، گەرچی لە هەموو کۆبونەوەکان پێشمەرگەو کادیرەکان داوای سزادانی ئەو برادەرەیان دەکرد ، ....79 .. ***کاك مەحمود سەنگاویش ئاماژە بە ڕێگری دروستکردن لە بەردەم دەرباز بوونی خەڵك دەکات : (( خەڵکی تەپە عارەب هێشتا بەتەواوی نەکەوتبوونە خۆیان کە ئێمەیان بینی پێشوازیان لێکردین و ڕێزیان گرتین . شەوەکەی لەوێ ماینەوە . لەولاشەوە کاك قادر و برادەرانی تر ڕەتبووبوون و گەیشتبوونە دەرەوار . ئێمەش گەڕاینەوە و لە دەرەوار کاك قادر و برادەرانم بینی و لایان مامەوە . بە هاتنەوەی برادەران و ئەو هێزانەمان هەندێ وەزعەکە باشتر بوو . بڕیاری بەرگری دراو ڕێگە لە خەڵکیش گیرا دابەزنە خوارەوە بەرەو دەسەڵاتی دوژمن ... هەرچەندە نە ئەتوانرا مسۆگەری تەواوی پاراستنیان بدرێتێ***



***و دوای چۆڵکردنی دێهاتەکانی شارەزوور و قەرەداخ و بازیان و شاخی زەردەو هاتنە پێشەوەی دوژمن و لە چەندین دەروازەی ترەوە کە ئەمەیان بۆ بەشبەش کردنی پێشمەرگەو پەرتەوازەکردنی هێزەکانمان بوو .***

***خەڵکی نەیئەزانی چی بکەن ، بەشێك بەرەوخوار ئەڕۆیشتن و پێشمەرگە ئەیگەڕاندنەوە ، بەشێکیش لەو شیوو دۆڵانەدا خۆیان حەشاردابوو پێیان خۆش نەبوو بە ئاسانی دەست لە خاك و زێدیان هەڵبکرن 80 .***

لە کاتێکدا پێشمەرگە ڕێگە لە خۆ دەربازکردنی خەڵك دەگرن ، لە پڕ بۆخۆیان گوم دەبن و هەڵدێن بۆ ئەودیو سنوور و ناوچەکانی ئەنفال ، یاخود خۆیان تەسلیم دەکەنەوە ، کەس نازانێت زەوی قوتیانی داوە یان ئاسمان هەڵیانی کێشاوە ، جەماوەریش لەو دەشتاییە کاکی بە کاکییە بێ پشت و پەنا دەمێنەوە ، دەیان هەزاریان دەبێتە خۆراکی سەگەکانی حەجاج لە نگرە سەلمان : *بۆیە لە ڕۆژی* ***14-4-1988 بڕیاری کشانەوەی هەموو هێزەکانمان درا لە بەرەکانی شەڕدا و بەرەو بناری شاخ بوینەوە 81 .***

جەماوەرە بەم شێوەیە شایەدی خۆیان دەدەن لەسەر ڕێگەگرتن لێیان لە خۆدەربازکردن لە ناوچەکانی ئەنفالی 3 : *" گوندی تەپە چەرموو* ***102 هاووڵاتی ئەنفال کران تیایدا " .***



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

*"له ناوچەی گەرمیاندا بەشێوەیەکی گشتی خەڵکەکە کاتێك باسی ئەم تراژیدیایە دەکەن پشکێکی خەتاکە دەخەنە ئەستۆی پێشمەرگە و بەشە گەورەکەی تری دەخەنە ئۆباڵی کوردە جاشەکان و حکومەتی عێراقی".*

*"پێشمەرگەی سەر سنوور ڕێگر بووە لەبەردەمیان و گەڕاندویاننەتەوە بۆ گوندەکان تا دواتر پێشمەرگە لەبەردەم سوپای عێراق شکاو و خەڵکەکەشی کەوتونەتە دەست هێزەکانی بەعس و ئەنفالکراوان".*

*یەکێك " تا پێشمەرگە لەم ناوە ماوە نەیەڵا کەس ڕابکا , وەختێ پێشمەرگەیش ئینسحابی کرد جاشەکان گشتمانیان خڕ کرد و دامانیانە دەس بەعسییەکان 82 .*

14–4ئەو ڕۆژە ڕەشەو ئەو بەروارە شومەیە , ژمارەیەکی زۆر کوردی تێدا ئەنفالکرا , هەمان ئەو ڕۆژەیە لە جەرگەیدا گەورەترین تێسرەواندن لە جەماوەری گەرمیان کەوت و زۆرترین ژمارەی ئەنفالی لێ کەوتەوە , هەر بۆیەشە دواتر دیاریکرا بە ڕۆژی ئەنفال .

باشە کەسێك هەیە لەو بەرپرسە قارەمانانەی لەوکاتە ڕێی لەوخەڵکە گرت کە دەیانویست خۆیان دەرباز بکەن , لە 14–4 دا خۆی هەڵات و جەماوەری لە تەختاییەکانی گەرمیان تەسلیم بە دیلێتی کرد بپرسێت : بۆ وات لێمان کرد ؟؟ , یاخود پرسیارکردن بۆ خۆی نا مەسئولییەتە و بە



هەموو گەمژەیی و نا مەسئولییەتێکی فەرماندەکان بڵێین باشتان کرد , نابێت قسە لە کارە ناڕەواکانی سومبلەکانی ئازایەتی و زانایی کورد بکەین , بێشك ئەوان نەبونایە ئێمە نابوین بە خاوەندی ئەو ژمارە زۆرەی قوربانییان , 182000 مان پێ پڕ نابوەوە , ئاخۆ دەبێت لە 14–4ی ساڵێکدا ڕوونەدات یبەشێك لەو بەرپرسانە ویژدانی خۆیان پاك بکەنەوە لە گەرمیانەوە , لە هەمان شوێنەوە بڵێن ببورن لەو هەڵانە , ئێمە دادگاییمان ناوێت , تەنها دان نان بە کەماسی و خۆ پاککردنەوەو وەڵامی پرسیارەکانمان دەوێت , تەنها دادگاییمان بۆ ئەوانە دەوێت کە تاوانیان ئەنجامدا ئەویش بەعس و هاوکارانییەتی , جیاوازی گەورە لە نێوان هەڵەکار و تاوانکار هەیە .

بەم شێوەیە بەتۆڕێکی سامناکی بەرفراوان جەماوەری ناوچەکە لەو تەختایی کاکی بەکاکییە کۆتایی نەهاتووەی گەرمییان ئابلوقە دران , ڕێگەی گوزەرکردن و خۆڕزگارکردنیان لێگیرا , ئەمە دانپێنانێکی تاڵە , بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە , بە پینەکاری تاکو ئێستا ناشاردرێتەوە , ڕاستییەکی جوانەمرگە دەبێت بکوژەکەی دان بە کردەکەیدا بنێت , چەندە بواری قسەکردن زیاتر بێت , لاپەڕەی زیاتر هەڵدەدرێتەوە و نهێنی گەورەتر ئاشکرا دەبێت .

لەو کات و ساتە کەم پێشمەرگە هەبوو سەرپێچی کردبێت لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان , سەری هەموو گوزارگاو ڕێگاکان کران بە پرسگەی ڕێگە گرتن لە خەڵك .



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

هەرچەندە گەرمیانیەکان هاوڕێی ئازار و داینەمۆی ئازایەتی ، فریاد ڕەسی زەمەنی تەنگانە بوون ، کەچی لەو ڕۆژگارەدا کران بە نێچیر بۆ بەعسی دڕندە ، کێ هەیە لە ئاست ئەو هەموو قوربانییەیان نەلەرزێت ، کاتێك گەلێك زیندە بەچاڵ دەکرێت ، وڵاتێك دەکرێت بە وێرانەو خۆڵەمێش ، ناکرێت تاکو سەر هەڵە کارێك و تێکۆشەرێك لەیەك جەستەدا کۆببنەوە ، دەبێت سەر بۆ ڕاستییەکان شۆڕ بکرێت ، هەڵەیەك لە گەرمیان هەندێك بەرپرس ئەنجامیان دا دەیان هەزار قوربانی لێکەوتەوە ، کەیسی ئەنفال بچێتە بەردەم هەر دادوەرێك لە جیهان ، ئەم سیناریۆیە بزانێت ئەوا بەرپرسانی ئەوکات ، بڕیار دەران بەبێ پشك لێی دەرناچن ، ئەو قوربانیانە وەك بارمتەی خۆپاراستن سەیرە کرێن .

ئەنفالی گەرمیان ئەوەندە مەزن بوو ، زیانەکانی ئەوەندە کاریگەر بوو ، پشکی شێری لە ژمارەی قوربانیان بەرکەوت ، بەڕێز سابیر کۆکۆیی زیانەکانی گەرمیان ئاوا دەخەملێنێت : ((*130000 لە گەرمیان و 52000لە ناوچەکان دی ئەنفالکران 83 .*

ئەمەش دەربڕی بارستایی زیانەکانی ناوچەی گەرمیانە ، هەرچەندە ئەم ئامارە ڕاستی تێدا نییە .

ئەم وێنایە بە تایبەت لە ئەنفالی 4 دوبارە بونەوە ، ڕێگە لە جەماوەر گیرا خۆیان دەرباز بکەن ، کاتێکیش کە هێرش کرایە سەر ناوچەکان ، پێشمەرگە زۆربەی زۆریان هەڵاتن ، لە ئەنجامدا هەزاران کەس بوونە قوربانی ، لە حاویەی تولکی پێشتر پێشمەرگەکانی تیپی 21ی کەرکوك



ڕێگەی دەربازبونیان لە جەماوەر گرتبوو ، ڕۆژی 4–5 کاتێك خۆیان بە کەڵەك دەپەڕنەوە ، لە دوای خۆیان کەڵەکەکە بە ئاوا دەدەن ، ڕژێم ڕۆژی پێشتر ئاوەکەی بەردابوەوە تا پەیوەندی ئەمبەر و ئەوبەر نەهێڵێت ، بۆیە خەڵکەکە نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن ، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان چەندین هەفتە لە کونە فیرارەکانی بان ساڵەیی ، بەبێ نان و ئاو ژیان بەسەر دەبەن ، ژمارەیەکی زۆریشیان دەگرترێن ، نموونەی لەم چەشنە لە شێخ بزێنی سەر و قەڵاسێوکەو شوان و دەشتی کۆیە زۆرە .

ڕێزدار مەلا شاخی وەك شایەد حاڵێك کە بۆخۆشی بەرپرسێکی مام ناوەندی ینك بووە لەو ڕۆژانەدا ، بەم شێوەیەی خوارەوە باسی ڕێگرتن لە جەماوەر لە سنووری ناوچەکەیان دەکات : *سەرلەبەیانی ڕۆژی 3–5–1988 لە سەر داوای (مامۆستا باپیر) لە بینایەی قوتابخانەکەی گوندی (پەڵکانە) لە ماڵی (وەستا سابیر) کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا ، بە مەبەستی شیکردنەوەی بارودۆخ ومەسەلەی خۆسازدان و بەرنامە داڕشتن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراو بۆ سەر سنورەکەمان .*

*لەو کۆبونەوەیەدا ... ڕەخنەی ئەوە لە بەندە گیرا ... چۆن سەربەخۆ مۆڵەتی هەندێ خێزانم داوە کە کۆچ بکەن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم !؟ منیش لە وەڵامدا گووتم:*



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

*(بەڵێ پسوولەم بۆ چەندین خێزان کردووە , ئێستاش پەشیمان نیم , هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم ڕێگا لەکەس بگرین , پێم باشە لەم کۆبونەوەیەدا بڕیار بدرێ ... هەڤاڵان بەسەر ناوچەکەدا دابەشبین , داوا بکەین هەرکێ دەستی چەك دەگرێ , ئامادەی بەرگری هەیە ,با پەیوەست بێ بە هێزی پێشمەرگەوە , کێش ناتوانێ با لەگەڵ ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەکاندا بە خۆبکەون و خۆیان ڕزگار بکەن ..84 .*

لە بەرامبەردا لە بەر ئەوەی لە ئەنفالی 1 بەشێوەی ڕێك و پێك بڕیاری پاشە کشێدرا , دەبینین تەنها 2 کەس ئەنفالکران , ئەوانیش یەکیان نەخۆشی دەروونی هەبوو , لە ناوچەکانی مەلەکان و خۆشناوەتیش بەهەمان شێوە .

ڕاستە بەعس سستەمێکی فاشی بوو , هەوڵی ئەوەی دەدا زۆرترین ژمارەی کورد لە بیابانەکانی عەرعەر دەرخواردی سەگ و داڵەکان بدات و , جوانترین کچەکانی ڕەوانەی وڵاتانی کەنداوو میسر بکات , بەڵام تاکتیکی ژیرانە لەو سەروبەندەدا , دەیتوانی ژمارەی قوربانییان کەم بکاتەوە و کەمترین نێچیر بداتە دەستەوە , بەم هۆیەوە دەبینیین زۆرترین ژمارەی قوربانیان خەڵکی ئەو دەڤەرانەن کە فەرماندە سەربازی و سیاسییەکانی هێزی پێشمەرگە , ڕێگرییان لەبەردەم خۆ دەربازکردنی دانیشتووان دروستکردبوو ( بە داخەوە ناوچەی بادینان



قوربانی زۆری دا بەڵام زانیاریمان لە بارەی چۆنییەتییەوە نییە , هیوادارم دەستمان پێی بگات , ئەمە کەماسییە ) , ئێستاش کەس بۆی نییە پەنجە بۆ هەڵەی ئەو فەرماندانە درێژ بکات , کە بەهۆی نەزانی ئەوانەوە دەیان هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی .

زۆر پارتی سیاسی گەورەو زەبلاح لە سەروبەندی ئەنفالەکان لە ناکاو لە گۆڕەپانی کوردستان ون بوون , دەتووت ئەوانە نیین ڕۆژانی پێشتر خۆیان بەسەر خەڵکدا با دەداو سیباقی هێنانی پاسداریان دەکرد , هەر ئەنفال ڕویدا تێیان قوچان و تاکو ڕاپەڕین کەس نەیانی دۆزییەوە :

*جگە لە ینك و حشع کەسی تر باوەڕی بە بەرگری نەبوو 85 .*

لە نێوان هەموو قۆناغەکانی ئەنفالەکاندا , ڕژێم سووکە پشویەکی بە هێزەکانی دەدا , تاکو یەکەکانی سەربازی خۆی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیی دیکە بگوازێتەوە بۆ ئەنجامدان و ڕاپەڕاندنی عەمەلیاتەکانی داهاتوو , بۆیە دەکرا خۆ ئامادە بکرایا بۆ بەرەو ڕوبوونەوەی پێشهاتەکان و بە کەمترین زیان دەربچونایا , سەرباری ئەوەی لە هەموو قۆناغەکانی ئەنفال جاشەکان هواڵی هێرشەکانیان بۆ ناسیاو و کەس و کاری خۆیان دەنارد تاکو خۆیان ڕزگار بکەن , کەچی بەرپرسانی ناوچەکان نایانهێشت جەماوەر ناوچەکانیان چۆڵ بکەن , دواجار کە هێرشەکان کران نەك سەنگەر نەگیرا بۆ داکۆکی لەو خەڵکە نەکرا کە وەك دیل مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و لەماڵەکانیان زیندانی کران , کەچی دەبینین پێشمەرگە ناوچەکانیان چۆڵ دەکەن و بەجێی دەهێڵن و



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!

هەڵدێن ، هەندێکیشیان بوونە چاوساغی ڕژێم و خەڵکیان لە کون و کەندی ناوچەکانیان دەردەهێناو تەسلیم بە ڕژێمیان دەکردەوە .

بۆیە وەك دەبینین و بە وردی ئاماژەمان پێیدا ژمارەی قوربانیان لە هەر ناوچەیەك ، پەیوەستە بە مامەڵەی بەرپرسان لەگەڵ جەماوەری ناوچەکە لە ڕێگەگرتن یان ڕێگەدان بە خۆدەربازکردنی هاووڵاتیانی دەڤەرەکە و پێکهاتەی جوگرافیای ناوچەکە .

**کۆتایی**



نووسینەوەی یاداشتنامەی بەرپرسانی سەربازی و سیاسی ئەوکات ، دەرگایەکی گرنگ دەکاتە سەر پشت بۆ بە مێژووکردنی ئەوکارەساتانە و ڕزگارکردنی باسکردنی ئەنفال لە بە چەند دێڕێکی شەرمەون و ترسنۆك ، سەردەمی باوەشێنکردن و ماستاو ساردکردنەوە تێپەڕی ، ئەنجامەکەشی ئەزموونێکی گرنگە بۆ ناسینی دوژمنەکان و چۆنییەتی مامەڵە کردن لە گەڵیان ، دەرخستنی ڕاستییەکانی کاری بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ئەوکاتە ، بە تایبەت ئەوانەی خۆیان بە دورگرت لە پیس بوونەکانی دوای ڕاپەڕین ، خۆیان بە دوور گرت لە گەڕی گولییەکانی فایل و گەندەڵی ، بۆیە چاوەڕوانی دەرخستنی ڕاستییەکانیین لێیانەوە ، بۆیەشە هێقەیان پێدەگرین و داوای ڕاستییەکانیان لێ دەکەین ، تاکو بە ئامانەتەوە بیگەیەنن بە نەوەکانی داهاتوو ، بە مێژوو ، بە گەل ، داخوازم تەواوی شایەدحاڵەکانی ئەو کات چیرۆکەکانی دڵی خۆیان بە ئامانەتەوە بگەیەنن بە نەوەکانی داهاتوو ، بە مێژوو ، بە گەل ، تەنها ئەوەیە دەیانگەیەنێتە ناو لاپەڕەکانی مێژوو .

**تێبینی : ئەم بابەتە بە کەمێك دەستکارییەوە پێشتر لە 6 ژمارەی ڕۆژنامەی هەواڵ بڵاو کراوەتەوە .**

## سەرچاوەکان :



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

* لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان چەندین وشەو نیوە ڕستەم وەرگرتووە .

1- (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن , لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل321 , نەوشیروان مستەفا )).

2- (( پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن , لە دیوی ناوەوەی ڕوداوەکانی کوردستانی عێراق 1979-1983 ل322 , نەوشیروان مستەفا )) .

3- (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,ەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل107-108 ) .

4- (( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل53 )) .

5-(( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل53 )) .

6- ئەنفال و پەرتووکی قەندیل بەغدای هەژاند- ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد" )) .

7- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل1107-111 )) .

8- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد , وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل54 ) .

9-(خولانەوە لەناو بازنەدا –ل107)) .



10- خولانەوە لەناو بازنەدا ل108) .

11-(بیرەوەرییەکانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم–ل 190).

12- ئـەنفال و پەرتووکی قەنـدیل بەغدای هەژاند- ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد ..) .

13- ئـەنفال و پەرتووکی قەنـدیل بەغدای هەژاند- ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد)) .

14- خولانەوە لەناو بازنەدا-نەوشیروان مستەفا- ل111.

15-( خولانەوە لەناو بازنەدا – ل109) .

16- ئـەنفال و پەرتووکی قەنـدیل بەغدای هەژاند- ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد) .

17- خولانەوە لەناو بازنەدا- نەوشیروان مستەفا - ل147-148 ".

18- سـەردەم ژمـارە 9 , بەرپرسـیارییەتی نووسەر ل53 - ژان پۆل سارتەر ,بڵاوکراوەی سەردەم " .

19-(کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل79) .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

20– ( كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988– شەوكەت حاجی مشیر ل80).
21–(بیرەوەرییەكانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم–ل 234–233 ) .
22– (ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل 96–97).
23– ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم –ل105) .
24– (كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988– شەوكەت حاجی مشیر ل96) .
25–– جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك–ل207 ) .
26–((جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك–ل207)) .
27–(( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل207 )) .
28– جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك ل 207 .
29–((خولانەوە لەناو بازنەدا – نەوشیروان مستەفا ل146 )) .
30–(( خولانەوە لەناو بازنەدا – نەوشیروان مستەفا ل146–147)) .
31–(( جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك - ل 206 )) .
32–((..... ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل115) .
33–( ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل122).
34–– ئەنفال و پەرتووكی قەندیل بەغدای هەژاند– ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996– عەلی مەحمود محەمەد) .
35– ((..... ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم– ل108).
36– ((..... ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل 115) .
37–(كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988– شەوكەت حاجی مشیر ل 144) .
38–(كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988– شەوكەت حاجی مشیر ل 146) .
39– (هەڵەبجەی شەهید – سیروان كاوسی , ئەنتەرنێت ماڵپەڕی بروسكە ) .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

40-(هەڵەبجەی شەهید – سیروان کاوسی , ئەنتەرنێت ماڵپەڕی بروسکە ).

41-( ئەو هێزانەی هەڵەبجەیان کرد بە کەربەلا – ئاسۆ بیارەیی – 15-3-2005 سوید ) .

42-((هـەڵەبجـە لـە چاىخانـەىەکـدا: زىنـدووەکـانىش وەخـتە لەنێو کـەلاوەى ىادەوەر یىەتاڵەکـاندا بمرن http://kurdistan4news.com/main.php?subaction=showfull&id=1142491143&archive )).

43-( ئەو هێزانەی هەڵەبجەیان کرد بە کەربەلا – ئاسۆ بیارەیی – 15-3-2005 سوید ) .

44- د. فاىەق گـوڵپى لەدىدارێکى کوردستان ئۆنلاىندا:
http://www.kurdistanonline.net/index.php?subaction=showfull&id=1143142192&archive=&start_from=&ucat=1&

45- ((..... ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سیٚ یەم-ل109).

46-(کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل99-100) .

47-(کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 168 ) .

48-(هەڵەبجەی شەهید – سیروان کاوسی , ئەنتەرنێت ماڵپەڕی بروسکە ).



49- ( ئەو هێزانەی هەڵەبجەیان کرد بە کەربەلا – ئاسۆ بیارەیی – 15-3-2005 سوید ) .

50- ( ئەو هێزانەی هەڵەبجەیان کرد بە کەربەلا – ئاسۆ بیارەیی – 15-3-2005 سوید ) .

51-( خولانەوە .... ل 147).

52-( کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل200) .

53- (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 201 ) .

54- (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 203 ) .

55- ( کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 204) .

56- (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل 204-205 ) .

57- (کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل205 ) .

58-(کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوکەت حاجی مشیر ل205 ) .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

59- ((كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوكەت حاجی مشیر ل106).

60-((كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوكەت حاجی مشیر ل 106 ) .

61- (كارەساتی كیمیابارانی هەڵەبجە بەهاری 1988- شەوكەت حاجی مشیر ل105 ) .

62-( ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم – ل117-118).

63- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك – ل171 .

64-٧ ( ئەو هێزانەی هەڵەبجەیان كرد بە كەربەلا – ئاسۆ بیارەیی – 15-3-2005 سوید ) .

65-( ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – محمد حاجی محمود – بەشی سێ یەم –ل69-70).

66-( خولانەوە لەناو بازنەدا– ل103) .

67- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك – ل137)) .

68-(بیرەوەرییەكانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم–ل 201) .



69- ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو , بەشی یەکەم , سابیر کۆکۆیی 2001 ,ل211) .

70- ناڵەی پێشمەرگەیەک بۆ مێژوو , بەشی یەکەم , سابیر کۆکۆیی 2001 ,ل211) .

71- (بیرەوەرییەكانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم– ل 230 ) .

72- ئەنفال و پەرتووكی قەندیل بەغدای هەژاند– ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد .

73– ژیانی نوێ_ ڕۆژنامە _20_4_2006 , د.ئەندریا فیشەر تاهیر _ ژمارە 1) .

74- ژیانی نوێ_ ڕۆژنامە , ژمارە1 _20_4_2006 , د.ئەندریا فیشەر تاهیر ) .

75- جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك –ل 173) .

76– جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر كورد ,وەرگێڕانی سیامەند موفتی زادە , چاپخانەی خاك– ل 115 .

77– قەڵەمەكانتان هەرزانتر فرۆشت وەك لە ئازادی ,سالار ڕەشید– ل 15 .



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

**78- نالــەی پێــشمەرگەیەک بــۆ مــێژوو , بەشی یەکەم , سابیر کۆکۆیی 2001 ل 218)**

**79- ئـەنفال و پەرتووکی قەنـدیل بەغدای هەژاند- ڕۆژنامەی ڕزگاری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ژمارە 31 ئایاری 1996- عەلی مەحمود محەمەد) .**

**80-( بیرەوەرییەکانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم- ل241-242) .**

**81-(بیرەوەرییەکانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم-ل 244) .**

**82-(( بـنەماڵەی قوربانیانـی ئـەنفال چیرۆکە تاڵەکانیان دەگێڕنەوە- پێشمەرگە نەیـەڵا کـەس ڕابکا –ئاوێنە جەزا محەمەد – ژمارە 14 بەرواری 11-4-2006 )).**

**83-(ناڵـەی پێشمەرگەیەك بـۆ مێژوو , بەشی یەکەم , سابیر کۆکۆیی 2001 ,ل285_ کورتکراوە ).**

**84- ئەنفالی خاڵخالان – مەلا شاخی-2001-ل111. ).**

**85- (بیرەوەرییەکانی سەنگاوی – مەحمود سەنگاوی –چاپی دووەم- ل244)**

## تێکستی تەواوی بڕیاری س . ف/٤٠٠٨ لە بەرواری ٦/ ١٩٨٧



**فەرماندەی بیرۆی باکوڕ**

**سکرتاریەت**

**بەروار ١٩٨٧/٦/٢٠**

ژمارە ٢٠٠٨/٢٨

دەستنوس ش : ٣٨١٠

لە فەرماندەی بیرۆی باکوڕەوە

بۆ : فەرماندەی فەیلەقی یەک ، فەرماندەی فەیلەقی دوو ، فەرماندەی فەیلەقی پێنج .

١٢٥٣٣

١٩٨٧/ ٦/ ٢٣

بابەت : مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گوندانەی کە لەبەر هۆی ئەمنی قەدەغەکراون .

بەهۆی ئەو ڕاستیەی کەوا دوا مۆڵەتی بڵاوکراوەی ڕەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەم گوندانەی لە١٩٨٧/٦/٢١ دا تەواو دەبێ ، بڕیارمان دا کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە ١٩٨٧/٦/٢٢ وە جێبەجێ بکەین :

١ ـ هەمو ئەو گوندانەی کە تێکدەرەکان ـ بەکرێگیراوەکانی ئێران (ینک) . ئەوەی خیانەتکاری(پدک) و خیانەتکارەکانی تری لەو شێوەیە بۆ عێراق ـ هێشتا تیایاندان ، لەبەر هۆی ئەمنی بە قەدەغەکراو دادەنرێن .

٢ ـ بونی مرۆڤ وئاژەڵ بە تەواوی لەم ناوچانەدا قەدەغەیە .وە ئەمانە بەناوچەی ئۆپراسیۆن دادەنرێن . هێزەکانیش دەتوانن بەئارەزوی خۆیان و بەبێ هیچ ڕێگریەک تەقە بکەن ، ئەگەر بارەگاکەمان هیچ ئامۆژگاری تری نەدابێت .

٣ ـ چوون وهاتن بۆ ئەم ناوچانە ، وە هەروەها هەموو چالاکیەکی



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

کشتوکاڵی ، ئاژەڵداری و پیشەسازی قەدەغە دەبێت و دەزگا پسپۆڕیەکانیش لەسنوری دەستەڵاتی تایبەتیاندا ، چاودێریان دەکەن .

٤ ـ فەرماندەی فەیلەقەکان ، بۆمبارانی گۆترەی ئەوناوچانە دەکەن ، بەبەکارهێنانی تۆپ و کۆپتەرو فڕۆکە لە هەموو کاتەکانی شەو ورۆژدا،بۆئەوەی زۆرترین ژمارەی ئەوکەسانەی کەلەناوچە قەدەغەکراوەکاندا هەنبکوژن ، وە ئێمەش لەئەنجامەکانی ئاگادار بکەنەوە .

٥ ـ هەموو ئەوکەسانەی لەو گوندانەدا دەستگیر دەکرێن ، بەهۆی بونیان لەو شوێنانەدا دەگیرێن ، وەلەلایەن دەزگاکانی ئەمنەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت ، وە ئەوانەیش کە تەمەنیان لە نیوان ١٥ ـ٧٠ساڵیدایە ، پێویستە پاش ئەوەی کە زانیاری بەکەڵکیان لێ وەردەگیرێت ئیعدام بکرێن ؛ ئاگادارمان بکەنەوە .

٦ ـ ئەو کەسانەی کە تەسلیم بە حکومەت یان دەستەڵاتدارەکانی حزبی بەعس دەبنەوە . لەلایەن دەزگاپسپۆڕیەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت بۆ ماوەیەک ئەوپەڕی ٣ ڕۆژ وە لەوانەشە ئەگەر پێویست بێت بۆ ١٠ ڕۆژ درێژبکرێتەوە ، بەمەرجێک کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ئاگادارمان بکەنەوە . ئەگەر لێکۆڵینەوەکە کاتێکی زۆری پێویست بو ، ئەوا پێویستە ڕەزامەندی ئێمە بە تەلەفون ، بروسکە ،یان لەڕێگای هەڤاڵ تاهیرالعانی وە وەربگیرێت .

٧ ـ هەموو ئەو تفاقانەی کە موستەشارەکان ، یان جەنگاوەرەکانی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی بەهی خۆیان دادەنرێن . تەنها چەکی قورس ، دامەزراو ، وەناوەنجی نەبێت ، دەتوانن چەکە سوکەکان بۆ خۆیان هەڵبگرن ، بەڵام تەنها لە ژمارەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە ، پێویستە فەرماندەی بەتالیۆنەکان بە پەلە ئەم مەسەلەیە لە موستەشارو فەرماندەی لیواو سریەکان بگەینن ، وە پێویستە زانیاری



تەواومان دەربارەی چالاکیەکانیان لەناو فەوجەکانی بەرگری نیشتمانیدا بدانێ .

ئیمزا / عەلی حسن المجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی ، سکرتێری باکور *

((عێراق و تاوانی جینۆساید – وەرگێڕانی جەمال میرزا عەزیز ل79–80–81 )) .

فاجعة حلبجة - ملحق مجلة النفیر - باکستان 1988 - ملا کریکار

**ئەم نامەیە مێژووی پاش کارەساتەکەی لەسەر نووسراوە .**



pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click “print”, select the “Broadgun pdfMachine printer” and that’s it! Get yours now!

وثيقة رقم (٧)

بسم الله الرحمن الرحيم
سنندج
٢٤ / رجب . ٢١ / ٣ / ١٩٨٨

الاخ العزيز الشيخ علي ..تحياتي ودعواتي لجميع الاخوة المجاهدين خصوصاً أخي الشيخ أحمد .بالنسبة للمشاركة في الهجوم على حلبجة ، كتبت لكم امس . بهذا الخصوص وها انا اكتب لكم مرة اخرى واقول : لاتتقدموا على هذا العمل ولا تشاركوا فيه ، وانا اتحمل مسؤولية عدم المشاركة فيه عند الايرانيين وعند الاخرين ، وقل لبقية الاخوة بان المشاركة فيه آثارها غير طيبة ، ولها عواقب غير محمودة ، نعم السيطرة على حلبجة سهلة جداً ولكنكم تعرفون كيف حزب البعث الكافر ، وكم هو حاقد على حلبجة ولا نشك بانه سيضربها بكافة انواع الاسلحة ويدمرها ، نحن كنا نحاول باستمرار مع ايران للحفاظ على حلبجة من القصف المدفعي . لان حلبجة والمناطق المحيطة بها هي مركز قوتنا ، فاذا دمرت فماذا يكون دورنا اذاً ؟.

وبالاضافة الى هذه الرسالة سيتحدث اليكم الشيخ عبد اللطيف ويبلغكم باننا لن نشارك في هذا الهجوم باي شكل من الاشكال .

واكرر مرة اخرى باننا يجب ان لا نشارك فيه وانني اتحمل كل مسؤوليات عدم المشاركة ..
استودعكم الله والسلام عليكم

اخوكم
عثمان عبدالعزيز



واهلها .

و سنحت الفرصة لليلة الا ربعاء ١٦ . ٣ . ١٩٨٨ ( وبالدقة في الساعة ٧٣ ، ٢٠ دقيقة مساء ) بدأ هجوم القوات الايرانية ومعها قوات المعارضة العراقية من محاور ثلاثة : مريوان ، پاوه ، جنوب دربنديخان .

ووصل المسلحون مدينة خورمال ثم هاجموا طريق حلبجة - سيد صادق و دمروا جسر ( دجيلة ) الذي يربط حلبجة بالسليمانية ، فقطعوا طريق انسحاب البعثيين ومواليهم من حلبجة .. ثم اقتحموا المدينة التي لم يجدوا فيها مقاومة تذكر ، ولم يكن معهم يومها مجاهدو الحركة الاسلامية لانهم لم يؤيدوا ( تحرير ) المدينة اصلاً كما ورد ذلك في رسالة الشيخ عثمان بن عبدالعزيز المرشد العام للحركة . انظر وثيقة رقم ( ٧ ) .وكما ذكر ذلك الشيخ علي بن عبدالعزيز الذي كان يشغل يومها مهام مسؤولية المكتب العسكري للحركة الاسلامية ( انظر الرسالة في ص ١٣ ) و دخلت قوات الحركة فيما بعد استجابة لطلب المواطنين و حماية لامن السكان و منعا للسلب والنهب .

و ( تحررت ) المدينة .. و تم اسر الجيش بما فيه ( علي حسين عبيد امرلواء ٤٣ مشاة الذي قاد حملة الشرسة على المواطنين منذ انتفاضة رمضان ١٤٠٧م) و كذلك تم اسرالجحوش ( مليشيا ) الموالية للنظام . وسكتت المدافع وانتهى دوي المتفجرات .

ثم خرجت القوات الايرانية من المدينة... وسادالهدوء النسبي .

وبدأ بعض الناس يزاولون اعمالهم اليومية كما كانوا .. ولكن بحذر شديد .

ووقعت الكارثة :

بما ان الاكراد لهم تجارب طويلة و مريرة مع البعث المجرم علموا أنه لابد وان الدولة ستضرب المدينة ( بحجة ردالعدوان الايراني ) ولكن الناس ظنوا انها ستضرب المدينة بصواريخ او مدافع أو طائرات كما كانت المرات السابقة ( ٢٨ . ٤ . ١٩٧٤ ، و ١٢ . ٥ . ١٩٨٧ ) وظن بعض الناس انها ستضرب المدينة بصواريخ ( ارض - ارض ) كما هي الحال مع المدن الايرانية .. لذا حاول كثيرون منهم الخروج من المدينة ولكن بعض الذين ساهموا في اقتحام المدينة منعوا الناس من الخروج و اعادوهم الى احيائهم وبيوتهم ليتترس بهم المقاتلون حيث ظنوا هم ايضا ان صداما لن يضرب المدينة و فيها المواطنون الابرياء .. ولكن خاب ظنهم وساء ماكانوا يعملون ..

واذا في الساعة العاشرة واربعين دقيقة صباح ١٦ . ٣ . ١٩٨٨ وصلت طائرات





pdfMachine
A pdf writer that produces quality PDF files with ease!
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!



BIGGEST CAUSES OF GENOCIDE IN THE 20TH CENTURY

| COUNTRY | DEAD | REASON & DATE |
|---|---|---|
| China | 30,000,000 | Rape of Nanking (1937), Mao's "Great Leap Forward" (1958–61), "Cultural Revolution", 1966–69 |
| USSR | 20,000,000 | Stalin's foreign and domestic policies, 1920–50s |
| Germany | 11,400,000 | Nazi extermination of "undesirables", 1930–40s (top right) |
| Japan | 10,000,000 | Sino-Japanese War, 1930–40s (centre right) |
| Pakistan | 3,010,000 | Persecution of Bengali people, 1970s |
| Sudan | 2,850,000 | State-sanctioned mass murders, 1990s |
| Nigeria | 2,000,000 | Persecution of the Ogoni people, 1990s |
| Afghanistan | 1,800,000 | Soviet invasion of Afghanistan, 1970–80s |
| Cambodia | 1,700,000 | Civilians murdered by Khmer Rouge, 1970s |
| Indonesia | 1,200,000 | Mass murder of East Timorese civilians, 1970–90s |
| Rwanda | 1,020,000 | Ethnic cleansing of Tutsi minority, 1990s (below) |

*Source: Barbara Harff, Strassler Family Center for Holocaust and Genocide Studies*

★ NEW RECORD
★ UPDATED RECORD

**X-REF**

*Do you know when the first atomic bomb was used in battle? And what the greatest death toll from an atomic raid was? You'll find the answers on p.202.*

**★OLDEST FIGHTER PILOT**
Uri Gil (Israel, b. 9 April 1943), a brigadier general in the Israeli Air Force, was an active fighter pilot from 1964 until his last flight in an F-16 jet on 20 June 2003 at the age of 60 years 72 days.

**MOST PRODUCED WORLD WAR II FIGHTER**
More than 36,000 Ilyushin Il-2 "Sturmovik" ground-attack aircraft are said to have been produced in Russia before, during and immediately after World War II, making this one of the most numerous combat aircraft of all time. The fighter's heavy armour and solid build earned it the nickname "flying tank".

**MARINE WARFARE**

**FIRST NUCLEAR SUBMARINE**
The world's first nuclear-powered submarine was USS *Nautilus*, launched at Groton, Connecticut, USA, on 21 January 1954. Built by General Dynamics Electric Boat, *Nautilus* was 98.7 m (324 ft) long with a beam of 26.8 m (88 ft).

**★FASTEST SHIP-BUILDING**
Complete ships of over 10,000 tonnes (22 million lb) deadweight were built in record time at Kaiser's Yard, Portland, Oregon, USA, during the World War II Liberty ship-building programme. In 1942, No. 440, named *Robert E Peary*, had her keel laid on 8 November, was launched on 12 November and was operational after 4 days 15 hr 30 min on 15 November.

**LARGEST STEALTH SHIP**
The Swedish Visby-class corvette is approximately 72 m (236 ft) long and has a displacement of 600 tonnes (1.32 million lb). Developed by the Kockums shipyard, the carbon fibre vessel is far lighter than a conventional ship of its size and features the large flat surfaces commonly used in aircraft to provide low radar visibility.

**WORST DEATH TOLL FROM A SINGLE SHIP DISASTER**
A total of 7,700 people died when the German liner *Wilhelm Gustloff* (25,893 tonnes; 57 million lb) was torpedoed off Danzig by a Soviet S-13 submarine on 30 January 1945.

**★ LARGEST NAVY**
The United States Navy is the world's largest in terms of manpower. In early 2006 there were 356,283 uniformed personnel on active duty, supported by 175,581 civilian employees.
The **navy with the largest number of ships** is also the United States Navy, which, in early 2006, had 281 deployable battle-force ships (including submarines) on active duty.

**LARGEST DEATH TOLL FROM A CHEMICAL-WEAPONS ATTACK**
An estimated 4,000 people died in the worst single chemical-weapons attack. The victims perished when President Saddam Hussein of Iraq attacked members of his country's Kurdish minority at Halabja, Iraq, in March 1988. The attack was ostensibly punishment for the support the Kurds had given to Iran in the Iran–Iraq War of 1980–88.

هەڵەبجە لە پەرتووکی گینسی 2007



**pdfMachine**
**A pdf writer that produces quality PDF files with ease!**
Produce quality PDF files in seconds and preserve the integrity of your original documents. Compatible across nearly all Windows platforms, simply open the document you want to convert, click "print", select the "Broadgun pdfMachine printer" and that's it! Get yours now!